
رۆمان

ئەلیف شەفەق

# گوڵی ساردۆنیا

ئەو کچەی ڕقی لە ناوی خۆی بوو!



وەرگێڕانی:
سامان مامڵێسی

Scanned with CamScanner

**238** posts | **19.2k** followers | **7** following

Promote | Edit Profile

**پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚**

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و بڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_

# Ktebi_PDF



ئومێدسازان

Hopemakers

صناع الأمل

Scanned with CamScanner



ئەلیف شەفەق

# گوڵی ساردۆنیا

ئەو کچەی ڕقی لە ناوی خۆی بوو!

وەرگێڕانی: سامان مامڵێسی

Scanned with CamScanner

هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional - Iraq
Council of ministers

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان
کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن

زمارە :
رۆژ: / /کوردی ٢٧١٩

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
المكتبة العامة/ السليمانية
ژمارە ٢٢٧٦
بەروار ٢٨/ ١/ ٢٠١٩

رۆیشتوو

بۆ/ناوەندی رۆشنبیریی ئەدیبان
بابەت / ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی( ٣٦٥١ ) ی ساڵی ٢٠١٩ تەرخانکراوە بۆ کتێبی (ئەو کچەی رقی لە ناوی خۆی بوو) کە لە نووسینی (ئەلیف شەفەق)ە، ولە وەرگێڕانی ( سامان محەمەد مامڵێسی)بە تیراژی ( ١٠٠٠ ) دانە ، کە بابەتەکەی (ڕۆمان)ە، بە مەرجێك (٥) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن رەوانە بکرێت.

لەگەڵ رێزماندا

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن
ژمارە / رۆژ / / ٢٠

ئالان محمد رؤوف
بەڕێوەبەر

تێبینی:

١- دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لەسەر کتێبەکە چاپ بکرێت، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە.
٢- هەر چاپخانەیەك پابەند نەبێ بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە، ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.
٣- ئەم نووسراوە سکان بکرێت ولە دوا لاپەڕەی کتێبەکەدا دابنرێت .

وێنەیەك بۆ/
- دوسیەی سپاردن

slemanylibrary@yahoo.com
www.slemanylibrary.com
ژمارەی تەلەفۆن/ ٣٢٠٢٧١٦

Scanned with CamScanner

ADIBAN

**ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان**

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد

**ناونیشان:** سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا،فولکەی گۆزەکان، نزیک ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوران.
**پەیوەندی:** 07701974656 - 07501590032 - 07731974646 - 07501696369.

**Email:** bookadiban@gmail.com
**Facebook:** https://www.facebook.com/eadiban/

## ناسنامەی کتێب

ناونیشان: ئەوکچەی ڕقی لە ناوەکەی خۆی بوو (گوڵی ساردۆنیا).

نووسەر: ئەلیف شەفەق.

وەرگێڕانی: سامان مالیسی.

بابەت: ئەدەبیاتی تووركی— سەدەی **21**م.

هەڵەبڕی: باخان ئەحمەد.

دیزاین: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

ساڵی چاپ: **2020**میلادی.

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم.

تیراژ: **1000** دانەی لێ چاپکراوە.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (**2651**) ساڵی (**2019**) پێ دراوە، ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە،
مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

Scanned with CamScanner

## پێشەکیی وەرگێڕ

سڵاو لە خوێنەرانی دەلال.

فەرموون لە باغی دڵڕفێن و گوڵزاری نەوبەهاری "ئەلیف شەفەق"دا، گوڵێکی نەوشکۆفە بۆن بکەن.

گوڵێک بە هزر و دانایی خانمێکی ئەستەنبوڵەوە نێژرابێ، بە کانیاوی وشەکانی کوردەواری ئاو درابێ، بۆنی نابێ؟

لالەزاری گوڵعوزاری خرت و ناسک، پەیڤەکانی تیشکهێنەری ڕەوت ئاسک، خەیاڵی داهێنەرانە، هۆنینەوەی شاعیرانە. وەکی بولبول، لەملا گوڵێ، لەولا چڵێ، چریکەی دێ. وەکی شیرناو، لەملا قومێ، لەولا فڕێ، وا خڕەی دێ. پەندەکانی دەکەن تاسک، هزرهەژێن، بەهێزکەری قوڵ و باسک.

تریاکێکە بۆ کۆڵنەدان، ڕێبەرێکە لە بۆ تاودان. خێزان، باوک، دایک، باپیر، هەمیش نەنکێ، بۆ گفتوگۆ، هێور و ئارام، وا ڕێز دەتکێ.

فەرموو وەرن بۆ ژێر ساباتێ، چ ساباتێ، مامۆستا و فێرخوازەکانی، قوتابخانە و تەختەڕەشی، دەرس و دەوری، پڕ لە ورە و بەردەوامی.

ئەم "ئەلیف شەفەقە"؛ هەم ڕۆماننووس، هەمیش چالاکوانێکی تورکییە، چەند ڕۆمانێکی دیکەی بڵاو کردووەتەوە، لەوانەیش: (چل ڕێساکەی عیشق، شەرەف، منداڵە فرێدراوەکەی ئەستەنبوڵ، کۆشکی حەڵوا، گەنجە بێباوکەکە و مامۆستاکە، شیری ڕەش، سێ کچەکەی حەوا).

سامان مامڵێسی / هەولێر / ٢٠٢٠




گێڕانەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کەسێک دێتە لای ئیمامی عومەری کوڕی خەتتابی خەلیفەی دووەمی موسوڵمانان و سکاڵا لە کوڕەکەی دەکات کە لەگەڵی خراپە، خەلیفەش بانگی کوڕەکەی دەکات و لێی دەپرسێ کە بۆچی لەگەڵ باوکی خراپە؟! کوڕەکە دەڵێت: ئایا منداڵ حەقی لەسەر دایک و باوک نییە؟ ئیمامی عومەریش دەڵێت: بەڵێ. دەڵێ ئەو حەقانە چین؟ ئەویش دەڵێ: هەڵبژاردنی دایکێکی باش بۆ منداڵەکانی، دانانی ناوێکی خۆش و فێرکردنی خوێندەواری و.. کوڕەکە دەڵێت: ئێ باوکم هیچ لەو شتانەی بۆ نەکردووم...

بەپێی ئەم گێڕانەوەیە و گەلێ بڕیارنامە و ڕێککەوتننامەی دیکەی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵ، منداڵ بەرلەوەی لەدایک بێت، مافی بەسەر باوک و دایکییەوە هەیە، تا گەورەش دەبێ چەندین مافی دیکەی دەبێت و دەبێ دایک و باوک لە ئەستۆی بگرن. یەکێک لەو مافانە کە ڕاستەوخۆ دوای لەدایکبوونی هەیەتی، مافی دیاریکردنی ناوێکی خۆشە بۆ منداڵەکە. ئەو کەسەی هاتبووە لای ئیمامی عومەر، ناوی لە کوڕەکەی نابوو (جعران-قالۆچە) بۆیە ئیمامی عومەر سەرکۆنەی باوکەکەی کرد و لێپرسینەوەی لەگەڵ کوڕەکە نەکرد کە لەگەڵ باوکی خراپ بوو.

لە ڕۆمانی (گوڵی ساردۆنیا)*ی خانمە نووسەری ناوداری تورک (ئەلیف شەفەق)دا، ناو بووەتە کێشەیەکی گەورە بۆ منداڵەکە، ئەگەرچی (ساردۆنیا) ناوێکی ناخۆش نییە و ناوی گوڵێکیشە، بەڵام لەبەرئەوەی دەوروبەری بەهۆی ئەم ناوەوە گاڵتەی پێ دەکەن، بۆیە لای ساردۆنیا، ناوەکەی بووەتە گرێیەکی دەروونی، ئەوەی کێشەکەی زۆر گەورەتر کردووە ئەوەیە کە دایک و باوکی زۆر گوێ لە ساردۆنیا ناگرن، بە تایبەتیش دایکی.

کاتێک ساردۆنیا داوا لە دایک و باوکی دەکات بەوە ڕازی بن ناوەکەی بگۆڕێت، ئەوان نە بە داواکەی ڕازی دەبن بۆ گۆڕینی ناوەکەی و نە بە جۆرێکیش وەڵامی دەدەنەوە کە باوەڕی پێ بێنن ناوەکەی خۆشە و کێشەی نییە.

هەرچەندە ئەو تاقانەیە و دەبێ نازی زیاتری پێ بدرێت، بەڵام دایکی هەمیشە بە کورتی وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە

و له کۆتـــایی وەڵامەکانیشــدا دەڵێــت: "خـــاڵی کۆتـــایی..". ســاردۆنیاش لەوە تێگەیشـتووە کە هەر کاتێـک دایکی گـوتی: خاڵی کۆتـایی". مانـای ئەوەیە نـابێ چیتـر پرسـیار بکـات، یـان درێــژە بە بــابەتەکە بــدات. خــوێنەر لە میــانی ئەم قســـە و پرسیارانە زۆر جـار هەسـت بەوە دەکـات کە گفتوگۆکە تەواو نەبووە، یـان وەکـو سـاردۆنیا، خـوێنەریش پرسـیاری زیـاتری هەیە، بەڵام دایکـی دەڵێـت "خـاڵی کۆتـایی" و ئەمەش دۆخێکـی دەروونی ناخۆشـی بۆ ساردۆنیا دروسـت کردووە، یـان لە زۆر شوێن لەجیاتی وەڵامـی پرسـیارەکانی بداتەوە، پێی دەڵێت: کە گەورە بوویت تێدەگەیت.

دایــک و بــاوکی هەنــدێک جــار لە خۆشەویســتییان بــۆ کچەکەیـان، شـتەکانی بـۆ ڕوون نـاکەنەوە و گـوایە تێناگـات و پێویسـت ناکـات مێشـکی مانـدوو بـکەن، ئەمە ئامـاژەیە بـۆ پەروەردەی نادروسـت و تێنەگەیشـتن لەوەی کە منـداڵ چـی دەوێت و دەبێ چۆن وەڵامی بدرێتەوە؟! بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە ساردۆنیا وەکو هەر منداڵێکی دیکە و زیاتریش پرسیاری لە زەیندایە.

ساردۆنیا منداڵێکی زیرەکە و هەمیشـە کتێب دەخـوێنێتەوە، بەردەوام بە دوای شتی نوێدا دەگەڕێت، دوای ئەوەی بـاوکی سـاردۆنیا نەشـتەرگەری بـۆ دەکرێت، دەیبەنە مـاڵی بـاپیرە و داپیرەی، ساردۆنیا لەوێ بەبێ ئاگاداریی باپیرە و داپیرەی و بە یارمەتی تۆپێکی سیحریی گۆی زەوی، گەشتێکی خەیاڵی بۆ کیشوەری هەشتەم دەکات.



Scanned with CamScanner

دەشـێ کیشـوەری هەشـتەم لەم ڕۆمـانەدا، ئامـاژە بێ بـۆ سـەرزەمینی داهێـنەران، سـەرزەمینی ئەو کەسـانەی هەمیشـە کتێب دەخوێننەوە و دنیا بە جۆرێکی دیکە دەبینن، "لەبیرت نەچێـت کە دۆسـتانی کتێـب لە هەمـوو شـوێنێکن، هەژار، دەوڵەمەند، لادێیی، شاری، ژن و پیاو، پیر و لاو جیاوازییان نییە، گرنگ بخوێننەوە، دەتوانیت یەکسـەر بیاندۆزیتەوە، ئەوان کەسانی کەمێک داخراون، بەڵام خەونەکانیان فراوانە، خەڵکانی چواردەوریـان لەوان تێنـاگەن، لەبەر ئەوە هەنـدێکجار تەنیـان، ئەوان جوانترین و باشترین چیرۆکەکان دەگێڕنەوە...ل ١٦٥".

ساردۆنیا و دوو هاوڕێکەی (کە هاوسەفەرین بۆ کیشوەری هەشتەم)، لە کیشـوەری هەشـتەم کاتێـک تووشـی کێشـەیەک دەبن و دەیانەوێ ڕزگار بن، بە مەبەستی دەربازبوون چوار ڕێگایـان لەبەردەمـدایە و هەمـووی تـاقی دەکەنەوە، ئەوانـیش بـریتین لە ڕێگاکـانی: وشـکانی، ئـاوی، ڕێگـای ئـاگر، ڕێگـای ئاسمان.

بەکارهێنـــانی ئەم چـــوار ڕەگەزە لەلایەن نووســـەری ئەم ڕۆمانە و نیشاندانی وەک چوار ڕێگا بۆ گەیشتن بە دۆزینەوە و ڕزگاربوون، ئاماژەیە بۆ ئەو چوار توخمەی کە لە زۆربەی بیر و فەلسەفەکاندا بە بنەمای دروستبوونی بوون و بوونەوەر و بەردەوامیی ژیان دادەنرێت.

ئاو: خۆراک بە بوون دەبەخشێ و یارمەتی مانەوەی دەدات.

ئـاگر: توانـایەکی لەڕادەبەدەری هەیە و توانـای گـۆڕینی شتەکانی هەیە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە.

هەوا (کە لە ڕۆمـــانەکەدا پێـی گـوتراوە ڕێگـای ئاسـمان): توخمی لێکجیاکردنەوەی شتەکانە لە یەکتر، هەر ئەویشە ڕێگا بەوە دەدات کە ئاو و ئاگر بتوانن بە یەکەوە هەبن.


خاک (وشکایی): دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێ کە ئاگر و ئاو و هەوا، بە ڕێــژەی دیـاریکراو بوونیـان هەبـێ و لەکۆتاییشـدا دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنن کە شتەکان بە شێوە و سروشتی جۆراوجۆر بوونیان هەبێ.

لە ئـاییـنی زەردەشـتیدا، ئەم چـوار تـوخمە "ئـاگر، ئـاو، هەوا، خاک"، وەکو چوار ڕەگەزی پیرۆز تەماشا دەکرێن و هێمایەکی سەرەکی زەردەشتییەکانە.

ســـاردۆنیا، دوای ئەوەی چـــوار ڕێگـــاکە تاقیـــدەکاتەوە، بیروبۆچـــوونی تەواو دەگۆڕێـــت و دەســـت بە هەوڵ و کۆششـەکانی دەکـات، دەگـاتە ئەو بـاوەڕەی کە هەر هەوڵ و فێربوونێک، دەبێتە هۆی ئاوەدانبوونەوەی زیاتری کیشوەری داهێنـــان: "لە وانەکانمـــدا کۆشـــش دەکەم، لەگەڵ هاوڕێکانمـــدا زیاتر یاری دەکەم، تێر تێریش کتێب دەخوێنمەوە، دەزانم کە من ڕۆمان دەخوێنمەوە یان خەیاڵ دەکەم، هۆنراوە و چیرۆک دەنووسـم، لە کیشـوەری هەشـتەم دارێـک سـەوز دەبێـت، خـونچەی گوڵێـک دەکرێتەوە و ئـاو دەگەڕێتەوە بـۆ چەمێکـی وشکبوو، باڵندەیەک دروست دەکات...ل ١٧٢".

لە هەمـــووی گرنگتـــر.. ســـاردۆنیا ئەو دیـــدە خـــراپەی بـــۆ ناوەکەی خۆی هەیبوو، ئێستا پێچەوانە بووەتەوە، بۆیە ئەمە دەبێـــتە دواڕســـتەی ڕۆمـــانەکە "ســـاردۆنیا، ئەو کـــچەی کە نـاوەکەی خـۆش دەوێـت". لەکاتێکدا ڕۆمـانەکە بە ڕستەیەکی

تەواو پـێچەوانەی ئەمە دەسـتیپێکردووە: "کچێـک کە حەزی لە ناوەکەی نییە."



خوێنەر هەست دەکـات (ئەلیـف شـەفەق) ئەم ڕۆمـانەی بـۆ دایـک و باوکـان نووسـیوە، بـۆ ئەوەی فێریـان بکـات گوێ لە منداڵەکانیان بگرن و وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە، نەک بە نـاوی ئەوەی ئەوان گەورەتـرن و منـداڵ لە هـیچ تێناگـات، دەمکوتیان بکەن.



Scanned with CamScanner



(ئەلیف شەفەق)، ساڵی (١٩٧١) لە ستراسبورگ لە فەڕەنسا لەدایک بووە، ئەکادیمی و نووسەر و ڕۆماننووس و ستوونووسێکی تورکە. بە هەردوو زمانی تورکی و ئینگلیزی دەنووسێت، نزیکەی هەشت ڕۆمان و چەند کتێبێکی دیکەشی هەیە، هەندێ لە کتێبەکانی بۆ زیاتر لە (٣٠) زمان وەرگێڕدراون، تا ئێستا چەندین خەڵاتی جیهانیی پێ دراوە. یەکێک لە گرنگترین ڕۆمانەکانی ئەلیف شەفەق، ڕۆمانی (چل ڕێساکەی عەشق)ە کە ڕۆمانێکە لەبارەی جەلالەدینی ڕۆمی و یەکێکە لە ڕۆمانە پڕفرۆشەکان لەسەر ئاستی جیهان.

سەنگەر زراری

## ئەو کچەی ڕقی لە ناوەکەی خۆی بوو



لە باڵەخانەیەکی شینباودا و لە نهۆمی سێیەمدا، کیژۆڵەیەک ژیانی ئاسایی بەڕێ دەکرد. گەڕەکەکەیان فراوان و لە شارێکی گەورەدا بوو. باڵایەکی مامناوەند، قژێکی کاڵی لە هاویندا زەردهەڵگەڕاو و لە زستاندا سوورخن. بەڵێ... لاواز دەردەکەوت، بەڵام ئەوەندەیش لەڕ نەبوو. دەموچاو خڕی چاو هەنگوینی...

ئەم کیژۆڵەیە هیوایەتی ئارەزووی خوێندنەوەی کتێب بوو، کەیفی بە گوێگرتن لە مۆسیقا دەهات، حەزی بە وێنەکێشان بوو، تۆپتۆپێنی بەلاوە خۆش بوو، دڵدادەی حەبلێنیش بوو، ئەوانە و بە بینینی شوکولاتە کامی دەکرد.



Scanned with CamScanner

یارییە خەیاڵییە دڵخوازەکەی، کە هەردەم بەتەنیا پێوەی سەرقاڵ بوو، هێنانەخەیاڵی چەند شکڵێکی هەورەکان بوو کە ئاسمانیان وەکی وێنەیەکی سەرنجڕاکێش دەڕازاندەوە.

هەندێک جار ئەو هەورانە لە کرمەلیقەیەکی گەورە دەچوون، جاریش هەبوو دەتوت زەڕافەن، کاتیش هەبوو دەچوونەوە سەر وێنەی پارچەیەک نانەڕەق، وەختیش هەبوو لەو ئایسکرێمە دەچوون کە بە لێواری پسکیتێکدا دێتە خوارێ.

خۆشەویستترینی گیانلەبەران لە دڵیدا ئەمانە بوون: پشیلە، سەگ، بزن، ئەسپ و سمۆرەی خاڵخاڵاوی. لە ڕاستیدا پێشتر لە ژیانیدا سمۆرەیەکی وای نەبینیبوو، دەی با هەبێت... زۆر زۆری خۆش دەویست، بە شێوەیەک دیوارەکانی ژوورەکەی لە وێنەی سمۆرەی خاڵخاڵاویی زێتر، هیچیان پێوە نەدەبینرا.

ئای کە هەر لە منداڵییەوە حەزی لێ بوو پشیلەیەکی هەبووایە، یان سەگێک، یان بزنێک، یان ئەسپێک، کەچی دایکی؛ خاتوو "خەیاڵ" هەموو جارێک پێی دەوت: ئەستەمە شتی وا، هەرگیز نابێت! دەشیوت: تووکەکانی پشیلە هەڵدەوەرن، منیش لە بەرانبەریدا هەستیاریم هەیە. ئێ سەگیش دەوەڕێت. بارەی بزنیش دەرودراوسێ هەراسان دەکات.

- ئەمجار سرەی ئەسپە. ئێ لەم کولانە بچووکەدا خەریکە جێگەی خۆمان نابێتەوە، هەر نۆرەی ئەومانە!

- بەڵام دایکە، دەمەوێت گیانلەبەرێکم هەبێت و گرینگیی پێ بدەم!

- کچم، ئەو دەمەی چووین بۆ باغچەی گیانلەبەران، لەوێ گرینگیی پێ دەدەیت.

- بەڵام لەوێ نــاهێڵن نزیکیــان بــبمەوە، دەمەوێــت گیانلەبەرێکی تایبەت بە خۆم هەبێت.

لە کۆتاییـدا و لەم ساڵەدا، باوکی کە بە "سـەیید حەسـەن" ناسرابوو، دوو کیسەڵی بەدیاری بۆ هێنا، کیژەیش کردبوونیە نێو قاپێکی خڕەوە و لەسەر مێزێک دایینابوون و ئاگای لێیان بوو. ناوی لێ نابوون: شەو و ڕۆژ، بەڵام زەحمەت بوو لە یەکیان جوێ بکەیتەوە، چونکی زۆر لەیەک دەچوون.



کچێک بوو حەزی بە هەموو شتێک هەبوو، فەرهەنگنامەی گیانلەبەرانی لەمسەرەوە تا ئەوسەر دەخوێندەوە. جارێکیان ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کیسەڵەکان کرمیش دەخۆن، ئەوە بوو

دوای بارینی ڕەهێڵەیەک، چووە دەرەوە و چاڵێکی هەڵکەند و چەندان کرمی کۆ کردەوە، هەیانبوو کورت و هەیشیانبوو درێژ، ڕێک وەکی مەعکەرۆنی، قاپێکی لێ پڕ کردن و یەڵڵا بەرەو ماڵ.

- بنۆڕە دایە گیان، خواردنم بۆ شەو و ڕۆژ کۆ کردەوە!

کەچی خاتوو "خەیاڵ" ڕایکرد و دەیقیژاند: "ئەی خودایە، ئەمە چی بەڵایەکە! دەی خێرا ئەم زیندەوەرە تۆقێنەرانە لێرە ببە دەرەوە!"

ئیدی لەوەبەدوا توخنی کرمەکان نەکەوت و لە بەشەکەی خۆی؛ خواردنی بە کیسەڵەکان دەدا، هەندێک جاریش حەپی کالسیۆمی پێ دەدان، بۆ ئەوەی کەوڵە سەدەفییەکانیان پتەوتر بن، چونکی ئەگەر ئەو کەوڵەیان پتەو نەبێت، ناتوانن خۆیان بپارێزن. کێ دەزانێت، لەوانەیە مەسەلەکە بۆ بنیادەمیش هەر وا بێت! بەڵێ، ڕاستە کەوڵیان نییە، وەلێ پێویستە لەسەریان لەبەرانبەر نارەحەتییەکانی ژیاندا بەهێز بن.

لەگەڵ خۆشویستنی گیانلەبەراندا، هەواداریی بۆ وەرزشیش هەبوو، نەخاسمە تۆپی سەبەتە و تۆپی دەست، تۆپی پێیش لەوان بەدەر نەبوو.

دەیانوت بێگومان تۆپی پێ بۆ کچان نابێت، بەڵام ئەم لە ژوورەکەی خۆیدا ئەلبومێکی هەبوو پڕ لە وێنەی یاریزانانی تۆپی پێ، دەیزانی هەر یاریزانێک چەند گۆڵی تۆمار کردووە، کەی تۆماری کردووە، داخۆ هەر تیپێک لەو تیپانە چەند یارییان بردووەتەوە! ئەوانەی لە هەموو هاوپۆلە کوڕەکانی باشتر دەزانی.

لەنێو میوەکاندا ئەمانەی بەلاوە دڵدادە بوون: سێو، بەهی و شووتی. لەنێو ڕەنگەکانیشدا: سوور، وەنەوشەیی و سەوز. لە وەرزەکانی ساڵیش: زستان و بەهار. خۆشترین شیرینی بەلایەوە، برنج بە شیری نێو فڕن بوو. خۆشترین خواردنەوەکانی، شەربەتی لیمۆ بوو.

کەچی ئەوەی شتێکی نامۆ بوو، تەنیا شتێک بوو کە هەرگیز خۆشی نەویستبوو، ئەویش ناوەکەی خۆی بوو!

حەزی بە ناوەکەی خۆی نەبوو، نەک هەر ئەوەندە، تەنانەت شەرمیشی پێ دەهات. بەردەوام ئەم قسەیە ببووە ویردی سەر زوبانی: "ئای، خۆزگە ناوێکی دیکەم هەبووایە!" وەکی بەهار کە کچە خاڵەکەی بوو، یان ناوێکی وەکی ناوی کچانی بەقاڵەکان، ئەو کچانەی دەموچاویان کونجری و قنچکاوی بوو: لەیلا، سەلما و نازە... یان ناوێک وەکی ناوی هاوڕێیانی قوتابخانەی: لاڤە، ئەسما، ناسکە، نمە، نارین، باران... ئای کە چەندان ناوی جوان لەم جیهانەدا هەن و ئاسان دێنە سەر زمان و ئەمیان لە ئەویان خۆشترە.

سەرەڕای ئەوانە، دایک و باوکی هەموو ئەو ناوانەیان بەلاوە نابوو، تەنێ ناوێکیان لێ نابوو، خۆزگە ناوێکی دیکەیان بۆ هەڵدەبژارد، ئەمەیشیان نەکردبوو! دەی با وا بێ، دنیا تا سەر وا نابێ!

باشە بۆچی نازناوێکیان بۆ دانەنابوو، ئێ خۆ زۆرێک لە هاوپۆلەکانی نازناویان هەبوو! کەچی ئەم بەستەزمانە ئەوەیشی بە نسیب نەبووبوو. با لەوە بگەڕێین کە ناوەکەی



Scanned with CamScanner

زۆر نامۆ بوو، وتنەکەیشی پێکەنیناوی و مایەی گاڵتەجاڕی بوو!


ڕۆژێک لە ڕۆژان وا ڕێک کەوت، ڕێک لەو کاتەدا کە باوکی لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانیشتبوو، ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوە بوو، بەتەمای بەرچایی بوو، کیژە چیی بینی! ئەوە خۆ لە دوا لاپەڕەدا بابەتێکی تێدایە باس لەو ناوە نامۆیانە دەکات کە هەندێک گۆرانیبێژ و ئەستێرەی فیلمەکان، لە منداڵەکانی خۆیان ناوە! ناوی وەکی: قۆخ، سێو، هەنجیر، بولبول، ئۆقیانووس، شەکری گیایی...

ئای خوایە، دەبێت ئەو جۆرە کەسانە هەستیان چۆن بێت؟ باشە لە داهاتوودا کاتێک کەسێک بانگیان دەکات بە "کاک ئۆقیانووس"، "دادە بولبول"، چی دەکەن؟

لەوانە بگەڕێ، هەر چەند قورس و ڕەزاگرانن، بەڵام هێشتا وەک ناوەکەی ئەم قورس نین، ناوەکەی ڕێک ئەوها بوو: گوڵی ساردۆنیا.

جارێکیان لە دایکی پرسی: "باشە دایە گیان، ئەوە چۆن بە خەیاڵتاندا هات ئەم ناوەم لێ بنێن؟"

دایکی وەڵامی دابووەوە: "ئای کە ناوێکی جوانە! کچە خۆشەویستەکەم ئەوە ناوی گوڵێکە، لەگەڵ ناوی گوڵەکانی دیکەدا هیچ جوداوازییەکی نییە: وەنەوشە، نێرگز، دەمەشێر و کنێرت بیستووە؟ ئێ ئەمیش هەروەکی ئەوانە، خۆ کلکی لێ نەڕواوە!"



"بەڵام کەس گاڵتە بە ناوی ئەو گوڵانەی دیکە ناکات، کەچی ناوەکەی من بووەتە جێگەی لاقرتێی هەموو مناڵ و تواڵێک."

"ئای کچم، ئەوە بۆ وا خەیاڵ دەکەیت! خێرە گاڵتەی پێ دەکەن؟ هەمووان گوڵیان خۆش دەوێت. نوقتە، سەری دێڕ. ئیدی تەواو."

خاتوو "خەیاڵ" هەموو جارێک بیویستایە بابەتەکە دابخات، دەیوت: "نوقتە، سەری دێڕ. ئیدی تەواو."

ساردۆنیا دایکی خۆی باش دەناسی، هەموو جارێک هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا: "ئای خودایە، چەند قورسە هەندێک شت بۆ گەورەکان ڕوون بکەیتەوە!"

ڕۆژێک لە کاتی خوێندنەوەی فەرهەنگێکدا، چاوی چووە سەر ناوی ڕووەکێک کە پێی دەوترا: ساردۆنیا. ناوە لاتینییەکەی لە ناوە زانستییەکەی ناقۆڵاتر بوو: بیلاغۆنیۆم بیلتوتۆم! ڕەنگی گوڵەکانی سپی یان گوڵەباخی، یان زەرد و سوور بوون. شوێنی سەرهەڵدانی، ئەفەریقای باشوور بوو. لەناو گۆزەدا دەڕوا و چوار فەسڵەی ساڵ گوڵی دەکرد.

لەبەردەمی پەنجەرە، یان باڵکۆنەکاندا دادەنرێت. گەڵاکانی بۆنێکی سەیریان لێ دێت کە لە بۆنی لیمۆ دەچێت. بە هۆی ئەم بۆنەوە، مێرووەکان یان مێش توخنی ناکەون.

ساردۆنیا بەدوورودرێژی سەرنجی وێنەی ڕووەکەکەی دا. لە ڕاستیدا بە بینینەکەی سەرسام بوو. ئای، خۆ ئەوە گوڵێکی جوان و ناوازە بوو! سەرەڕای ئەوەیش، هەر قنیاتی بە ناوەکەی خۆی نەدەکرد. ئێ خۆ دنیا کۆتایی نەدەهات، ئەگەر دایک و باوکی ناوێکی وەکی: گوڵەباخ یان یاسەمینیان لێ بنایە!

ساردۆنیا لە چیرۆکەکاندا، بەتایبەت ئەوانەیان کە وێنەدار بوون و خوێندبوونیەوە، چەندان ناوی نامۆی پاڵەوانەکانیانی بینیبوو. لە وێنە کاریکاتۆرییەکانیشدا هەروا. ئەوانە نەبووبوونە کێشە، چونکی هەر لە بنەڕەتەوەڕا جیهانی خەیاڵ بوون. لەو جیهانەیشدا کەس بە هۆی ناوە نامۆکەیەوە، شۆخیی پێ ناکرێت. ئەوەتا هەقایەتەکانیش پڕن لە ناوی نامۆ: چوار چاو، چل دەم، گای باڵدار. بەڵام خۆ ئەم کیژە ناسکۆڵەیە کارەکتەری نێو ڕۆمانێک نییە، یان پاڵەوانی فیلمێک بێت، بەڵکوو گەنجێکی لەسەرخۆیە و لە گەڕەکێکی هێوری ئەستەنبوڵ دەژی.

کچێک، فێرخوازانی قوتابخانەکەی سەر دەخەنە سەری. جا هەر کات مامۆستا لە ناوخوێندنەوەدا ناوی دەهێنێت، فەقیرە تەریق دەبێتەوە و سەر دادەخات.

- کەریم؟

- هاتووە، مامۆستا.

- بەیان؟



Scanned with CamScanner

- لێرەیە، مامۆستا.

- ساردۆنیا؟

هەرکە نـــاوەکەی دەکەوتە بەر گوێیـــان، هەمـــوو پێکـــڕا و بەخێرایی: "لەناو گۆزەدایە، مامۆستا!"

لەم کاتـــانەدا قـــوڵپی گریـــانی دەدا، بەڵام ڕێـــی نەدەدا فرمێسکەکانی دابڕژێن. چەندە ئاواتەخواز بوو ساڵەڕێیەک لەو شوێنە دوور بکەوتایەتەوە، بەڵام لەبەر ڕێکوپێکییەکەی، تەنیا لە شوێنەکەی خۆیەوە هەڵدەسایە سەر پێ و سەری دەلەقاند.

کوڕە تێکدەرەکانی پۆلەکەی گۆرانییەکیان دانابوو، بەردەوام دەیانوتەوە:

"ئەوا دایدایە باران
ئەوا جووڵان ڕووباران
سەیری ساردۆنیا بکەن
دەنواڕێ لە پەنجەران
لافاویش هات لەولاوە
بەلەم وا لەژێر ئاوە
ساردۆنیاش لە گۆزەدا
ڕەگی تەڕ و پاراوە"

سەروەختێک باران بباریایە، ئەو گۆرانییەیان دەچڕی. باشە، ساردۆنیا لەم بارودۆخەدا چیی بکردایە؟ تەبعەن هیچی! ئی با شتێکیشی بکردایە، هیچی لێ سەوز نەدەبوو.

کاتی وا هەبوو هاوڕێیەتیی یەکێک لە فێرخوازە کچەکانی دەکرد، لە پشووەکاندا پێکەوە پیاسەیان دەکرد، لە کاتی نانخواردندا پێکەوە دادەنیشتن، لە هەموو شتێکدا پێکەوە بوون، چەند ڕۆژێک تێپەڕی و موو بە بەینیانەوە نەدەچوو، کەچی وردە وردە بۆی دەرکەوت وا هاوڕێ نوێیەکەی گاڵتە بە ناوەکەی دەکات. هەرکە ناوی بهێنرایە، بەدزییەوە خەنینی دەهات. ئەک بەزیاوم نەکرد، هەر ئەم مابوو! دڵی تەنگ دەبوو، خەفەت دایدەگرت.

ئەمە هاوڕێیەتییەکی ڕاستەقینە نەبوو. باشە، کەسێک گاڵتە بە هاوڕێکەی بکات و لاسایی ئەوانی دیکە بکاتەوە! لە دڵی خۆیدا دەیوت: "لەمەودوا بەتەنیا یاری دەکەم، هەزار هاوڕێی وا بە فلسێک. جا خوام دەکرد هەر کێ دەبوو، کوڕە، کچە، هەر چییەکە!" کاتی وای بەسەردا تێدەپەڕی، وا هەستی دەکرد لەم جیهانەدا تەنیایە و هەر خۆیەتی.

ئەوە بوو جارێکیان لە کاتی کتێب خوێندنەوەدا، هەر بەڕێکەوت چاوی چووە سەر قسەیەک: "هەموو کەسێک لەسەر زەوی، هاوشێوەیەکی لە فەزادا هەیە. جا هەر شتێک لێرە ئەنجامی بدات، هاوشێوەکەی لە فەزادا دووبارەی دەکاتەوە. بۆ نموونە: کاتێک تۆ لێرە دەگریت، جمکەکەیشت لەوێ دێتە گریان. ئەگەریش پێبکەنیت، ئەویش لەوێ دێتە حیلکەحیلک."



Scanned with CamScanner

ئەو قسەیە وای لێ کرد زیتر گرینگیی بەم مەسەلەیە بدات. بۆیە دواتر بۆ چەندان شەوی یەک لەدوای یەک، لە ئاسمان ورد ڕادەما. دەیزانی کە ئەستێرەکان چەند دوورن، کەچی بەئومێدی بینینی کچێک بوو لەو دوورەوە بێتە بەر چاوی. ساردۆنیایەکی فەزایی لەم بچێت، بەڵام ڕەنگەکەی سەوز، عەینەن وەکی مارمێلکەسەوزە، هەردوو گوێیەکانی گەورە، دوو چاوەکانی بریسکەیان بێت، وەکی گڵۆپ هەڵبن و بکوژێنەوە.

دوای ماوەیەک وازی لە بیرکردنەوە لەم جۆرە شتانە هێنا، پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد کچێک هەبێت و لە خۆی بچێت. جا با وای دابنێت کچێکی فەزایی بێت و هاوشێوەی بێت. دەیزانی یەک ساردۆنیا لەم جیهانە فراوانەدا هەیە، ئەویش خۆیەتی و شتێکی دیکە نییە.

ئەو تەنیا منداڵە کە لەم جیهانە گەورەیەدا خاوەنی نامۆترین ناوە.

کچێک، هەرگیزاوهەرگیز حەزی بە ناوەکەی خۆی نەبوو.

ساردۆنیا نەک جارێک، بەڵکوو دەیان جار لە بارەی ناوەکەیەوە سکاڵای خۆی بردبووە لای دایک و باوکی. وەلی بەداخەوە، ئەوان بابەتەکەیان بەهەند وەرنەگرتبوو. چی لەمەدا نامۆیە؟ ئەوەیە کە قسەکردن بەڕاشکاویی لەگەڵ گەورەکاندا، وەکی بەفربارینە لە گەرمای تەممووزدا!

وەڵامدانەوەی گەورەکان بۆ ئەو بابەتانەی حەزیان بە بیستنی نییە؛ یان وەکی ئەوە وایە هەر بەر گوێشیان نەکەوتبێت، یانیش زەردەخەنەیەک دەکەن و پێچێک بە بابەتە لێ دەدەن، جاریش هەیە تووڕە دەبن و سەرزەنشتمان دەکەن، بۆیە دواتر فوویەک لە چراکە دەکەن و بابەتەکەیش خۆمان خۆش!

ساردۆنیا ساڵانێک بەر لە چوونە قوتابخانە و سەروەختێک چوار پێنج ساڵان بوو، لە بارەی ئەوەی داخۆ ئەو ناوەی لە کاتی گەورەبوونیدا بۆی نابێتە سەرئێشە، لە دایکی پرسیبوو: "دایە گیان، ڕات چییە ناوێکی تازە بۆ خۆم بدۆزینەوە؟"

خاتوو "خەیاڵ" لەو کاتەدا ناوچەوانی بەیەکدا دابوو، وتبووی: "کچەکەم، پێم ناڵێیت بۆچی؟ داخۆ کەس هەیە ڕقی لە ناوی خۆی ببێتەوە! ئەم قسەیە شەرمهێنە، جارێکی دیکە شەکری وا نەشکێنیت، ئەگەرنا ناوەکەت لێت عاجز دەبێت!"

ساردۆنیا بەدڵاودڵییەکەوە لێی پرسیبوو: "لە من عاجز دەبێت؟"

"بێگومان کچم! ئەوسا بەبێ ناو دەمێنیتەوە، ئیدی کەس ناتوانێت بانگت بکات، نایشزانن چی ناوێکت لێ بنێن، یان بەم شێوانە بانگت دەکەن: هێی کچە، تۆ کچێ، بنۆڕە! بۆیە هەموویان ئاوڕ دەدەنەوە و سەیرت دەکەن، چونکی کەس نییە بەو ناوەوە، تەنیا تۆ نەبێت."

"دایکە، دەزانیت تۆ داوی هزرم دەئاڵۆسکێنیت؟"

"ڕێک ئەوەم مەبەستە کچم، خۆ ئەگەر بێتوو ناوەکەی خۆت بەکار نەهێنیت، دواتر بیرت پەرت دەبێت، دەشلەژێیت. ئامان کچم، نەکەی ناوەکەت خەفەتبار بکەیت. نوقتە، سەری دێڕ."

بەلای خاتوو "خەیاڵ"ەوە هەموو شتێک لەم ژیانەدا هەستی هەیە و بە ڕووداو و پێشهاتەکان، کارتێکراو دەبێت. بۆ نموونە: پاشماوەی ئاوی نەخوراوەی ناو پەرداخێک دەگری، ئەو جلانەی لەبەر ناکرێن؛ تووڕە دەبن، شتانی شکاو و فڕێدراوی نێو زبڵ و خاشاک بێزارن، هەروا شتەکانی دیکەیش...

بە هەمان شێوە، ئەگەر بە هێنانی ئەو دیارییەی بە دەستت دەگات؛ دڵخۆش نەبیت، یان سەرسوڕمانی خۆتی لە بەرانبەردا بۆ دەرنەبڕیت، ئەوە فریشتەکان خەفەت دەخۆن و جارێکی دیکە هەرگیز دیاریت بۆ نایەت!

ئەگەر لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا ئەرکەکانت ڕانەپەڕێنیت، وانەکانت لێت پەست و بێزار دەبن، دواتریش هەرگیز لەو پۆلە تێناپەڕیت. هەروا جلەکانی قوتابخانەت، گەر هەموو شەوێک نەپێچرێنەوە و لەناو کارتۆنی خۆیاندا هەڵنەواسرێن، خەفەت دەخۆن.

لەبەر ئەو هـۆیە، بەردەوام خـاتوو "خەیـاڵ" بـۆ کـچەکەی دەیرپسیتەوە. هەرکە چوونە سەر مێزی نانخواردن، دەیەویت خـواردنی نـاو قـاپەکەی تەواو بکـات: "نەکەی بـرنجەکە لەنـاو قـاپەکەدا بهێڵیـتەوە، ئەگەرنـا دەنـک دەنـک لەدوای تـۆ دەدەنە هارژنی گریان."

جارێک لە جاران ئەو قسانە بیری ساردۆنیایان هێنایە جۆش و لە دایکـــی پرســـی: "دایـــکە، ئایـــا دوای لێنانیـــان، دڵــی سەوزەواتەکان لێدەدەن؟ دەبێت گەدەی ئەو پارچە گۆشتانەی هەر ئێستە لە فـڕن هـاتوونەتە دەر، قوڕەقـوڕ بـکەن؟ باشـە، گوێیەکانی گەنمەشامی کوڵێنراو دەبیستن؟"

"ئەوە چییە کچم، وڕێنە دەکەیت؟"

"یانی ئەگەر قەپێکم لە نانەکە دا و ئەوی دیکەیم هێشتەوە، ئـازار دەچێژێت؟ ئەی ئەو دەنکۆڵە وردانەی گۆشتەکە، ئەگەر بیـانجووم، ئازاریـان پێ دەگـات؟ ئەدی سـێو شـەرمی بەخـۆ نایەت، دوای ئەوەی پاکی دەکەم و توێکڵەکەی لێ دەکەمەوە؟"

"نەخێـر، هەرگیـز! کچـم، ئەو قســە هەڵیتوپەڵیتـانە چیـیە دەیانکەیت!"

"ئەگەر ئەو قسـانەم بێمانـان، خێـرە بەردەوام پـێم دەڵێیـت: لەدوای تـۆوە، خـواردنەکە دەگـری؟ مـادامەکی ئەم خواردنـانە گیانیان لەبەر نییە، هەست و هۆشیان نییە، پێم ناڵێیت چۆن دەگرین؟"

دایکەکە بەم قسـانە واقی وڕمـا، متەقی لێوە نەهـات. دوای چەنـد چـرکەیەک نەیزانــی چـۆن وەڵامــی بـداتەوە، ئینجـا

زەردەخەنەیەکی ناسکی بۆ کرد و وتی: "ئای ساردۆنیا کە نازداریت! یەڵڵا دەی، دەمەدەمێم لەگەڵدا مەکە. ئۆهـ لە ئەقڵی منالان!"

گەورەکان زۆر جار ئەو قسەیە دەڵێنەوە: "ئەقڵی منالان"، کە وا بێ هەر دەبێت شتێک بەو ناوەوە هەبێت. زۆر باشە. ئەی لە بارەی هەرزەکارانەوە چی دەڵێن؟ خاڵۆزاکەی ساردۆنیا کە ناوی "بەهار"ەو سیانزە سالانە، دەبێت ئەویش ئەقڵی تایبەتی هەبێت، وە نییە؟ بۆیە پێویستە "ئەقڵی هەرزەکاران"یش هەبێت. هەروا بۆ گەنجانیش ڕاستە، هەر دەبێت شتێک هەبێت و ناوی "ئەقڵی گەنجان" بێت. ئەوانەیشی تەمەنیان مامناوەندییە، دەوترێت "ئەقڵی تەمەن مامناوەندییەکان". ئێ خۆ ناکرێت خانەنشینانیشمان لەبیر بچێت، بۆ ئەوانیش دەوترێت "ئەقڵی تەقاوتەکان". دیسان پیرەژنانیش هەیانە، "ئەقڵی پیرەژنان". زۆر چاکە. بەڵام منداڵان هیچیان لەوی دیکەیان ناچن!

کوڕی دراوسێکەیان؛ "فورقان"، هاوتەمەنی ساردۆنیایە، وەلێ هاروهاج و لاسارە، بەردەوام هەرا و هۆسەیەتی، لەناو ماڵەویان تۆپێن دەکات، ئەوەندە شەیتانە قوتوو بە کلکی پیشلەکانەوە دەبەستێت. بەڵام ساردۆنیا لەوە دڵنیایە ئەقڵی لەم کوڕە لاسارە جودایە، ئەو بێعار و ئەم سەلار، ئێ مەعلوومە ئاو و ئاگر پێکەوە هەڵناکەن!

ساردۆنیا لەو نهێنییە نەدەگەیشت، خێرە دایکی ئەو قسانەی بە دەمەوە گرتووە و بەردەوام دەیانڵێتەوە! ئەگەر نەخوێنیت، وانەکانت بێتاقەت دەبن. ئەگەر نەخۆیت، خواردنەکە خەفەتخان دەبێت. ئەگەر میوان نەهێنیتەوە بۆ ماڵەکەت، دراوسێکەت

دڵگران دەبێت. هەر دەم چوویتە میوانی، ئەگەر هەر شتێکت خرایە بەردەم و نەیخۆیت، خاوەن ماڵ نیگەران دەکەیت!

وەکی ئەوە وا بوو حەزی پێ نەبێت کەسێ لێی عاجز یان بێزار بێت، بۆیە بەردەوام بەوریاییەوە دەجووڵایەوە، داخۆ دەبێت هەر بەم هۆیەوە نەبێت کە هەموو ڕۆژێک سووراوەکانی بەکار دەهێنێت، نەبادا لێی توورە بن؟ بە هەمان ستایلی قژداهێنان، قژی دادەهێنێت؟ دەبێت لەوە نەترسابێت تاقمی جوانکاری و جلەکانی دڵیان گەرد بگرێت؟

لەوەبەدواوە ساردۆنیا نەیویست دڵی ناوەکەی خۆی بئێشێنێت، دڵی کەسیشی نەڕەنجاند، چونکی دڵارا و ناسک بوو. وەلێ ناوەی خۆی خۆش ناوێت، باشە چاری چییە؟ چی وا دەکات گەورەکان هەر چی هات بە خەیاڵیاندا، ناوی منداڵەکانیانی پێ بنێن؟ لە هەڵسوکەوتی گەورەکان سەری سوڕمابوو. چییە گەلۆ، کەس پرسێک بە منداڵان ناکات؟ ئەوە ناچێت بە ئەقڵەوە، دەست وەربدرێتە ئەو ناوەی کە بە درێژایی ژیانت هەڵگرییت!

زۆر بیری لەم بابەتەکە کردەوە. بەڵێ، هەر دەبێت کە منداڵ لەدایک بوو، ناوی لێ بنرێت. بەڵام پێویستە لە کاتی گەورەبوونیاندا، کە توانای نووسین و خوێندنەوەیان هەیە، بێنە گۆ و بۆخۆیان ناوێکی دڵدادە هەڵبژێرن. تا ئەوکات ئاساییە بۆ دایک و باوک بە چەند وشەیەکی سادە بانگی منداڵەکانیان بکەن، نەک ڕەق و زبر، بۆ نموونە: تۆ وەرە دانیشە، بچکۆل... ئەم وشانەی بەلاوە خۆش نەبوو، دەکرێت ناوی ناسکتریان لێ بنرێت.



Scanned with CamScanner

چی ڕێگره لەوەی کوڕێکی چاوشین، بە "چاوشینەکە" بانگ بکرێت؟ ئەو منالەی ڕوومەتی خاڵخاڵاوییە، بە "کونجری" بانگ بکرێت؟ مندالێکی قژ تێکچرژاو بە "قژلوول" بانگ بکرێت؟ کەسێکی دەنگ ناسک بە "ناسکۆڵێ" بانگ بکرێت؟ کچێکی بالابەرز بە "دارچنار" بانگ بکرێت؟ تەبعەن بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیاریکراو، تا گەورە دەبێت، دواتر لەگەڵ دایک و باوکیدا دابنیشێت و گوتوبێژی ناوێک بکەن ئینجا ناوی لێ بنێن، تاکوو هیچ کەس تووشی خەمۆکی نەبێت.

ساردۆنیا خەونی بە هەسارەیەکەوە دەبینی، هەموو کەسێک تێیدا توانای هەڵبژاردنی ناوەکەی بە ئازادیی خۆی هەبێت. ئایا شوێنێکی لەو شێوەیە لەگۆڕێدا هەیە؟ ئەو دەیزانی ئەگەر هەوڵ بدات و لە دایکی بپرسێت، ئەوسا دەداتە قاقای پێکەنین و دەڵێت: ئەقڵی مندالانە، نە شتێکی دی!

## له قوتابخانه

له قوتابخانه ڕۆژانی هەینی زۆر بەخێرایی تێدەپەڕین، چونکی وانەکانی کۆتایی: زانستەکان، زمانی تورکان، بیرکاری و وەرزش، یەک لەدووی یەک دەخوێنران. دواتریش فێرخوازان بە جلی وەرزشییەوە بەرەو ماڵ دەبوونەوە. هەیانبوو باوکی یان دایکی بەشوێنیدا دەهات، هەیشبوون بەپێ لەگەڵ هاوڕێکانیاندا دەگەڕانەوە، بڕێکیش بە پاسی قوتابخانە دەچوونەوە. چونکی ماڵی ساردۆنیایش لە قوتابخانەوە دوور بوو، لەنێو دەستەی هاتوچۆکەران بە پاسی قوتابخانەدا خۆی دەبینییەوە.

خۆشەویسترین وانە بەلایەوە؛ وانەی زانستەکان بوو، بەتایبەت ئەو وانانەی باسیان لە زەوی، مانگ و گیانلەبەرانی چواردەورمان دەکرد. ئای چەند جوان بوو، زانیاریی دەربارەی دەوڵەتان و شوێنە دوورەکانی وڵاتان وەربگریت! کورە خۆ ئەم دنیا بێئامانە، نە سەری هەیە و نە سامان!

لە ڕاستیدا دنیا لەسەر نەخشەی هەڵواسراوی قەد دیوارەکە بچووک دەچێتەوە. ساردۆنیا بەوە سەرسام بوو کە گۆی زەوی لە تۆپێک دەچێت. زۆر باشە، سێگۆشە یان لاکێشەیی نییە، باشتریش شێوە مەعینی و شەشپاڵوویی نییە. بۆ خۆشبەختیی ساردۆنیا، گۆی زەوی هیچ گۆشەیەکی تیژیشی نییە!

بۆیە ئاسانە بەو شێوە گۆییەوە زەوی لەباوەش بگریت. هەموو شوێنێک لەسەر زەوی، هەمان دووریی لە شتەکانی



Scanned with CamScanner

دیکەوە، دوورە. هەروا دەکرێت بنیادەم هەموو دوورایییەکانی ببڕێت، جا خوام دەکرد بە وشکانیدا دەڕوات، یان بە مەلەوانی و خۆهەڵدانە نێو دەریا!

دیسان دەکرێت بە فڕۆکەیەک لەمبەری دنیا، بۆ ئەوبەرەکەی دیکە گەشت بکەیت. کە ماندوو بوویت؛ پشوو دەدەیت، دەمەتەقێیش لەگەڵ فڕندە و گیانلەبەراندا با لەولاوە بوەستێت.

پێش ٢ ساڵ، باوکی ساردۆنیا لە یادی هاتنە سەر دنیایدا، ئەتڵەسێکی بەدیاری بۆ هێنابوو. لەوێڕا خۆشەویستترین شت بەلایەوە، ئەو ئەتڵەسە بوو. هەر چەند لە ماڵەوە بووایە وازی لێ نەدەهێنا، جارناجارێکیش بۆ قوتابخانەی دەبرد. هەر دەرفەتێکی بۆ بڕەخسایە؛ لەنێوان وانەکاندا، لە کاتی پشووەکاندا، چاوێکی پێدا دەگێڕا. وێنەی ئاڵای هەموو دەوڵەتانی کێشابوو، ڕەنگی کردبوون، پایتەختی یەکبەیەکیانی ئەزبەر کردبوو، ئەوانە و دەیتوانی زۆربەی زۆری دەوڵەتانی ئەمەریکای باشوور، ئەفەریقا و ئاسیا بە چاو نووقاندنەوە بژمێرێت. هەروەک حەزی بەوەیش بوو، ئەگەر هاتوو گەورە بوو سەردانی ئەو وڵاتانە بکات. ئای کە بەختەوەرین، بۆ ئەوەی گەشتێک بە چواردەوری جیهاندا بکەین، پێویستمان بەوە نییە وەکی باڵندەیەک بین!

ساردۆنیا نەخشەی تورکیای بەجوانی لەبەر بوو، هەر پرسیارێکت ئاراستە بکردایە، یەکسەر دەهاتە وەڵام، بۆ نموونە: پرسیاری داخۆ جۆرەکانی سەوزەواتی هەر ناوچەیەک چین، ئەدی کەشوهەوای شارەکان لە زستان و هاویندا چۆنن؟ کوێ فێنکە، کوێیش گەرم یان سارد؟ جوانترین دیمەنە

سروشتییەکانی تورکیا لەکوێن؟ دەریاکان، شاخەکان، دارستان و ڕووبارەکـان... بەداخەوە زۆرێـک هەن و بەهـای سروشـت نازانن و ڕێز لە ژینگە ناگرن!

سـاردۆنیا دەیویسـت لە قوتابخـانە هەڵمەتێک بۆ پاراسـتنی سەوزایی ڕێک بخات، ئای کە بەلایەوە خەونێکی گەورە بوو! کەچـی ڕاڕا و پەرێشـــان، ترســـی گـــاڵتەپێکردنی منالەکـــان ڕایاندەگرت.

لەوانەیە بپرسن: ئەم ترسە بۆ؟ تەبعەن بە هۆی ناوەکەیەوە. قورس بوو کەسێک ناوی "گوڵی ساردۆنیا" بێت، بە هەڵمەتێکی پاراسـتنی دار و ڕووەکەکـان هەڵبسـێت. لەوە دڵنیـا بـوو کە منداڵە لاسارەکان دەیدەنە بەر تیری توانجەکانیان و دەڵێن: "ها ساردۆنیا، خێرە بۆ پاراستنی هاوشێوەکانی خۆت، هەڵمەتت ڕاگەیاندووە؟ ئەک پێنەگەی، هەر ئەمەمان مابوو!"

مامۆستای زانستەکان؛ ست "لەیلا"، زۆر سـاردۆنیای خۆش دەویسـت، هەمـوو پرسـیارێکی فێرخـوازە گەرموگـوڕ و چـاوتێبڕەکەی بە خۆشویسـتن و ئـارامی وەڵام دەدایەوە، تـاکە کەس بـوو بە نـاوی "گـوڵی سـاردۆنیا" بـانگی دەکـرد، بەڵام مامۆسـتا پیـاو و ژنەکـانی دیـکە یـان بە "گـوڵ"، یـانیش بە "ساردۆنیا" بانگیان دەکرد. بۆیە فێرخوازەکانیش لەو شێوازەی ست "لەیلا" تێگەیشتبوون و کوڕم دەویست بەپێکەنینەوە یان بەلاقرتێوە ناوی ساردۆنیا بهێنێت!

ئەوە بوو مامۆستا باسی وڵاتانی دەکرد، کە وەختی پشوو هـات بەزەردەخەنەیەکەوە ئـاوڕی بـۆ لایـان دایەوە و وتـی: "بەڵێ، کێ پرسیارێکی هەیە؟"



Scanned with CamScanner

مامۆستا "لەیلا" هەر وا بوو، دەنگێکی ناسک، هاندەر و ڕووخۆش، حەزی دەکرد قسە بکەن. ئەو باشترین مامۆستای نێو قوتابخانەکە بوو. "ئادەی بپرسن، با بزانم شتێک هەیە ڕوون نەبووبێت؟ کەس شەرمن نەبێت!"

ساردۆنیایش دەستی بەرز کردەوە، شتێک هەبوو مێشکی داگیر کردبوو. مامۆستا وتی: "فەرموو، گوێم لێتە."

"مامۆستا، بۆچی بە یابان دەڵێین ڕۆژهەڵاتی دوور؟"

گێرەشێوێنەکانی ناو پۆل دایانە پڕمەی پێکەنین. مامۆستا لایلایش لای کردە و وتی: "بەسە، کاتی پێکەنین نییە، بەڕاستی پرسیارێکی جوانی کرد!"

پاشان ڕووی دەمی کردە ساردۆنیا و بەنەرمی وەڵامی دایەوە: "چونکی لە شوێنێکی زۆر دووری ڕۆژهەڵات هەڵکەوتووە."

"ئێ مامۆستا یابان بۆ ئەوانەی لە چین دەژین، نزیکە. بۆ ئەوانەیش لە ئوستورالیا دەژین، دەکاتە باکووری دوور نەک ڕۆژهەڵاتی دوور!"

مامۆستا لەیلا سەری ڕاوەشاند و ئحمێکی بۆ کرد و وتی: "ڕاستە، ئەنجامگیرییەکی تەواوە. دەستەکانت خۆش بن. بۆیە ئێمە هەموو شتێک وەکی چۆن لای خۆمانەوە دەیبینین، ئەوها لێی تێدەگەین. خۆ ئێمە لە چەقی زەوییشدا نین، کەسیش نییە لەوێ بێت، کەواتە دوور، نزیک، باکوور و باشوور، هەموو ئەمانە بەپێی ئەو کەسەی لێیان دەنۆڕێت؛ جوداوازن."

ســاردۆنیا زەردەخەنەیەکــی هــاتێ و بەڕێــزەوە ڕوانیــیە مامۆستاکەی، پاشان سەرلەنوێ تێهەڵچوونەوە بۆ نێو وانەکە. مامۆســـتا بەگەرموگـــوڕییەوە کەوتەوە باســـکردنی وانەکە، ساردۆنیایش بەتامەزرۆییەوە تێبینییەکانی لەنێو دەفتەرۆچکەی تێبینییەکاندا نووسییەوە.

ئەهـا دیسـان زەنگی تەواوبوونی وانە لێیدا، ساردۆنیا پێی ناخۆش بوو، ئەمە نەریتی بەردەوامی ئەو بوو، هیواخواز بوو ئەم وانەیە هەرگیـز بەپایـان نەگـات. ئـای چەنـد کـورت دێتە خەیاڵ!

وانەی زمانی تورکان بەهێوری تێپەڕی. مامۆستایەکی دیکە خۆی کرد بە پۆلدا، ئەوە چییە؟ بابە مامۆستا "سەلما" نەخۆشە! هەر یەک لە فێرخوازەکان بەشێک لە دەقەکەی نێو کتێبەکەیان خوێنـــدەوە و بیـــرۆکە ســـەرەکییەکانیان لە دەفتەرەکانیانـــدا نووسییەوە. پاشان نۆرەی وانەی بیرکاری هات.

ساردۆنیا لە وانەی زانستەکاندا دڵخۆش دەبوو، متمانەی بە خۆی هەبوو، وەلێ ئەو بارە بۆ وانەی بیرکاری تەواو جودا بـوو، دەتـوت دێـوەزمەیەکە و لە گەردنـی دەئاڵێت، چـونکی حەزی بە ژمارەکان نەبوو! نەخێر، حەزی پێیان بوو، بەڵام بە هــۆی هۆکـــارێکی نادیـــارەوە بەردەوام لەم وانەیەدا بیـــری پەرشوبڵاو دەبوو، یان دەچووە نێو خەونیەلێکی قووڵەوە، یان بێزار دەبوو، یانیش باوێشکی لێدەدا.

ئەمڕۆیش دیسـان ئەو بـارەی بەسـەردا هـاتەوە، نەیتـوانی بیری پەرتبووی کۆ بکاتەوە.



Scanned with CamScanner

مامۆستا "سینان" لە هەموو مامۆستاکانی دیکە پابەندی پێڕۆی قوتابخانە بوو، هەموویان زەندەقیان لێی چووبوو، مامۆستاکانی دیکەیش خۆیان لێ لا دەدا، پشیلە بەستەزمانەکانی ناو باغچەکەیش سڵیان لێ دەکردەوە، باڵندەی نەورەسیش بە ئاسمانەوە لێی دەڕەوینەوە!

مامۆستا "سینان" کورتەبنەیەکی قەڵەو، دەموچاو پان، چاوەکانی لەودیوی چاویلکە پان و شووشە ئەستوورەکەیەوە دەترووکاندن، تاڵەکانی لای ڕاستی قژی بۆ لای چەپی بەسەر سەرە کەچەڵەکەیدا داهێنابوو.

هەرکە دەستی بە شەرحکردنی وانەکە دەکرد، دەکەوتە کۆکەکۆک و پژمە، چونکی لەبەرانبەر زۆر شتدا هەستیارییەکی هەبوو. تەپوتۆزی تەباشیر، تەپۆڵکی سەری داگرتبوو. هەرکە دەپژمی، کوڕەکان پێکڕا و بە دەنگی زل دەیانوت: "یرحمک الله، مامۆستا."

ئەویش تەنگەی دەیگرت و بەتووڕەییەکەوە: "کوڕە بەسە بەس، پێویست بەوە ناکات. دەک داڕزێن، باشە!" دیسان دوای تێپەڕینی چەند خولەکێک "ئپشم"، پژمەیەکی دیکەی دەکرد و ئەو لاسارانەیش دووبارە هەمان وشەیان دەوتەوە.

کەچی ئەمڕۆ مامۆستا "سینان" باش لە فیکەی خۆی گەیشتبوو، پارچە پەڕۆیەکی بە دەم و لووتییەوە ئاڵاندبوو، نەبادا تۆزی تەباشیر هەراسانی بکات، بۆیە دەنگی گۆڕابوو، منگەمنگێکی کەمێک ڕوون.

"دەی خێرا کەن، هەمووتان دەفتەرەکانتان بکەنەوە! نامەوێت کەس بجووڵێتەوە، نقەتان لێوە نەیەت. ها! تێگەیشتن؟ دەمتان

بـدوورن، قسـەکردن مەمنـووعە، تەواو. فسکەفسـک نەکەن. گێرشـێوێن لێـرە جـێگەی نـابێتەوە. بێعـاریم ناوێـت. ئێـرە تەمبەڵخـانە نیـیە. هێـی، ئەوەی مـن لەسـەر تەختەڕەشـەکە دەینووسم، ئێوەیش بینووسنەوە دەی!"

ساردۆنیا ئاهێکی هەڵکێشا و عەینەن مشکان دەستی کرد بە کرۆشتنی نووکی قەڵەمدارەکەی. دوای کەمێک بیری کەوتەوە کە جانتـاکەی بەر داوەتە سـەر زەوی. بـۆ نەگبەتـی ئەمـڕۆ ئەتڵەسەکەیشـی لەگەڵ خۆیـدا بـۆ مەکـتەب هێنـاوە. خـۆی پێڕانەگیرا، بەدزییەکەوە دەریکرد و خستیە سەر ئەژنۆکانی، دەستی کرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی و بە لاچاوێکیش هەر سەیری مامۆستا "سینان"ی دەکرد. نەخشەی یابانی کردەوە کە سـەبارەت بە هەنـدێک دەوڵەت دەکەوتە ڕۆژهەڵاتـی دوورەوە، بۆ هەندێکی دیکەیش لە باکووری دوور هەڵکەوتبوو.

"هاپشووووو!"

دەرکەوت ئەو پارچە قوماشەیش سوودی نەبوو، دیسان بە دەنگی بەرز هاواریان کرد: "یرحمك الله، مامۆستا."

"کوڕە بەسـە هەی عەمرتـان نەمێنێ، پێویست ناکات. هااهـا! هاپشوووو."

ئەوەندە پژمـی، ناخۆشـی کرد. دەموچـاوی سـوور هەڵگەڕا، نـاوچەوانی ڕەش داگەڕا. هاوکێشـەیەکی بەپەلەپڕوزێ لەسـەر تەختەکە نووسی. تەباشیرەکەی دا بە دیوارەکەدا و وتـی: "کێ وەڵامـی ئەم پرسـیارە دەزانێـت؟ دەی بـا بـزانم، یەڵـڵا وەڵام بدەنەوە. مەگەر چاوتان نابینێت، ئەوە باری تەندروستیم تێک چوو، هەوڵم دا وانەکە تەواو بکەم، بەڵام ئەوەتا دەمبینن!"

هەنـدێک لە فێرخوازەکـان بەخێرایـی دەسـتیان هەڵبـڕی: "مامۆستا... مامۆستا... مامۆساااا..." دیسان هەر ئەو کۆمەڵەی ڕۆژانی دیکە بوون. عادەتی وا بوو ڕێی پێ دەدان بۆخۆیان قسە بکەن یان پرسیار بکەن، وەلێ ئەم جارەیان شتێکی دیکەی کرد، سەیرێکی ڕیزەکانی لای دواوەی کرد، پاشان ئاڵایە ساردۆنیاوە: "تۆ، کچە قژ درێژەکە! دەی ناوت چی بوو؟ گوڵ بوو، یان شتێکی لەو جۆرە!"

تەواوی کوڕەکان بەپێکەنینەوە بە دەنگێکی بەرزەوە وتیان: "گوڵی ساردۆنیا، مامۆستا."

ئەویش هەموویانی سەرزەنشت کرد و وتی: "باشە، ئیدی بەسە، پێویست بەو لاقرتێیە ناکات. دەی وەڵام بدەرەوە، ئەی گوڵ."

ساردۆنیایش بەشڵەژاوییەکەوە نوقمی ئەملاولای خۆی، هەر ئاگایشی لێ نەبوو پرسیارەکە باسی چیی دەکرد!

"ببورە مامۆستا، ئاگام لە خۆم نەبوو، دەتوانیت پرسیارەکە دووبارە بکەیتەوە؟"

دەموچاوی مامۆستا "سینان" سوورخن بوو، کەچی ئەوەندە تووڕە بوو؛ تاریک داگەڕا، وتی: "چی؟ بیری لای وانەکە نەبووە؟ ئەی خانم، من لێرە پیازتان بۆ پاک دەکەم؟ بەم هەموو نەخۆشییەوە خۆم ماندوو دەکەم، کەستان پێی دەزانن؟ تەبعەن، نەخێر. کچم، بۆ گوێ ڕاناگریت؟ بۆ دڵم تەنگ دەکەن؟ باشە، منم پێویستم بەو زانیارییانەیە؟ نەخێێێر، ئەوە ئێوەن پێویستتان پێی دەبێت. ئەگەر لە ئێستەوە گوێ لە وانەکە ڕانەگرن، بێگومان ئەنجامەکەتان لە تاقیکردنەوەدا سفر دەبێت.



Scanned with CamScanner

سـفر! دەزانـن سـفر چـۆنە؟" پاشـان هەردوو پەنجەكـانی دۆشـاومژە و ئەسـپیكوژەی بەیەكەوە نووسـاند و شـێوەیەكی بازنەیی لێ دروست كردن: "ئەوەیە سفر، باشە؟"

سـاردۆنیا بەتەنگەنەفەسـییەكەوە ئاهێكی هەڵكێشـا و بەتەمـا بوو مامۆستا بڵێ "فەرموو دانیشەرەوە"، كەچی دۆخەكە بەدڵی ئەم نەكەوتەوە. مامۆسـتا "سینان" پرسـیارێكی دیكەی ئاراسـتە كرد: "دەی باشە، مادەم با بزانین خەیاڵت بۆ كوێ ڕۆیشتبوو؟ ئەقڵت بە چییەوە سەرقاڵ بوو؟"

سـاردۆنیا بەخێـراییەكەوە وتـی: "لە یابـان بـووم." پاشـان دەستی خستە سـەر دەمی. "ئای خوایە گیان، تووشم بوو بە تووشی چی بەڵایەكەوە! شەڵڵا زمانم ببڕایە و ئەو قسـەیەم لە دەم دەرنەچووایە."

دەنگی پێكەنین ئەو ناوەی تەنی.

ساردۆنیا وتی: "داوای لێبوردن دەكەم."

وەلـێ مامۆسـتا گـوێی نەدایە ئەو پۆزشـهێنانەوەیەی، وتـی: "ئـا... یابـان، كەواتە لە پاداشـتی ئەو كـارەدا، ئەركـی ماڵەوەت لەوانی دیكە زیتر دەبێت، ئەگەرنا با بزانیت كەوتنت مسۆگەرە."

دیسان هەرا و هۆریای پێكەنین گۆمەكەی شڵەقاندەوە.

ساردۆنیا وتی: "زۆر باشە، مامۆستا."

سـەری ڕاوەشـاند و بە چـاوی پـڕ لە گریـانەوە سـەیری ئەتڵەسەكی كردەوە. خۆزگە لە وڵاتێكی دیكە دەبوو. خۆزگە لە ئەمەریكای باشوور بووایە و "لاما"ی بەخێو بكردایە! خۆزگە لە بیابانەكـانی ئاسـیادا بەدووی ئاسـكێكەوە بـووایە! خـۆزگە لە

ئاوەکـــانی ئەنتارتیکـــا، یـــاریی تـــۆپێنی لەگەڵ ســـەگلاوەکاندا بکـــردایە! خـــۆزگە بچـــووایەتە نێـــو ئەتڵەســـەکەوە و لەجێتیـــی سەرزەنشتی مامۆستا، پیاسەیەکی بە دنیادا بکردایە!



Scanned with CamScanner

# نهێنییەکەیماڵەوە

دوای کۆتاییهاتنی وانەی وەرزش، هەروەکوو نەریتی وا بوو، ساردۆنیا خۆی هەڵدایە نێو پاسەکەی قوتابخانەوە و منداڵەکان ڕۆیشتنەوە. سەیری کرد کورسییەکانی لای پێشەوە پڕ بوونە، بەرەو دواوە بـــۆی کشـــا، ئەوە کێـــیە لەوێـــیە؟ فەوواز لەناوەڕاستی پاسەکەدا دانیشتبوو، دەستی بە گۆرانیوتن کرد:

"ئەوا دایدایە باران

ئەوا جووڵان ڕووباران

سەیری ساردۆنیا

دەنوارێ لە پەنجەران"

ساردۆنیا گوێی پێ نەدا، ئەوە بەلایەوە ئاسایی بووەتەوە. منداڵان هەندێکیان بۆ بێزارکردنی بەرانبەرەکانیان؛ ئەو کارانە دەکەن، قسەی ڕەق و ناشیرین بە یەک دەڵێن. ئێ خۆ ناکرێت هەر کەس وتی "لەل"، تۆیش بێیتە جواب و بێژی "بەل"!

بەرەو کورســـییەکەی دوا دواوە ڕۆیشـــت، لەتەنیشـــت جامەکەوە دانیشت، ڕوومەتی نابوو بە شووشەکەوە و سەیری دەرەوەی دەکرد.

پاش کەمێک پاســەکە کەوتە ڕێ. ئۆتۆمبێلەکان، پیادەڕەو، ماڵەکان، پشیلە، سەگەکان و باڵندەی نەورەس، هەموو ئەوانەی بینی. دەوروبەرمان پڕە لە ژیان! داخۆ دەبێت ئەو هەموو خەڵکە بیر لە چی بکەنەوە؟ ئەو منداڵە کلێنسفرۆشە بیر لە چی



Scanned with CamScanner

دەکاتەوە؟ ئەی پیرەپیاوی کێکفرۆش؟ ئەدی ئەو ئافرەتە شۆخوشەنگەی بەخێرایی دەڕوات؟

پاشان بیری چووە سەر دایک و باوکی، باشە دەبێت ئێستە چی بکەن؟ ئەو دووانە دڵێکی باشیان هەیە، پڕن لە خۆشەویستی.

ساردۆنیا خێزانەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست، خۆزگەی دەخواست بتوانێت هەندێک شت لەناو خێزانەکەیدا بگۆڕێت، چونکی دایکی بەردەوام دڵاودڵ بوو، باوکی خەیاڵی پەرت و پرشوبڵاو بوو. هەروەک ئەقڵی دایکی پڕ بوو لە ترس و ڕاڕایی لە بارەی کارەکانی باوکیەوە. ساردۆنیایش کچە تاقانەکەیان بوو.

لەوانەیە دایک و باوکی حەزیان بە منداڵی دیکە نەبووبێت، کێ دەزانێت، بەڵکوو حەزیان پێی بووبێت و خودا بە قسمەتی نەکردبن! ئێ ساردۆنیا نەیدەوێرا بۆ یەک جاریش ئەو پرسیارەیان لێ بکات.

لە گەرماوەکەی ماڵەوەیاندا کیسەیەکی گەورەی قوماش هەبوو، ڕێک دەتوت ورچی جەمسەرەکانە، ساردۆنیا ناوی لێ نابوو "کیسەی پرسیارە بڤەکان". جا هەر جارێک پرسیارێکی بە زەیندا بهاتایە و ڕاڕا بووایە بۆ ئەوەی لە باوکی بپرسێت، فرێی دەدایە ناو ئەو کیسەیەوە. لە زۆریی پرسیارەکان، خەریک بوو دەتەقی!

دیارە هەندێک جاریش نەیدەتوانی زمانی خۆی بگرێت و چەند پرسیارێکی لە کیسەکە دەردەهێنا و لە دایکی دەپرسی: "ئەرێ دایکە، تەمەنت بیزەبت چەندە؟" یان: "دایە، وا هەست

دەکەم کەمێک کێشت زیتر بووبێت!" ئێ قوربەسەرە چی بکات! خۆی کچێکی خۆبەرەوەپێش بوو، منداڵییش یانی کەسەکە خۆی لە هەموو شتێک هەڵبقورتێنێت، مەگەر وا نییە؟

ساردۆنیا هەندێک جار بەوەی تاقانەی ماڵەکەیان بوو، دڵخۆش دەبوو. جاریش دەبوو پەست و بێزار، ئێ خۆ کەرەکێوی نییە حەزی بە تەنیایی بێت. ئەوەتا خێزانەکانی ناسیاویان منداڵیان زۆرە، هەن بەو ژمارە زۆرەی منداڵ کەیفخۆشن و هەیشن چارەیان ناوێت! یانی ئەمان و خەڵکی وەکی یەکن و تەواو.

دڵخۆش بوو بەوەی تەنیایە و ژووری تایبەتیی خۆی هەس، کەس بێزاری ناکات و یارییەکانی لێ تێک نادات، کیسەڵەکانی ئازار نادات، بەڵام ناوبەناو هەستی تەنیایی دایدەگرت. باشە، خۆشتر نەدەبوو ئەگەر برایەک یان خۆشکێکی هەبووایە؟ یان هاوڕێیەکی نزیک؟ خۆ بۆی نەبوو لەگەڵ منداڵانی گەڕەکیشدا وازی بکات، ئەوە باسی چوون بۆ ماڵی هاوڕێکانی بۆ یاریکردن هەر مەکە!

بۆیە هیچ پەیوەندییەکی هاوسۆزانەی بە کەسەوە نەبوو، حەزیشی بەوە نەبوو لەگەڵ هاروهاج و لاسارەکاندا گەمان بکات. ئەی خوایە، دەرمانێ بۆ ئەم دەردە گرانەی! بڕێ منداڵی باشیش لە گەڕەکەکەیاندا دەژیان، ڕووخۆش و ڕێکوپێک، حەزی دەکرد بیانناسێت، چەند ئاواتەخواز بوو پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵیاندا دابنێت، بەڵام چۆن هەڵۆ چاودێریی نێچیرەکەی دەکات، دایکی ئەمیش ئەوها بوو. ئەوە بوو کەرەتێکیان لێی پرسی: "دایە گیان، باشە خۆت لە منداڵیدا لە



Scanned with CamScanner

دەرەوە یاریت نەدەکرد؟ ئەدی بۆ خۆت حەلال بوویێت، خێرە لە من حەرامە؟"

خاتوو "خەیال"ی دایکی وا وەلامی دایەوە: "کچم، بارودۆخەکە لە زەمانی ئێمەدا جودا بوو. ئەو دەمەی من منداڵ بووم، ئۆتۆمبێلەکان کەم بە گەڕەکەکەدا تێدەپەڕین، بەڵام ئێستە ئەوە خۆت دەبینیت، نەک هەر پاس، بەڵکوو ماتۆڕیش پەیدا بووە. دنیا زۆر گۆڕاوە، هەموو شتێک لەچاو جاراندا تێک چووە. سەروەختی ئێمە تەماتەیەکمان قاژ دەکرد، بۆنەکەی ئەو ناوەی پڕ دەکرد، ئەی ئێستە بووەتە مەدالیای پلاستیکی، ڕەنگی سوور و جوان، تامی کا، کا!"

ساردۆنیا پەیوەندیی نێوان ئەو پرسیارەی کە کردی و ئەو وەلامەی دایکی دایەوە، نەدۆزییەوە.

- دایە، من چیم لە تەماتە داوە؟ هاوڕێم دەوێت بۆ ئەوەی یاریی لەگەڵدا بکەم!

- زۆر باشە کچم، ئەوە بوو مەبەستی قسەکانم، هەروەکی چۆن تام و بۆنی تەماتەکەی جاران ڕۆیشتن، یاریکردنیش لە گەڕەکەکەدا نەما، ڕابردوو بە جوانییەکانیەوە تێپەڕی. نوقتە، سەری دێڕ.

ساردۆنیا یەکسەر بۆی دەرکەوت کە بلوێر بۆ گا لێدانە و لەگەڵ دایکیدا فایدەی نییە. بۆیە گرینگیپێدانی خۆی، دایە کتێبەکانی. هەر لە منداڵییەکی زووەوە، کتێب نزیکترین هاوڕێی بوو. ڕۆمان، هەقایەتەکان و هۆنراوە، لە کتێبە دڵدادەکانی بوون. چەندان کتێبی هەبوو، کەچی هێشتا هیی دیکەی

دەخواستن. لە کتێبخانەی قوتابخانەیش بەردەوام دەیهێنایەوە و دوای خوێندنەوەی، دەیگەڕاندەوە.

پاسەکە وەستا و ساردۆنیا سەیری کرد وا لەبەر دەرگای ماڵەوەیە. ئەوەندە خەیاڵی ڕۆیشتبوو، نەیزانی چۆن وا بەخێرایی کاتەکە تێپەڕی. جانتاکەی هەڵگرت و ویستی دابەزێت.

بەختێکی باشی هەبوو کە ڕۆژی هەینی بوو، ئەو لەم ڕۆژەدا قوتابخانەی زێتر خۆش دەویست، گوێی لەوە نەبوو هەندێک شتی ناخۆش ڕوویان دەدا. ئێ قەت بیستووتە بوخور بەو بۆنە خۆشەیەوە، دووکەڵی نەبێت!

بەوپەڕی ئارامییەوە چاوەنۆڕی پشووی کۆتایی هەفتە بوو، چونکی ئەو پشووە دەرفەتێک بوو تاکوو لەگەڵ باوکیدا بڕۆنە دەرەوە و پیاسەی خۆیان بکەن، لە باغچە دابنشین، پیاسەکەرانی کەنار دەریا ببینن، شیرینی بخۆن و چەرەزاتیش بکرن.

ئەوەندە قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن، تا خوا ئەڵێ بەسە، ئەمەیش جوانترین شتی ئەو دووانەیە: قسەکردنی کچ بۆ باوکی.

گەیشتە ناوەڕاستی پاسەکە، کوڕە شەڕانییەکە پێی درێژ کرد تا ساتمەی پێ بکات، خۆ ئەگەر دەستی بە لێواری کورسییەکەی دیکە نەگرتایە، لەسەر گازەرای پشت دەیدا بە بە عەردda، کەچی هێشتا جلە وەرزشییەکانی لە دەسکی کورسییەکە گیر بوون و دڕان.

فەووازی تەڵەکەباز پێکەنی و پێی وت: "ئەوە داوێکم لای دایکت بۆ نایەتەوە، دەرچوونت لێی مەحاڵە."

ساردۆنیا هاواری کرد و بەتوورەییەوە بە ڕوویدا هەڵشاخا و وتی: "ئەوە بۆ وات کرد؟"

فەووازیش هاتە گۆ: "چیم کردووە، من بێتاوانم!"

دەنگی شۆفێری پاسەکە قسەکانی پێ بڕین: "زوو کە کچێ، مەگەر ناتەوێت دابەزیت؟ چی کێشەیەک ڕووی داوە؟"

کاکی شۆفێر تێبینیی ئەوەی نەکردبوو چی لە دواوە ڕووی داوە. خۆ ساردۆنیا دەیتوانی سکاڵا لە فەوواز بکات، کەچی پشتگوێی خست. لە ڕاستیدا پێویست بوو بە مامۆستا یان بەرپرسی قوتابخانەکە بڵێت، تاکوو کەس هەڵسوکەوتێکی هەڵە بەرانبەر کەس نەنوێنێت.

ساردۆنیا بەرەو لای دەرگای پاسەکە جووڵا و سەرێکی لەقاند و وتی: "هیچ نەبووە، نا." کابرای شۆفێریش بەدەم زەردەخەنەوە خواحافیزیی لێ کرد و وتی: [خوات لەگەڵ کچەکەم، ساردۆنیا."

لە پاسەکە دابەزی، سەیرێکی کرد، چی دەبینێت؟ وا فەوواز سەری بە جامەکەوە ناوە و زمانی لێ دەردەهێنێت.

هەندێک منداڵ هەڵسوکەوتی سەیر دەنوێنن، وا گەورە دەبن و ١١ ساڵیان تێپەڕاندووە، کەچی هەڵسوکەوتیان هیی منداڵێکی ٥ ساڵانە!

ئای کە ناخۆشە منداڵ بیت! خۆ ئەگەر گەورە بێت، کارێکی تایبەت و ماڵێکی تایبەتی دەبێت. بۆ کارەکەی دەڕوات، نەک

هەموو بەیانییەک بۆ قوتابخانە. ئای کە خۆشە گەورە بێت، ئەوسا ناچار نابێت لەگەڵ کەسانێکدا کە خۆشت ناوێن؛ سواری ئۆتۆمبێل ببێت. هەروەک دەتوانیت بە کامی دڵی خۆت تەماشای تەلەفزیۆن بکەیت. کەی دەخەویت، بخەوە. ئەرکی ماڵەوەیش نەما. ژیانی پێگەیشتووان زۆر ئاسانترە، بەڵام هەستی پێ ناکەن، چونکی دەردەسەرییەکانی منداڵییان بیر چووەتەوە. ئەگەر لەبیریان بمایە، ئەوسا دەیانزانی لە چ ناز و نیعمەتێکدان! کەچی هەر ئاخ و ئۆفیانە!

جارێکیان ساردۆنیا لەم بارەیەوە لەگەڵ باوکیدا کەوتە گوتوبێژ. سەیید "حەسەن" بزەیەکی هاتێ و وتی: "بەڵام ڕۆیشتن بۆ سەر کار، زۆر قورسترە لە چوون بۆ قوتابخانە. کچم، تۆ ڕۆژانە زانیاریی نوێ فێر دەبیت، لە پشووەکاندا دەچیتە گۆڕەپانەکە، یاری دەکەیت، بەس گەورەکان هەموو ڕۆژێک هەمان شێوازی کارکردن، نە پشوویەک، نە گەمەیەک. جا ئەوەی گەورە بێت، زۆر بێزارکەرە!"

ساردۆنیا بەسەرسوڕمانێکەوە وتی: "بێزارکەر؟ باشە، مانای ئەوە نادات تۆ سەربەستی؟ پێم ناڵێیت چۆن سەربەستی، بێزارکەرە؟"

باوکی هاتە گۆ: "کچم، کە گەورە بوویت، ئەوجا تێدەگەیت."

تەبعەن ئەم قسەیە بەدڵی ساردۆنیا نەبوو. ئایا ئەوە مانای وا نییە پێویستە ١٠ ساڵ چاوەنۆڕ بێت، تا لە شتێک حاڵی ببێت؟

پاسەکە بۆی دەرچوو، دەنگێکی لێوە هات عەینەن دەنگی قۆخەقۆخی کابرایەکی زرتەزەلام. ئەوە گەیشتەوە بەر دەرگای

ماڵەکەیان. هەر چەند هەوڵی دابوو جلە دڕاوەکانی چاک بکاتەوە، بەڵام بێئومێد مابووەوە. کە وا بێت تووڕەبوونی دایکیشی مسۆگەرە کە بڵێت: "باشە تۆ بەم تەمەنەوە شەرم ناکەیت، نازانیت جلەکانت بپارێزیت؟"

بە هەنگاویەلێکی ماندووەوە خۆی بە نێو بیناکەدا کرد. لە نهۆمی سێیەم بوون. مەسعەدەکەیش هەر بەناو مەسعەد بوو، ڕۆژێک ئیشی بکردایە، دە ڕۆژ نەیدەکرد، بۆیە بە قادرمەکاندا سەر دەکەوت. حەزی لەو پلە پلانە بوو، لەبەر ئەوەی دەیتوانی ئەو چیرۆک و هەقایەتانەی کە باسی دەرگا داخراوەکانیان دەکرد، بەبیر خۆی بهێنێتەوە.

بە ئەسپایی بە قادرمەکاندا چووە سەرێ، بۆنی چێشت پلە بە پلە زۆرتر دەبوو: بۆنی باینجان، بیبەر، کوولەکە، پەتاتەی سوورەوەکراو، ماستی سیر تێکراو و کوببە. ئای وا خەریکە چۆلەکەکانی سکی لە برسێتیدا دەکەونە جریوەجریو، دەمێکە هیچی نەخواردووە، چونکی تامەزرۆیی نەمابوو، وا ئێستە برسێتی زۆری بۆ هێناوە.

سەیرێکی دەرگاکانی کرد، پێڵاوەکان داکەنرابوون و بەتەنیشت یەکەوە ڕیز کرابوون. لە هەردوو بەری هەر دەرگایەکیشەوە، دوو گۆزە لە گوڵ و گوڵزار دانرابوون. لە شوققەکەی فورقانی دراوسێیانەوە دەنگی گسکی کارەبایی دەکەوتە بەر گوێ. لە شوققەی بەرانبەریشیانەوە بۆنی پاککەرەوەکان دەهات. یەکێک ناو ماڵی شۆریبوو، یەکێک پەنجەرەی پاک کردبووەوە، ئەوی دی فەرشی هەڵتەکاندبوو.



Scanned with CamScanner

ئەم کـــارانە بەردەوام لێـــرەدا دەکـــران، کەچـــی کـــۆڵان و شۆستەکان بەم پاکییەوە نەدەبینران!

ساردۆنیا توانای هەڵهێنانی ئەو مەتەڵەی نەبوو، داخۆ بۆچی خەڵکی هەمـوو گرینگییان بە ماڵەکانیان دەدەن و ئەو شارەی تێیـدا دەژیـن؛ پشـتگوێ دەخەن! قوتـووە بەتاڵەکـان لە جـامی ئۆتۆمبێلەکانەوە فڕێ دەدەن. پاشماوەی خواردنەکانیان دەکەنە ئەو ناوە و نایکەنە تەنەکە زبڵەکانەوە! نازانم چۆن دەتوانن لە جادە و بانەکـان پیس و پۆخڵ بن و بۆ ماڵەکانی خۆیشـیان پەڵەیەک بە کەمتەرخەمـی بـزانن؟ بێگومـان ئەوە یەکێکی دیکە بوو لە نهێنییەکانی گەورەکان، کە ساردۆنیا نە لێی تێدەگەیشت و نە هاوکێشەکەیشی بۆ شیکار دەکرا!

گەیشـتە نهـۆمی سـێیەم و هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵمـژی، کلیلیشـی پـێ بـوو، بەڵام وای بە بـاش زانـی زەنـگەکە لێبـدات. دایکـی نەریتـی وا بـــوو زوو دەگەیشـــتە دەرگـــاکە و لێـــی دەکردەوە، کەچی ئەم جارەیان دوا کەوت و دەنگی نەبوو.

دەمێک ساردۆنیا ویستی بە کلیلەکە دەرگا بکاتەوە، بەهێمنی بـۆی کــرایەوە. خـــاتوو "خەیـــاڵ" نیشـــانەی دڵاودڵیـــی بە دەموچاوی کچەکەیەوە بینی، بەخێرهاتنەوەی لێ کرد و وتی: "ئەک بەخێر بێیتەوە، کچە شیرینەکەم."

سـاردۆنیا یەکسـەر ڕاسـتییەکی بە دایکـی وت و هـاتە قسـە: "جلە وەرزشییەکانم دڕاون، دایکە گیان."

"هەر گوێیشـی مەدەرێ کچـم، ئەو شـتانە هەر ڕوو دەدەن. یەڵڵا دایانبکەنە، با بیاندوورمەوە."



Scanned with CamScanner

ساردۆنیا بەدەم جل داکەندنەوە لە دایکی پرسی: "ئایا تووڕە نابیت؟"

دایکیشی خەیاڵی لە شوێنێکی دیکە، گوێی لێ نەبوو، بەدەم قسەکردنەوە بەرەو ژوورەکەی پشتەوە ڕۆیشت و دەیوت: "دەبێت قوتووی ددانەکانم بدۆزمەوە."

"نانیشم نەخواردووە، دایکە."

کەمێک بێدەنگی ئەو ناوەی داگرت، پاشان دایکی لە ژوورەکەوە وتی: "با وا بێ بچکۆڵەکەم، ئێستە دەیخۆیت."

دیسانەوە ساردۆنیا پرسیی: "ئەوە تووڕە نەبوویت؟"

بێدەنگی جارێکی دیکە ئەو ناوەی داپۆشی، بەڵام لە جاری پێشوو زۆرتر.

ئەوسا ساردۆنیا درکی بەوە کرد شتێک ڕووی داوە. مادەم دایکی هیچ قسە ناکات، تەنانەت لەو شتانەیشدا کە جاران شێت و هاریان دەکرد، دەبێت شتێک هەر ڕووی دابێت. خۆ نەیوت: "ئەوە کچم، خێرە نانت نەخواردووە؟"

خوایە گیان دەبێت چی ڕووی دابێت؟ ئەوە دایکم چیم لێ دەشارێتەوە؟



Scanned with CamScanner

کاتێک ساردۆنیا چووە هۆڵەکە، سەیید "حەسەن"ی باوکی کە نەریتی وا نەبوو، لەوێ دانیشتبوو. لەسەر قەنەفەکان بوو. ئێ هیچ جارێک لەم کاتەدا لە ماڵ نەبوو. سەیرە خودایە!

باوکی دەیڕوانییە دەرەوە، نە ڕۆژنامەی بە دەستەوە بوو، نە وشە یەکتربڕەکانی دەدۆزییەوە، تەنانەت چاویلکەکەیشی هەر لە چاودا بوو، شتێکی نامۆ بوو! باوکی چالاکترین کەس بوو کە دەیناسی، ئێ خێر بێ خوایە وا بێ ئیش لێی دانیشتووە!

کاتێک ساردۆنیای بینی، وتی: "یا خوا بەخێر بێیتەوە کچم، ئەی زیرەک و ئاقڵ، حاڵت چۆنە؟"

ساردۆنیا بزەیەک گرتی، چونکی بەردەوام باوکی شانازیی پێوە دەکرد، قسەی خۆشی بۆ دەکرد، دڵی بە قسەکانی باوکی دەکرایەوە. بۆیە وتی: "زۆر باشم، باوکە."

دانیشت و پاڵی بەلای شانی باوکیدا دایەوە، پاشان وەک هەمیشە بۆنە هەمیشەییەکەی باوکی بەسەریدا هات، بۆنی مەعجونی ڕیشتاشین و کەمێک بۆنی سابوون. دەزانن بۆ؟ چونکی خاتوو "خەیاڵ" بەردەوام و بۆ چەندان ساڵ لەسەر یەک، یەک جۆر سابوونی دەکڕی. هەموویان ئەوەیان بەکار دەخست، جا بۆ خۆشۆرین، یان شۆرینی قاپ و قاچاغی نانخواردن بووایە.

باوکی لێی پرسی: "چۆن ئەمڕۆتان لە قوتابخانە بەڕێ کرد؟"



Scanned with CamScanner

"مامۆستا 'لەیلا' لە وانەی زانستەکاندا نمرەی نایابی بۆ دانام."

"دەی زۆر باشە، کچم."

"بەڵام لە وانەی بیرکاریدا، مامۆستا سەرزەنشتی کردم."

باوکی کەمێک پێکەنی و وتی: "دڵتەنگ مەبە کچم، تەنانەت ئەوانەیش کە شێری پۆلن؛ هەندێک جار نمرەی نزم دەهێنن، یان ئاستبەرزەکەیان لە وەڵامێکدا هەڵە دەکات. ئەو پەندەت نەبیستووە: سوار تا نە گلێ، نابێ بە سوار؟"

"ئەوە یانی چی، باوکە؟"

"یانی ئەوەی هیچ کەسێک هەموو زانستەکان نازانێت، لەوانەیە تۆ لە بابەتێکدا لێهاتوو بیت، بەڵام بێگومان بە هەیە لە تۆیش شارەزاتر."

"ئێ باوە تۆ لە هەموو شتێک دەزانیت، وا نییە؟"

"من؟ نەخێر، منیش نازانم!"

ساردۆنیا بەو وەڵامە قنیاتی نەکرد، چونکی باوکی زیرەکترین کەس بوو بەلایەوە. ئەوان لەم سەین و بەینەدا بوون، دایکی بانگی کرد و وتی: "گوڵی ساردۆنیا؟"

ئەویش وتی: "بەڵێ، دایکە."

"وەڵامی دایک بە 'بەڵێ' نادرێتەوە، دەتوانی بڵێیت: فەرموو، دایە گیان."

"فەرموو، دایە گیان."



Scanned with CamScanner

"وەرە و لە ئامادەکردنی سفرەکەدا یاریدەم دە."

ساردۆنیا قاپەکانی لە متبەقەکەوە هێنا و لەسەر مێزەکە داینان. کەوچک، چنگاڵ، پەرداخەکان و دەسرەکانی لە لایەکەوە ڕیز کرد، بە تیلەچاویش لە باوکی دەنۆڕی، هەستی دەکرد شتێک ڕووی داوە، ئەمە وای لێ کردبوو دەوروخولی لە مێشکیدا دەکرد.

دایکی لە متبەقەکەوە هات و بە مەنجەڵێکی پڕ لە چێشتەوە وتی: "چییە، دەتبینم دیسان ڕۆیشتوویت و لێرە نیت. ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە، هەی کوندەبەبووە چکۆلەکە؟"

"کوندەبەبووی بچووک چییە، دایە؟"

"جۆرێکە لە جۆرەکانی باڵندەی کوندەبەبوو."

"داخۆ بیر دەکاتەوە؟"

دایکی وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بەبێ وەستان."

ساردۆنیا برۆکانی لێک نا و وتی: "ئێمە لەکوێوە ئەوە دەزانین؟ لەوانەیە خەڵک وا گومان بکەن. خۆ باڵندەکان ناتوانن بێنە قسە، ئیدی چۆن دەتوانن ئەوە ڕوون بکەنەوە؟"

"کچم مەبەستم لەو قسەیە شتێکی وا نەبوو، هەر وا بێ بیرلێکردنەوە بە دەممدا هات."

ئەوەی شتێک هەر لەخۆوە بڵێیت و بێ بیرلێکردنەوە، دیسان قسەی گەورەکانە کە ساردۆنیا لێی تێنەدەگەیشت. ئەی کە وایە، بۆچی خەڵکی قسەیەلێک دەکەن کە خۆیان هەڵیدەبژێرن، بیری لێ ناکەنەوە یانی چی؟ ئەو قسانە بەبێ ڕوخسەت لە

دەم دەردەچن؟ زمانی بەسترا و نەیتوانی پرسیار لەم بارەیەوە بکات، وتی: "با هەر لە دڵی خۆمدا بێت باشترە!"

لە کۆتاییدا سفرەکە ڕازێنرایەوە و ئامادە کرا، هەموویان چواردەوریان دا. نەریت وایە هەریەکە و قسەی خۆی بکات. ڕۆژەکە چۆن بەڕێ خراوە و چییان کردووە، بەڵام بێدەنگی بەسەر کەشەکەدا زاڵ بوو کە ئەمە نەریتی ئەوان نەبوو.

دوای خواردنی شۆرباکە، سەیید "حەسەن" ڕووی دەمی کردە خاتوو "خەیاڵ" و وتی: "پێویستە مەسەلەکە بە کچەکەمان بڵێین."

یەکسەر ساردۆنیا وتی: "چی مەسەلەیەک؟"

دایکی قاپەکانی شۆرباکەی لا دا، بە زەردەخەنەیەکی پلاستیکییەوە وەڵامی کچەکەی دایەوە: "پێویستە لەگەڵ باوکتدا بۆ سەفەرێک بچینە دەرەوەی ماڵ."

بەخێرایی لە دایکی پرسی: "سەفەری چی؟ بۆچی؟ چۆن؟ کەی؟ بۆ کوێ؟"

دایکی وتی: "بەیانی سەفەر دەکەین."

"بەڵام من و باوکم پێکەوە پیاسەمان هەیە!"

سەیید "حەسەن" دەستی ساردۆنیای گرت و وتی: "کاتێک گەڕاینەوە، پیاسە دەکەین. بەڵێنت پێ دەدەم. گەشتێکی دوورودرێژ نییە، هەفتەیەک زێترمان پێناچێت."

ساردۆنیا هاواری کرد: "یەک هەفتە؟ زۆرە، باوکە! ئەی باشە بۆ پێشتر بە منتان نەوتووە؟"



Scanned with CamScanner

"ئێمەیش ئەوەمان نەزانیبوو، ئێستە بۆمان دەرکەوتووە کە دەبێت بڕۆین. باپیر و نەنکت چاویان لێت دەبێت، ئەوە ماوەیەکی زۆرە سەردانمان نەکردوون و تۆیان نەبینیوە، دڵنیام زۆر تامەزرۆن بۆ بینینی تۆ. ئای کە بەختێکی باشت هەیە، ئەو هەموو نازەت پێ دەدەن!"

ئەوە ڕاست بوو، باپیر و نەنکی زۆر خۆشیان دەویست.

ساردۆنیا وەڵامی دانەوە: "ئێ خۆ نەنکم و باپیرم لەم ناوچەیەی ئێمە نین. ئەگەر بمنێرن بۆ ئەوێ، ناتوانم بۆ قوتابخانە بڕۆم."

ئای لەم قسە نامۆیە، ئەوە خۆ بەردەوام ئێرەیی بە گەورەکان دەبات و حەزی بە گەورەبوونە، چونکی وا دەزانێت ئەوان زۆر خۆشبەختن و ناچن بۆ قوتابخانە. تەنانەت هەندێک جار خۆی دەکاتە نەخۆش، بۆ ئەوەی نەچێت بۆ دەوام، کەچی ئێستە دەڵێت: وانەکانم دەفەوتێن!

"نیگەران مەبە کچم، باوکت لەگەڵ بەڕێوەبەردا قسەی کردووە و مۆڵەتی لێ وەرگرتووە، تەنیا ٥ ڕۆژت لێ دەڕوات، دواتر داوا لە مامۆستاکانت دەکەیت ئەوەی لەدەستت چووە؛ بۆت دووبارە بکەنەوە، ئەوسا بەخێرایی بە هاوپۆلەکانت دەگەیتەوە."



Scanned with CamScanner

دایکی لە کاتی ئەم قسانەدا خواردنی دەکردە ناو قاپەکەی ساردۆنیاوە، ئەویش بەنیگەرانییەوە وتی: "باشە دایە گیان، ئەی سەفەرەکەتان بۆ کوێیە؟"

باوکی کە ڕووی لەولا بوو، هاتە وەڵام: "بۆ دەرەوەی وڵاتە، کچم."

ساردۆنیا ئەوەی دەزانی هەر کات گەورەکان بە چاو سەیری شوێنێکی دیکە بکەن و قسە بکەن، یانی شتێکی شاراوە هەیە و نایانەوێت ئاشکرا بێت!

هەر چەند ویستی باوەش بە باوکیدا بکات و پێی بڵێت: "کێشە نییە، باوکە. دەتوانیت پێم بڵێیت چی بووە؟"، وەلێ نەیتوانی، لەوە ترسا باوکی بەو داوایە تووشی شۆک ببێت.

دایکی دیسان دووبارەی کردەوە: "تەنیا یەک هەفتە و تەواو، گەشتێکی کارکردنی باوکتە، پێویستە منیش هاوڕێی بم، ئەگەرنا دەمانبردیت، بەڵام وەعد بێت بۆ گەشتی داهاتوو بتبەین."

"زۆر باشە، ئەی کیسەڵەکانم چییان بەسەر دێت؟ کێ بەخێویان بکات؟"

دایک و باوکی نیگایان گرتە یەکدی، دیار بوو ئەمەیان هەر بەبیریشدا نەهاتبوو.

"دەتوانم بیانخەمە شووشەیەکەوە و لەگەڵ خۆمدا بیانبەم؟"

دایکی ناوچەوانی دا بەیەکدا و وتی: "ئەوە نابێت، کچم! چی ڕوو دەدات ئەگەر 'جانکۆم' هەردووکیان بخوات؟"



Scanned with CamScanner

جانکۆم پشیله خرپنەکەی نەنکی بوو، ڕەنگی پرتەقاڵی، پاشقورس و تەوەزەل، بەوە ناسراوە دەم بۆ هەموو شتێک دەبات. جارێکیان ئەڵقەی پێڵاوەکانی ساردۆنیای دەلیستەوە، بەنیاز بوو بیخوات. جارێکی دیکە شووشەیەک مرەکەب قلپ بووەوە، ئەویش کەوتە لیسانەوەی و مانگێکی ڕەبەق زمانی مۆری دەکردەوە.

دواتر باوکی سەری قسەی وەرگرت و وتی: "دایکت ڕاست دەکات، ئەو ئاژەڵانە لەو گەشتەدا بۆ ماڵی نەک و باپیرت وەڕزت دەکەن."

ساردۆنیا وتی: "باشە، کێ ئاگاداریان بێت؟"

دایکی وتی: "باشتر وایە لای دراوسێکانی قاتی خوارەمان بەجێیان بهێڵین."

ساردۆنیا ئەو ڕایەی پێ باش نەبوو، چونکی متمانەی بە فورقانی دراوسێیان نەبوو، لەوەیە ئەو لاسارە شتێکی زیانبەخشیان دەرخوارد بدات.

ناڕازی بوو، بەڵام کەس هەبوو گوێی بۆ بگرێت؟ ئەمە ستەم نییە؟ دایک و باوکی بڕیاری شتێکیان داوە و پرسیان بەم نەکردووە!

ساردۆنیا بڕیاری بە خۆی دا، ئەگەر هاتوو گەورە بوو، بوو بە دایک، بەردەوام گوێ لە منداڵەکانی ڕابگرێت و بە کورتەوەڵام لەکۆڵیان نەکاتەوە.

هەر چۆنێک بوو قاپە خواردنەکەی خۆی تەواو کرد، یەکسەر بەرەو ژوورەکەی ملی نا و دارگاکەی داخست.



Scanned with CamScanner

تەنیا پەناگەی؛ ژوورەکەی خۆی بوو، زۆربەی کاتەکانی لەوێدا دەبردە سەر، بەتایبەت پشووی هەفتانەکەی. سەیری چواردەوری خۆی کرد، چەند شتێکی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر ڕەفەکە بینی: چەند دەفتەرێک، ملوانکەکان، بازنگەکان، پەیکەری ئەسپ و سەگێک، وێنەی سموورەی خاڵخاڵاوی.

دیواری ژوورەکە، وێنەیەکی چوارچێوە زیویی پێدا هەڵواسرابوو. ئەم وێنەیە لە کاتی سەردانی خێزانەکەی بۆ باغچەی گیانلەبەران، گیرابوو. وێنەیەکی دیکەیش هەبوو، کە لە ئاهەنگێکی شانۆییدا پێش چەند ساڵێک گیرابوو. ساردۆنیا لەو شانۆییەدا ڕۆڵی ئەمیرەیەکی وازی کردبوو، کە تا کۆتاییەکەی هەر چاوەنۆڕی ئەمیر بوو تا بێت و ڕزگاری بکات. ڕۆڵی ئەمیر گەرموگوڕیی پێوە بوو، ئەسپێکی هەبوو لەگەڵ ئەژدیها و شمشێرێک.

پێویست بوو ساردۆنیا خۆی بۆ ماڵی باپیر و نەنکی ئامادە بکات. جانتا بەتاڵەکەی سەفەری لە دۆلابەکەی دەرهێنا. ئای خوایە، پێویستە چی بکەمە ناو ئەم جانتایەوە؟ یەکەم جار دەفتەرۆچکەی یادەوەرییەکانی خستە ناوی. دەفتەرێک لە کاتی هەستکردن بە تەنیاییدا، هەموو شتێکی تێدا دەنووسی.

دوای ئەوە، خۆشەویستترین کتێبەکانی کردە ناوی: ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە، ئەلیس لە وڵاتی سەرسوڕهێنەرەکان، ئەمیر سەعید، گەشتێک بەدەوری جیهاندا لە ماوەی ٨٠ ڕۆژدا، کوڕەکانی سکە ئاسنینەکە. دواتر چەند زنجیرە کتێبێکی دیکەیشی تێ کرد: ڕۆژگارەکانی گەمژەیەک، ڕاوکەرانی



Scanned with CamScanner

نهێنییەکان، دوکانی خەونەکان، لەگەڵ چەند چیرۆکێکی منداڵان و پاڵەوانەکان، چیرۆکەکانی مەلای مەشهوریش.

ئینجا نۆرەی ڕۆمانە وێنەدارەکانە. پێشتر دایکی ڕێی نەدەدا ئەو ڕۆمانە وێنەدارانە وەخوێنێتەوە، دەیوت: "تەنیا منداڵە شەڕەنگێزەکان دەیخوێننەوە." دایکی ساردۆنیا وای دانابوو ئەو ڕۆمانانە پڕن لە وێنەی چەک، کوشتن و لێدان. لەگەڵ ئەوەی کە ناواخنیان جیهانێکی گەورە و ئەفسووناوی بوو، بەڵام ساردۆنیا هەر دەستی قەڵەمی گرت و توانای بەسەر خوێندنەوەدا شکا، حەزی بەو جۆرە ڕۆمانانە بوو. وشەکان لەپاڵ وێنەکانەوە جوانتر دەهاتنە بەرچاو. لە هەموویان خۆشتر بەلایەوە "تۆڵەسێنان" بوو، بۆیە خستیە ژێرەوەی جانتاکەوە.

گەورەکان بەردەوام بە منداڵان دەڵێن: "بخوێننەوە!" دەی کە وایە ئەوەندە گرینگی بە خوێندنەوە دەدەن، بۆچی خۆیان ناخوێننەوە؟

لە ڕاستیدا دایک و باوکی ساردۆنیا زۆریان نەدەخوێندەوە، کەچی بە خووگرتنی کچەکەیان بە کتێبەوە؛ کەیفیان دەهات.

جارێکیان ساردۆنیا ڕووی دەمی کردە دایکی و لێی پرسی: "باشە دایە گیان تۆ بەردەوام بە من دەڵێیت: بخوێنەرەوە، ئەی خۆت بۆ ناخوێنیتەوە؟"

دایکی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: "ئێمە کار دەکەین تا تۆ بخوێنیت. ئەی بۆچی دایکان و باوکان بە شەو و بە ڕۆژ خۆیان ماندوو دەکەن؟ تەبعەن لە پێناوی منداڵەکانیاندا. باوکت بەماندوویتی لەسەر کار دێتەوە، چەند تیکەیەک

دەخوات و خەو دەیباتەوە. بەداخەوە، کاتی خوێندنەوەی نییە. منیش ئەوەتا دەمبینی، بە ڕۆژ ستارم نییە و نازانم دانیشتن چییە! کچم، ماڵ بەڕێوەبردن هەر وا ئاسانە؟ وەرە سێ ژەمە چێشت لێبنێ و قاپ بشۆرە، کتێب خوێندنەوەی چی و خۆڕۆشنبیرکردنی چی!"

"باشە دایە گیان، ئەی قاپشۆری کارەباییمان نییە؟"

"ئێ با کچم، بەڵام ماڵ ڕێکخستن، بازاڕکردن و شتەکانی دیکەیش هەر خۆم نایانکەم؟ بەیانی هەڵدەسیت و خواخواتە ئیشەکانت تەواو بکەیت، کەچی وا دەکەیت نیوەڕۆیە و عانێکت زانی ئێوارەیە. کاتی کتێب خوێندنەوە لەکوێ بێنم؟ با گەورە بیت، ئەوجا تێدەگەیت."

ئۆی خوایە، دیسانەوە ڕستەی: "با گەورە بیت، ئەوجا تێدەگەیت"! ئای کە گەورەکان حەزیان بەو ڕستەیەیە!

لێرەدا ساردۆنیا بە دایکی وت: "پێم وایە کاتمان بۆ تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن هەیە، دایە." نەیویست تووڕەی بکات یان دڵی تەنگ بکات، بەڵکوو دەیویست تێبگات.

"ئامەنتو بیللا، کچم. باشە دوای ئەو هەموو ماندووبوونە، دەتوانین چی بکەین؟ پێم ناڵێیت ها! دەمانەوێت ئەقڵمان لەو شەکەتییەی یەخەی گرتبوو؛ پشوو بدات، دیارە تەلەڤزیۆنیش پشوویەک بە ئەقڵ دەدات."

بەڵێ، ئەمە بوو ئەو خاڵەی ساردۆنیا لێی حاڵی نەدەبوو. ئەویش حەزی بە تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن هەبوو، هەندێک فیلم و زنجیرە هەبوون بەلایەوە خۆشەویست بوون بێجگە لە



Scanned with CamScanner

زنجیرەکانی کارتۆنی، کەچی ئەم نەیویست ئەقڵی پشوویەک بدات! لەو کاتەوەی دایکی ئەو قسانەی بۆ کردبوو، وردە وردە لە تەلەڤزیـــۆن دوور دەکەوتەوە، نەبـــادا ئەقڵـــی تووشـــی نەخۆشییەک ببێت. ئێ هەر دەبێت ئیحتیاتی خۆت وەربگریت، چونکی بنیادەم پێویستی بە ئەقڵی خۆی دەبێت.

شتێکی دیکەیش هەبوو لای ساردۆنیا وەکی گرێیەک وا بوو، ئەویـش ئەوە بـوو: بێگومـان گەورەکـان دەزانـن خوێنـدنەوە شـتێکی سوودبەخشـە، سـەرەڕای ئەوەیش خوێنـدنەوەکە بە منـداڵەکانیان دەبـڕن، لەولایشـەوە کە چـوونە نێـو قـووڵایی وانەکانیـانەوە، توخنیـان نـاکەون. هەر خـوا نەکـات تـۆ بکەویتە خوێندنەوەی کتێبێک، بەبێ وچـان داوای هێنانی شتەکانت لـێ دەکەن: ئـادەی سـاردۆنیا پەرداخێـک ئـاوم بـۆ ناهێنیـت؟ کچـم ساردۆنیا، سفرەکە حازر بکە. باشە کچم، گوڵ و گوڵزارەکانی ناو پەنجەرەکەت ئاو داون؟

خێـرە دەسـتـوەر نـادەنە نێـو کـاری ئەوەی کە وانەکەی دەخوێنێت، کەچی ئەوەی کتێبێک دەخوێنێتەوە، بێزاری دەکەن؟ ئەم هەڵسـوکەوتە بەلای ئەوەوە بێمانـا بـوو. ئـاخ گەورەکـان، هەڵسوکەوتەکانتان چەند نامۆن!

ئاوڕێکی بەلای دوو کیسەڵەکەیدا دایەوە، لەناو شووشـەکەی سـەر مێـزە بچـووکەکەدا خەوتبـوون و ئاگایـان لە حـاڵ و مەسەلە هەر نەبوو.

بە گوێیاندا چرپاندی، گەرچی گوێیان تێوە نەبوو: "وریا بن، هەموو ئەو شتانەی فورقان دەتاندا‌تی؛ نەیانخۆن."



Scanned with CamScanner

سەیرێکی دەرگاکەی کرد، وا داخراوە. لە کۆتاییدا گرینگترین شتی هاتەوە بیر، لەژێر سیسەمەکەیدا هێنایە دەر و هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا. لێدانەکانی دڵی خێراتر دەبوون، هەر ئەم شتەی بە دەستەوە بگرتایە، تووشی ڕاڕایی و شڵەژان دەبوو.

ئەو شتەیش تۆپێکی خڕی گۆی زەوی بوو کە دەدرەوشایەوە، لە ناوکە پرتەقاڵێک گەورەتر و لە ناوکە کاڵەکێک بچووکتر. لەسەری؛ وێنەی دەریاکان، ڕووبارەکان، شاخە گرکانییەکان هەبوون، هەروەک سنووری نێوان دەوڵەتانیش کێشرابوو، وەکی بەردێکی بچووکی ڕەنگاوڕەنگ وا بوو، دەبریسکایەوە و دەکوژایەوە. کاتێک لە ناوەڕاستەوە بگیرایە، یانی لە هێڵی کەمەرەی زەوییەوە، شتێک دەکرایەوە لە دەرگایەک دەچوو کە لەسەر پشت بێت، وەلێ ناوەوەی بەتاڵ نەبوو. لەوانەیە بەشێکی نهێنیی تێدا بێت، هەر چەند هەوڵی دا بیدۆزێتەوە، هیچی چنگ نەکەوت.

باسی ئەم شێوەیەی زەویی لای کەس نەکردبوو، تەنیا هەفتەیەک بوو کە دۆزیبوویەوە. هەر دەبوو بۆ باوک و دایکی باس بکردایە، بەڵام چاوەنۆڕی هەلێکی لەبار بوو.

لە ڕاستیدا نەیدەزانی دایک و باوکی بڕوای پێ دەکەن یان نا، چونکی تۆپێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو تەلیسماوی و جادوویی بوو. خۆ هێشتا نەیتوانیبوو ئەمە بسەلمێنێت، بەڵام هەستی بە شتێکی لەو شێوەیە دەکرد.

ئەوەی ساردۆنیای سەرسام کردبوو، ئەو شتە سەیرە بوو کە لەسەر شێوە گۆییەکە بوو. ئەو دەیزانی ژمارەی قارەکان



Scanned with CamScanner

حەوتـن: ئەفەریقـا، ئاسـیا، ئەورووپـا، ئەمەریکـای بـاکوور، ئەمەریکای باشوور، ئەنتارتیکا و ئوستورالیا، کەچی لەم شێوە گـۆییەدا ٨ قـارە بـوون! قـارەیەکی دیـکەی لە دوورگەیەکـدا لەناوەڕاسـتی زەریـای ئەتڵەسـیدا دۆزیـیەوە کە شـێوەیەکی نامۆی هەبوو، ئەگەر زۆر لێی ورد ببوویتایەتەوە، لە کتێبێکی کراوە دەچوو.

ساردۆنیا لەوە دڵنیا بوو کە قارەی هەشتەم بوونی نییە، ئەی باشە کێ بۆ ئەم شێوە گۆییەی زێتر کردووە؟ ئەگەر وا بێت، کـێ نەخشـاندوویەتی؟ بـۆچی؟ یـان ڕاسـتییەکە؟ ڕوونە ئەو قـارەیە لە سـەردەمەکانی پێشـوودا هەبـووە، یـانی چـاخی دەیناسـوورەکان، بەڵام لە مـاوەیەک لە ماوەکانـدا ژێـر ئـاو کەوتـوون، یـان نەمـاون. ئایـا ئەمە بە ئەقڵەوە دەچێت؟ زۆر بەتاسەوە بوو دەستی لە وەڵامی ئەم پرسیارانە گیر ببووایە.

پـارچە پەڕۆیەکـی لە دۆڵابەکەدا دەرهێنـا و بە وریـایی و گرینگییەوە شـێوە گۆییەکەی پـێ پێچـایەوە، خسـتیە خـواری خوارەوەی جانتاکەوە، پاشان کتێبەکانی خستە بانی و بەباشی شـاردیەوە. دەیویسـت لەگەڵ خۆیـدا بـۆ مـاڵی بـاپیر و نەنکی ببـات. لەو مـاوەیەدا نەدەچـوو بـۆ قوتابخـانە؛ کـاتی تەواوی دەبوو، سا بەڵکوو نهێنیی ئەو تۆپە گۆییەی بۆ دەربکەوێت.

ئەو ڕۆژەی هاتەوە بیر کە تۆپە گۆییەکەی تێدا دۆزییەوە.

ڕێک هەفتەیەک پێش ئەم ڕۆژە، ساردۆنیا سەردانێکی کتێبخانەی قوتابخانەکەی کردبوو. ئەو لە کاتی پشووەکاندا بە هەڵی دەزانی و یەکسەر خۆی بە کتێبخانەکەدا دەکرد.

کتێبخانەکەی خۆش دەویست، جێگەی هەموو شتێکیشی تێدا دەزانی. لەلای ڕاستی دەرگاکەیەوە ڕۆمانەکانی سەرکێشی ڕیز کرابوون کە زۆربەیانی خوێندبووەوە، لەبەرانبەر ئەوانیشەوە کتێبەکانی بۆشاییگەری هەبوون، لە ڕەفەکانی لای خوارەوەیشدا کتێبەکانی سروشت و گیانلەبەران هەبوون.

کتێبەکان بەپێی ڕیزبەندیی پیتەکانی ئەلفبایی ڕیز کرابوون.

بەنێو کتێبخانەکەدا دەگەڕا و زەینی پەرت بوو. ئای لەم هەموو کتێبەی لێرەدان! داخۆ چەند جار ویستووتە هەموویان بخوێنیتەوە؟ باشە بنیادەم دەتوانێت کتێبخانەیەک بەتەواوی بخوێنێتەوە؟ دەبێت چەندی کات بوێت تا ئەو حەمکەیە دەخوێنێتەوە؟ خۆ هەر وا کتێبی نوێیش دەهێنن و ڕاوەستانی بۆ نییە! دەڵێی منداڵە وا بەخێرایی گەورە دەبێت. ئەی ڕازگری کتێبخانەکە؛ بەڕێز "ئەسیل"، هەموو کتێبەکانی خوێندوونەتەوە؟

ساردۆنیا لای بەشی پیتی "قاف" ڕاوەستا. لەم بەشەدا ڕۆمانێک هەبوو دەمێک بوو تاسەی خوێندنەوەی دەکرد: "دڵی منداڵ". بەئاسانی دۆزییەوە و لەسەر ڕەفەکە دایگرت. لەو چرکەساتەدا شتێکی پرشنگدار لەپشت کتێبەکەوە سەرنجی



Scanned with CamScanner

ڕاکێشا. چووە نزیکی و بەوردی سەرنجی خستە سەر. ئای خوایە گیان، ئەمە چییە!

شتێکی شێوە گۆیی، خۆڵ و تۆز دایانپۆشیبوو. لەم مەسەلەیە تیا مابوو! خۆ ڕازگری کتێبخانەکە زۆر گرینگیی بە پاکوخاوێنی دەدا و تۆزی سەر هەموو کتێبێکی دەتەکاند، دەبێت ئەم تۆپە گۆییەی نەبینیبێت! لەوانەیە یەکێک لە فێرخوازان بەهەڵە دایانابێت و دواتر لەبیری کردبێت.

ساردۆنیا هەڵیگرت. لەوەبەدوا کە تۆپەکەی خستە ناو لەپی دەستی، هەستێکی نامۆی لا دروست بوو. بابە چووزانم، مەگەر یەکێک لێرەدا شاردوویەتیەوە، ئەو ڕۆژەیش هەر دادێت بێت و بیباتەوە.

ساردۆنیا ئەوەی لا مەعلووم بوو دەبێت تۆپەکە بداتەوە دەست خاتوو "ئەسیل"، یان لەو جێگەیەی هەڵیگرتبوو؛ دایبنێتەوە، بەڵام نەیتوانی ئەوە بکات. سەیرێکی لای ڕاست و چەپی خۆی کرد، کەسی نەدی. نەیدەتوانی ئەو پرسیارانەی لە مێشکیدا ماخۆلانیان بوو، ڕابگرێت. ئێ تێناگەم، ئەم خۆڵ و تۆزەی سەر ئەم تۆپە چییە؟ دەبێت زۆر کۆن نەبێت؟ ئەی چۆن گەیشتووەتە ئێرە؟

لەو ساتەدا شتێکی نامۆ ڕووی دا. ئەو وردە بەردە ڕیزکراوانەی سەر تۆپەکە بریسکانەوە و کوژانەوە. زۆر ترسا و خێرا گەڕایەوە. کەچی دەنگێک لە ناوەوەیدا هەر دەزرینگایەوە و پێی دەوت: "هەبێ و نەبێ ئەم تۆپە نهێنییەکی هەیە! بە هەر نرخێک بووە، دەبێت ئەو نهێنییە بدۆزێتەوە."



Scanned with CamScanner

غیرەتی دایە بەر خۆی و تۆپەکەی خستە ناو جانتاکەیەوە. با جاری بڕۆم، کاتی بردنی ڕۆمانی "دڵی مندال"یش هەر دێت. ملی نا و ویستی دەربچێت، ئەوە چییە؟ دەنگێکی بیست: "ساردۆنیا!"

چی بکەم، خودایە؟ ئەوە ئاشکرا بووم! ئاوڕێکی دایەوە، وا دەبینێت ڕازگری کتێبخانەکە لە ڕاڕەوەکەدا وەستاوە و زەردەخەنەیەکی ئاشکرا بە دەموچاویەوە دیار بوو. خاتوو "ئەسیل" ساردۆنیای زۆر خۆش دەویست.

- ئەوە دەڕۆیت؟

- بەڵێ، خاتوونەکەم.

- ئەی خێرە ئەمڕۆ کتێبت نەبرد؟

دەموچاوی سوور هەڵگەڕا و وتی: "بڕیارم دا ئەو ڕۆمانەی ئێستە لەبەر دەستمدایە، دووبارە بیخوێنمەوە."

خاتوو "ئەسیل" سەرێکی بۆ ڕاوەشاند و وتی: "منیش جاری وا هەیە ئەوەم بەسەردا دێت. حەز دەکەم ئەو هەقایەتەی سەرسامی کردووم، سەرلەنوێ بیخوێنمەوە. تەنانەت لە کاتی تەواوبوونیدا، خەفەت دامدەگرێت. بەخاوی دەیخوێنمەوە، نەکا بەزوویی تەواو بێت."

"منیش هەر وام."

"دووبارە حەزم بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەیە. با ئەوەیش بزانیت، هەندێک جار تووشی سەرسووڕمان دەبم، بابە ئەمە لە کتێبەکەی پێشوو ناکات، تەواو جودایە، تێگەیشتنێکی دیکەم دەبێت!"

ساردۆنیا بەسەرسامییەوە گوێی بۆ گرت و وتی: "باشە، بۆچی وایە؟"

"وەکی جاری پێشوو نابێت، چونکی ئەوە منم گۆڕاوم، هەموو ڕۆژێک شتی نوێ فێر دەبم. لە یەکەم خوێندنەوەمدا بۆ کتێبەکە، شتیەلێکی کەم فێر دەبم، کەچی لە جاری دووەمدا زۆر زێتر. کەواتە هەر کات خوێنەرەکە گۆڕا، خوێنراوەکەیش دەگۆڕێت."

ساردۆنیا لە قسەکانی ڕازگری کتێبخانە باش حاڵی نەبوو، وەلێ پێی سەرسام بوو. زەردەخەنەی هاتێ، بەلام دلاودل بوو. باشە قوڕی کوێ بەسەر خۆمدا بکەم، ئەگەر خاتوو "ئەسیل" داوا بکات بزانێت چی لەناو جانتاکەیدایە؟ ئەگەر تۆپەکە ئاشکرا بێت، چی؟ چی پاساوێک بهێنمەوە و ڕوو لە کوێ بکەم؟ بەلام لە بەختەکەی ئەو، یەکێک لە مامۆستاکان بانگی ڕازگری کتێبخانەی کرد.

"ساردۆنیا گیان، من دەبێت هەر ئێستە بڕۆم. بەنیازی دیدار."

ساردۆنیایش دەستی ڕاتەکاند و ماڵئاوایی لێ کرد و بەهێواشی لە کتێبخانە هاتە دەرەوە.

بە درێژایی ئەو ڕۆژە چاوەنۆڕی ساتێکی دەکرد خۆی بە تەنیا بێت، تەنانەت لە وانەی زانستەکانیشدا بیری پەرت ببوو، ئاگای لە شەرحی مامۆستا نەبوو. کاتێک مامۆستا ڕووی کردە تەختەکە، ساردۆنیا نەوییە ناو جانتاکەی و تۆپە گۆییەکەی بە دەستەوە گرت. ئەو وا سەرقاڵە و مامۆستایش بانگی لێ کرد:

"دەی گوڵی ساردۆنیا، با بزانین بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟"



Scanned with CamScanner

وا شڵەژا، سەری بە ڕەحلەکەدا کێشا. پێکەنینەکانیش لەولاوە بوەستن. هاتەوە سەرەوە.

- دەی بڵێ.

- فەرموو مامۆستا، بەڵێ.

ئەو تێنەگەیشت چی وای لە ساردۆنیا کرد سەرقاڵی ژێر ڕەحلەکەی بێت، وتی: "کچم، چیت لێ کەوتە خوارەوە؟"

ساردۆنیا نەیزانی چی بکات، دەمی تەتەڵەی دەکرد و نەیتوانی پاساوێک بهێنێتەوە، وتی: "ببورە، مامۆستا."

وانەکە بەهێوری تێپەڕی. جارێکی دیکە سەیری تۆپەکەی نەکردەوە، لە پشووەکانیشدا هەروا. ئەی نەیدەتوانی لەبەر چاوی فێرخوازەکاندا شتی وا بکات، لە کۆتاییدا ڕۆژێک هەر دادێت خوا دەروو بکاتەوە. ئەویش لە وانەی کۆتاییدا هەمووان سەرقاڵی یاریکردن بوون، وای تێگەیاندن شتێکی لە پۆلدا بەجێ هێشتووە و دەگەڕێتەوە تا بیهێنێت! ئۆی... ئۆی ئێستە کاتیەتی، پۆلەکە چۆڵ، تەنیا "ئەمیر" نەبێت کە بە هۆی ئازاری گەدەیەوە لەسەر ڕەحلەیەکی پێشەوە لێی خەوتبوو.

چووە سەر ڕەحلەکەی خۆی لە دواوە، کەس نەیدەتوانی بیبینێت. جانتاکەی کردەوە! ئای، ئەوە چی ڕووی داوە؟ دەڵێی تۆپەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە! بەتەواوی لەو تەپوتۆزەی لەسەری نیشتبوو، پاک ببووەوە.

ئەوە کێ پاکی کردووەتەوە؟ ڕیزە بەردەکانی نێوان قاڕەکان هەر وا دەبریسکێنەوە و دەکوژێنەوە، بەڵام لە جاری پێشوو کزتر. لەناکاو دەنگی مۆسیقایەکی ئارام و ناسکی کەوتە بەر

گـوێ، دەتـــوت لە نـــاخەوە هەڵـــدەقوڵێت. دەنگێـــک لە دوور دوورەوە ببیسترێت.

بەباشـــی ســـەیرێکی تـــۆپەکەی کـــرد، بـــۆ ئەوەی بزانێـــت ســـەرچاوەکەی لە کوێـــوەیە. ئەو دەمەی لە نـــاوچەی هێڵـــی کەمەرەی زەوییەوە تۆپەکەی گرت، زانیی کە لە ناوەڕاستەوە دەکرێتەوە، بەڵام هیچ شتێکی لە ناوەوەیدا نەبینی. ساردۆنیا دەیزانـی سـندووقە مۆسـیقییەکان دوای ئەوەی کە بە کلیلێکی تـایبەتییەوە دەبەسـترێنەوە، ئەوجـا دەنـگ دەردەکەن. هەر چی ئەم سـندووقە بـوو، هـیچ کلیلێکـی پێـوە نەبەسـترابوو ، یـان شوێنێکی تایبەت بە مۆسیقای پێوە نەبوو، تۆپێکی بەتاڵ بوو.

شـێوە گـۆییەکەی بە دەسـتیەوە گـرت و وەکـی تۆپێـک سـووڕاندیەوە، ئەوسـا تێبینیـی قـاڕەی هەشـتەمی کـرد. ئـای خـودایە، چەنـد شـتێکی نـامۆیە! باشـە بـۆچی پێشـتر تێبینیـی نەکردبـوو؟ یـان ئەم قـاڕەیە ئێسـتە دەسـتی بە دەرکەوتـن کردووە؟ دەبێت پێشتر لەناو ئاوەکانی زەریاکەدا خۆی حەشار نەدابێت و دواتر بڕیاری خۆدەرخستنی دابێت؟ نازانین!

لەو چرکەسـاتەدا سـاردۆنیا هەسـتی بەوە کـرد گـۆی زەوی پڕە لە ژیان، هەناسە دەدات و بیر دەکاتەوە. لەو بـارە ترسـا و ڕاسـتەوخۆ تـۆپەکەی خسـتەوە نـاو جانتـاکەی و گەڕایەوە بـۆ وانەی وەرزشەکەی.

ئەوە هەفـتەیەک بەسـەر ئەو ڕێـکەوتەدا تێـپەڕ دەبێـت و تـا بەمـــرۆیش دەگـــات، غیرەتـــی ئەوەی نەکـــرد زۆر تـــۆپەکە هەڵبگرێت، مەگەر چەند جارێکی کەم. پەیمانی بە خۆی دا دوو شت بکات:



Scanned with CamScanner

یەکەمیان: بابەتەکە بۆ دایک و باوکی باس بکات و هەر هەڵێکی بۆ ڕێک بکەوێت، سێ و دووی لێ نەکات.

دووەمیان: تۆپە گۆییەکە بۆ کتێبخانەکە بگەڕێنێتەوە.

کەچی هێشتا هیچ یەکێک لەو دووانەی ئەنجام نەداوە. ناهەقی مەگرن! ئەو هەواڵە لەناکاوەی گەشتکردنی دایک و باوکی، ڕیسەکەی لێ کردەوە بە خوری!

گوێی لە دەنگی هەنگاونان بوو لە دەرەوەی ژوورەکەی کە بۆ لای ئەم دەهات، دایکی ڕاستەوخۆ و بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک هاتە ژوورەوە. بەڵام باوکی نەریتی وا بوو لە دەرگای دەدا و پاش کەمێک ڕاوەستان، ئەوجا دەهاتە ژوورەوە.

دایکی سەرێکی بۆ ڕاوەشاند و وتی: "پێم وایە جانتاکەت حازر کردووە، وایە؟"

"بەڵی دایە گیان، هەموو شتێکم بەڕێکوپێکی داناوە."

"دەی با بیبینم!"

ساردۆنیا سوور هەڵگەڕا. باشە، ئەگەر تۆپەکە ببینێت؟ بەس باش بوو دایکی هەر لە دوورەوە سەیرێکی کرد و وتی: "باشە، کارێکی چاکت کرد. دەی وەرە و کەمێک حەڵوا بخۆ."

"حەڵوای چی، دایە؟"

"کچم، تۆ هیوایەتت ئەم حەڵوایەیە، حەڵوای شیر."

ساردۆنیا کە منداڵ بوو، بە محەلەبیی دەوت "حەلوای شیر". لەو ڕۆژە بەدواوە، ناوی محەلەبی بوو بە "حەلوای شیر". ئای کە بەلایەوە خۆش و بەلەزەت بوو!

دایکی زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، هەر چەند بە ڕۆیشتنیان و بەجێهیشتنی کچەکەیان دڵتەنگ بوو. ئێ هەفتەیەک کەم نەبوو!

لەگەڵ ئەوەیشدا ساردۆنیا دەیزانی گەورەکان زۆربەی کات هەستەکانیان دەشارنەوە. ئێ ئامادەکردنی خواردنێکی دڵدادە بۆ کەسێک، یانی ها خۆشم دەوێیت بزانە! دەستی دایکی گرت و بۆی خەنی و وتی: "منیش تۆم خۆش گەرەکە، دایە گیان." کچ و دایک دەستیان کردە ملی یەک و باوەشیان بەیەکدا کرد.

ساردۆنیا ئەو شەوە زووتر خەوت. لە دەمژمێرێکی درەنگانی شەودا، هەستی بە تینوویەتی کرد. تیشکی گڵۆپە سفرەکە لە ڕاڕەوەکەدا دەدرەوشایەوە. چووە متبەقەکە و بەهێواشی پەرداخێک ئاوی نۆش کرد.

کە ویستی بگەڕێتەوە ژوورەکەی خۆی، چرپەچرپێک کەوتە بەر گوێی. ئەوە خۆ دایک و باوکی خەو لە چاویان نەکەوتووە! لە کاتی بەرەوپێشچوونی بۆ هۆڵەکە، گوێی لەم ڕستەیە بوو: "پیاوەکە، باش بزانە دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە، ناچیتەوە سەر ئەو ئیشە. لێم حاڵی بوویت؟"

باوکی وەڵامی دایکی دایەوە: "پشوو دەدەم، بەڵێنت پێ دەدەم، وەلێ با کچەکەمان هیچ شتێک لەم بارەیەوە نەزانێت، دەترسم خەفەتی لێ بخوات."

"بێگومان پیاوەکە، خەمت نەبێت."

ئەوسا کە ساردۆنیا ڕاستیی مەسەلەکەی بۆ دەرکەوت ئەمە گەشتی کارکردنی باوکی نییە، بەڵکوو ئەنجامدانی نەشتەرگەرییە؛ قوڕوقەپ لێی دانیشت. ئەوان وتیان: "با ساردۆنیا دڵتەنگ نەبێت"، بۆیە فرمێسک بە چاوەکانیدا هۆن هۆن هاتنە خوار. پاشان لە دڵی خۆیدا وتی: "وا ناکەم دایک و باوکم هەست بکەن من لە ڕاستیی مەسەلەکە دەزانم." ئێ هەر دەبوو ئەم دڵتەنگییەی لەگەڵ یەکێکیاندا باس بکردایە، بەڵام بەردێکی نایە بانی!

گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی و دەفتەرۆچکەی یادەوەرییەکانی دەرهێنا. ئەم دەفتەرۆچکەیەی ناو نابوو "دارە گەورەکە"، چونکی دەیزانی پەڕە کاغەزەکان لە دار دروست کراون و هەتا زێتر کاغەز بەکار بهێنین، یانی ژمارەی دارە بڕاوەکان زۆرتر دەکەین! بۆیە زۆر بەوریایی و بەجوانییەوە دەینووسی.

*خۆشەویستەکەم، ئەی دارە گەورەکە:*

*من وا بەناچاری ملی ڕێی ماڵی باپیر و نەنکم دەگرمە بەر، هەفتەیەکی تەواو لەوراکە دەمێنمەوە. ئای کە کەیفخۆش و گەرموگوڕم! چەند بە بینینیان دڵخۆش دەبم! بەڵام لە بارەی باوکمەوە نیگەرانم. دایک و باوکم نەشتەرگەرییەکە لە من دەشارنەوە، وا هەڵسوکەوت دەکەم کە هەر ئاگایشم لێ نییە، وەلێ بەپەنهانی دوعای خێری بۆ دەکەم. هەر شتێکی نوێ هاتە پێش، یەکسەر پێت دەڵێم. بە هەر حاڵ، تۆیش لەگەڵ مندا دێیت. کێ دەزانێت، لەوانەیە چەندان سەرکێشیی نوێ وەکی ئەوانەی نێو ڕۆمانەکان ئەزموون بکەین.*

*گوڵی ساردۆنیا (ئەو کچەی ڕقی لە ناوەکەی خۆی بوو.)*



Scanned with CamScanner

خاتوو "کەریمە" و سەیید "کامیل" لەماڵێکدا دەژیان کە دوو قات بوو، خانوویەکی گوڵڕەنگ لە قەراغی کەناراوێک. لە پشتەوەی خانووەکە باغچەیەکی بچووک هەبوو کە پێنج داری میوەی تێدا بوو: سێو، هەرمێ، گێلاس، شاتوو و قۆخ.

ساردۆنیا لە تەمەنی منداڵیدا لەگەڵ منداڵەکانی دراوسێیاندا یارییە میللییەکانی وەکی چاوشارکێی دەکرد. هەروەک جێگەیەکی نازداری دیکە لە ماڵەکەی نەنکیدا هەبوو، ئەویش "هۆدەی ئازووقە" بوو. لەولاوە گۆزەکانی کەلەرم، خەیار، باینجان و گەڵامێوی سرکەکراو هەبوون.

ئای لەو هەموو خواردنە خۆشکراوانە! هەر چی سەوزەت دەوێت، حازرە. لەولایشەوە سەبەتە میوەی وشککراوە، هەر لە هەنجیرەوە بیگرە تا بە بیبەر، بامێ، سێو، هەرمێ دەگات. ئەی بۆ باسی چەرەزاتەکانی ناکەیت؟ گوێز، کەستان و فستق. هێشتا لە کوێمانە! ئینجا وەرە سەر باسی جۆرەکانی مرەبا، مرەبای قەیسی، پرتەقاڵ، گێلاس و هەنجیر.

ئەو بۆنوبەرامەیەی لەو هۆدەیەوە دەهات؛ بنیادەمی ئەبلەق دەکرد، ئەوە هەر لە ساردۆنیا بگەڕێ!

نەنکی بۆ داپۆشینی هەر یەکێک لەو ئازووقانە، جا گۆزە بن یان سەبەتە، سەرچەفی بە دەست چنراوی زەخرەفاویی پێدا دابوون. ئەوەیش مایەی سەرسوڕمان نەبوو، چونکی ماڵەکە پڕ بوو لەو دەسڕ و سەرچەفانەی عەینەن شیر؛ سپی



Scanned with CamScanner

دەچوونەوە و بە دەسترەنگینی چنرابوون. لەسەر قەنەفەکان سەرچەفی چوارگۆشەیی ڕازێنراوە، لەسەر مێزەکان سەرچەفی شێوە هێلکەیی، لەسەر ڕەفەکان، لەسەر تەلەڤزیۆن، لەژێر تەلەفۆن و لەژێر هەموو سوراحی و پەرداخێکدا جۆرێک لەوان دانرابوون!

سەردەمانێک ساردۆنیا بۆ ئێرە هاتبوو کە هێشتا شیرەخۆرە بوو، لەوساوە تا نووکە هیچ شتێک گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو. شوێنێک بوو لە دەرەوەی زەمەن. ئێ ئەوەتا دارەکان گەورە دەبن و درێژتر، منداڵان باڵایان هەڵدەدا، گیانلەبەران تەمەن دەکەن، وەرزەکان بەدووی یەکدا دێن، شارەکان قەرەباڵغتر دەبن، کەچی ئەم شوێنە وەکی دەڵێن: لە گوێی گادا نووستووە، کتومت وەکی خۆی ماوەتەوە، تاقمەکان، قاپوقاچاخ، بۆنوبەرامەکەی، تەنانەت هەوای ناو هۆڵەکەیش.

لە ڕۆژی دواتردا ساردۆنیا و دایکی بەرەو کەنارەکە گەشتێکیان کرد، دواتر گەڕانەوە لای نەک و باپیریان.

خاتوو "خەیاڵ" کەمێک لەگەڵ دایکیدا دانیشت، پاشان ئەملاولای ساردۆنیای ماچ کرد و بەخێرایی گەڕایەوە.

ئەوە ساردۆنیایە و وا لە ماڵی نەنکیەتی، لە هۆڵەکە دانیشتووە، ئەملاولای بە دەسڕ و سەرچەفی گوڵین ڕازێنراوەتەوە، لەولایشەوە نەنکی بەخۆشەویستییەوە سەیری دەکات، پشیلە پرتەقاڵییە قەڵەوەکەیش بەبەر پێیاندا دێت و دەچێت.

"بەخێر بێیت ڕۆڵە نازدارەکەم، سەر چاوان. ئەرێ برسیت نییە؟ دەزانیت خۆشترین و بەلەزەتترین خواردنم بۆ حازر کردوویت؟"

ساردۆنیا دەیزانی تەنانەت ئەگەریش بڵێت "برسیم نییە"، نەنکی هەر بە قورگیدا دەکات، جا باشتر وایە بۆ خۆی بێتە پێشەوە، وتی: "نەنە گیان بەڵێ، کەمێک دەخۆم."

"ئای ڕۆڵە گیان، کەمی چی؟ تا دەتوانیت بخۆ!"

پێنج خولەکی برد یان نەیبرد، بانی مێزە بچووکەکە پڕ کرا لە نانی بەیانی. نەنە "کەریمە" وردە وردە پارچەیەک نانی هەڵدەگرت و پەنیری تێ دەسوی، مرەبای پێوە دەکرد، لە هەنگوینی وەردەدا، یان دۆشاوی خورمای پێدا دەکرد، یان لە شیری هەڵدەکێشا. هەروا پارچە نانی لەتەک یەکەوە ڕیز دەکرد. ئەی بۆنی ئەو کێک بە شوکولاتەیە بۆ ناڵێیت! حەڵوایش لە لایەکەی دیکەوە، بۆنێک دەتوت تازە لە فڕن دەرهێنراون.

دایکی نەیدەهێشت ساردۆنیا حەڵوای زۆر بخوات، نەبادا ددانەکانی کلۆر ببن، بەڵام ئەم یاسایانە لە ماڵی نەنکی گۆڕیان گوم بوو. بەڵێ یاسا هەبوو، بەس باپیرەی دەگرتەوە و تەواو. سەیید "کامیل"ی باپیری هەموو شتێکی دەخوارد، بەڵام بەبێ خوێ، بێ شەکر، بەبێ ڕۆن. بەردەوام دەیوت: "ئەی خوایە چی بکەم، ئاخر ژنەکە ئەمە تامی خواردنە، یان تامی کا!"

ڕۆژ ڕۆژی ساردۆنیا بوو، دنیا بەدڵی وی بوو. چی دەخوارد؛ هەبوو، تەبعەن بەبێ ڕێگری.



Scanned with CamScanner

"بنۆڕە ڕۆڵەکەم، ئەم چایە پێی دەوترێت چای پاشا. دەی کەمێک چا و ئاو، لەگەڵ کەمێک هەنگویندا." نەنکی وای وت.

باپیری هاتە گۆ: "باشە چای پاشا بە کچانیش دەدرێت؟ ئێ خۆ ئەوان نابن بە پاشا!"

"ڕاستە، کەواتە ناوی دەنێین چای شاکیژان."

لەو حەلەدا کە ساردۆنیا قومی لە چایەکە دەدا، بیری کردەوە: "ئایا دەگونجێت ڕۆژێک دابێت و کیژانیش ببن بە پاشا؟ پاشان بڕیاری دا لە نزیکترین دەرفەتدا ئەو بابەتە لە دەفتەرۆچکەی یادەوەرییەکانیدا تۆمار بکات."

نەنکی وتی: "ئەمڕۆ لەگەڵ باپیرتدا بچنە نێو باغ و هەندێک گوڵیش بچێنن، پاشان وەرەوە و لە کاروباری متبەقدا هاوکارییەکم بکە باشە ئازیزەکەم، چونکی ئێوارە دراوسێکان لێرە دەعوەتن."

"بەسەر چاو نەنە گیان، بەس دەتوانم لە ژوورەکەی خۆمدا کتێبیش بخوێنمەوە؟"

"ئەی بۆ نا گوڵەکەم، لەبیرم نەبوو ئەوەندە خووت بە خوێندنەوەوە گرتووە. بخوێنەوە کیژم، با ڕۆشنبیری و زانستت زێتر بن، با لەسەرووی ئێمەوە بیت تا بە بەرزترین پلە دەگەیت."

ژوورەکەی پشتەوە بۆ ساردۆنیا ئامادە کرابوو. ڕێک لە کۆندا ژووری دایکی بوو، ئەوکات ئەویش وەکی ئەم منداڵ بووە. چۆن بوو، ئەوها مابووەوە، تەنیا دەمژمێری قەد دیوارەکە لە چرکەچرک کەوتبوو. کێ دەزانێت لە کەیەوە



Scanned with CamScanner

وەستاوە؟ هەندێک تابلۆی کۆنیش هەڵواسرابوون و مابوونەوە، وێنەی چەند فیلم و پاڵەوانێک کە ساردۆنیا نەیدەناسین.

جانتاکەی کردەوە، تۆپە گۆییەکەی بەهێواشی دەرهێنا. پێشتر بیری لەوە کردبووەوە لە کوێدا بیشارێتەوە. کردیە ناو دەمژمێرەکەی قەد دیوارەکەوە، نەنکی چووزانێت! دواتر کتێبێکی دەرهێنا و دەستی بە خوێندنەوە کرد.

ئەوە وا بۆنی خۆشی چێشت لە متبەقەکەوە، مژدەی نزیکبوونەوەی کاتی نانخواردنی ئێوارەی ڕاگەیاند. بۆنەکە ئەو ناوەی تەنی. ساردۆنیا بەرەو هۆڵەکە کشا، مێزێک پڕ بانی خواردنی بەلەزەت، گۆشتی وردکراو بەدرێژی، حەلوا، کێک، کەلەرم و چەندانی دیکەیش.

لە دڵی خۆیدا پرسی: "باشە، چۆن ئەو هەموو خواردنە دەخۆن؟"

"ڕۆڵە، وای دابنێ ناشیخۆن، بەڵام پێویستە هەر بۆیان دابنێین و ڕێزیان لێ بگرین."

"ئێ بۆچی، نەنە؟"

"پێویستە ڕێزیان لێ بگرین، جا بەپێی گرینگیدانت بە دراوسێ، ڕێز و حورمەتیان بۆ دادەنێیت. دەزانی ئەگەر ڕێزگرتنەکە کەم بوو، یانی چی؟"

"نازانم!"

"یانی تۆ گرینگییان پێ نادەیت و نرخیان نازانیت."



Scanned with CamScanner

ساردۆنیا لێی تێکەڵ بوو، سەیرێکی نەنکی کرد و وتی: "بەڵام نەنە ئێوە بەردەوام وەک قەوان لێیدەدەنەوە کە ئێمە نابێت شتێک لە خواردنی ناو قاپەکەمان بهێڵینەوە، ئەمە دروست نییە. ئێ ئەگەر ئەو هەموو خواردنە ناخۆن، دواتر خەسار نابێت؟ ئەوە کارێکی دروستە؟"

نەنکی کەمێک داما، پاشان بزەیەکی بۆ کرد و وتی: "ئای چەند کچێکی زیرەک و ئاقڵیت!

پاش کەمێک، دراوسێکان یەک لەدووی یەک دێن."

ئەوە بوو ساردۆنیا گوێی لە دەنگی کەوچکەچا تێکەڵ بە دەنگی گریانی منداڵان بوو، هەندێک جاری قاقای پێکەنینیان دەهاتە بەر گوێ. ئەی بەرەکەت دەن، ئەو هەموو دەنگە لەکوێوە دەردەکەن؟

باپیری کڵاو و گۆچانەکەی هەڵگرت و بەرەو قاوەخانەکە تێیتەقاند. پێش چوونەدەرەوەی، بەلاچاوێک سەیری ساردۆنیای کرد و وەکی ئەوەی بە زمانی حاڵ بڵێت: "ئەوە من سەری خۆم هەڵگرت و قوتارم بوو، جا تۆیش کەیفی خۆتە!"

لەناکاو هەموویان قوڕوقەپیان لێ کرد، ساردۆنیا هەستی کرد لەوانەیە باسی ئەم بکەن، گوێی بۆ قسەکانیان هەڵخست. نەنکی دەیوت: "زاواکەم نەشتەرگەریی بۆ دەکرێت." بە دەنگێکی کزۆڵ دەیوت: "ئامان ژنەکان، ئەم قسەیە بۆ کچە بچووکەکە نەگێڕنەوە، ئەو ئاگای لەم باسوخواسە نییە!"

ژنەکان وتیان: "ئەیەڕۆ، چۆن شتی وا دەکەین!"



Scanned with CamScanner

دوای کەمێک نەنکی بانگی ساردۆنیای کرد: "وەرە گوڵی ساردۆنیا، دەی وەرە لای نەنە."

یەکێک لە دراوسێکان پرسیی: "ئا... ئا... ئا... ئایا ئەوە ناوە ڕاستەقینەکەیەتی؟ وام زانی بە سوعبەت وا دەڵێیت!"

"نا خوشکم، نا... تۆ تازە بۆ ئەم گەڕەکەی ئێمە هاتووی، نازانی مەبەستم چی بوو. ئێ دایکی سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەو ناوەی لێ بنێت، ناو بڕانە! ناو قاتی بووە!"

هەمووان بێدەنگ بوون و ساردۆنیا خۆی بە هۆڵەکەدا کرد. یەکێک لە ژنەکان بە لاچاو ئاماژەی بۆ ژنەکانی دیکە کرد، ئێ ساردۆنیا ئەوەندە کاڵفام نەبوو تا نەزانێت یانی چی! گەورەکان کاتێک بیانەوێت شتێک بشارنەوە، بە لاچاو ئاماژە دەکەن.

گەیشتە ناوەڕاستی هۆڵەکە و هەمووان نیگایان چووە سەری. کپ و بێدەنگ، هێلکەت لەسەر سەریان دابنایە نەدەکەوتە خوارەوە، تەنانەت منداڵە گرینۆکەکەیش نقەی لێ بڕا!

ساردۆنیا وای هەست کرد بوونەوەرێکی فەزایی بێت و تازە لەسەر زەوی دابەزیبێت.

نەنکی بانگی کرد: "وەرە کچم، شەرم داتنەگرێت، هەمووان پرسیاری تۆ دەکەن."

یەکێکیان وتی: "ماشەڵڵاو لێ بێ، ئای کە کچێکی جوانی!"

ئەوانی دیکەیش سەریان بۆ لەقاند، ها مانا ئێمەیش هاوڕاین.



Scanned with CamScanner

سەیرێکی منداڵەکانی کرد، هەموویان لەو بچووکتر بوون. ئەوەیشیان کە دەگریا، کەوتە سەر عەرزەکە و دەستی بە زگەخشکێ کرد.

ئافرەتێکی قەڵەویان لە ناودا بوو، ڕووی لە ساردۆنیا کرد و وتی: "ئادەی پێمان بڵێ با بزانین چۆنی؟ چی دەکەیت؟"

نەنکی وەڵامی ئەو ژنەی دایەوە و وتی: "لە خوێندنەوەی کتێب تێر ناخوات. دەڵێم ڕۆڵە چاوەکانت کز دەبن، کەچی هیچ باکی لێ نییە!"

پێکەوە وتیان: "ماشەڵڵا چەند ئاقڵە."

لەناکاو منداڵە بچووکەکە کەوتە کۆکەکۆک، شتێک لە قورگی پەڕیبوو، کەسیش ئاگای لێ نەبوو، خەریک بوو بخنکێت، ئەوجا ژنگەل هاتنەوە سەر خۆیان و پەلاماریان دا. بینییان پارچە شیرینییەک لە قورگی گیر بووە. دوای چەند خولەکێک، هەناسەدانی گەڕایەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی. ئەوان لەو هەرا و هۆریایەدا بوون، ساردۆنیایش خۆی لێ دزینەوە و بەرەو ژوورەکەی گەڕایەوە.

دەرگاکەی داخست. وای دەزانی خەوتووە، وا بەخەبەر دێت و هۆشی بەبەردا دێتەوە، ڕێک لە پاڵەوانی نێو هەقایەتەکان دەچوو.

تۆپە گۆییەکەی لەناو دەمژمێرە وەستاوەکەی قەد دیوارەکە دەرهێنا، تەکاندی و دەنگێکی مۆسیقای لێوە هات، بەڵام دەنگەکە لە جاران کزتر بوو، پێدەچوو وزەکەی لەدەست دابێت. کەمێک دواتر هاتە سەر ئەو خەیاڵەی لەوانەیە



Scanned with CamScanner

هۆکـاریکی نادیـار لەپشـت دۆزینـەوەی ئەو تـۆپەوە هەبیت، چونکی لە کتێبخانەدا دانرابوو، وزەکەی لە کتێبەوە وەردەگرت. ئەو بەردانەی کە دەدرەوشـــانەوە، بە هـــۆی هەقـــایەت و چیرۆکەکان، یان ڕۆمان و کتێبی هۆنراوەکانەوە بوو.

ئەگەر وا بێـت، یـانی بـۆیە لە کتێبخـانەی قوتابخـانەکەدا دانراوە، تاکوو وزە وەربگرێت. ئەو دەمەی ساردۆنیا بردیەوە بۆ مـاڵ؛ کێشـەی نەبـوو، لەبەر ئەوەی ژوورەکەی پڕ بـوو لە کتێب.

وەلێ لێرە و لە مـاڵی نەنک و بـاپیری دۆخەکە جودایە، خۆ ئەمان چیرۆکێ، ڕۆمـانێ، یان شیعرێ نـاخوێننەوە، بۆیە تۆپە جادووییەکە وزەکەی خۆی لەدەست داوە.

ساردۆنیا لە پەنجەرەکە نزیک کەوتەوە و بیری دەکردەوە. ســـەیرێکی دەرەوەی کـــرد، بینیـــی وا یەکێـــک لەنـــاو پەلکەدارەکـانەوە چـاودێریی دەکـات. ئەی خـودایە، دەبێت کێ بێت؟

کچێک بوو پێشتر نەیدیتبوو، زۆر بەوردی چاودێریی دەکرد. ڕەنگـی چاوەکـانی لە یەکدی جـودا بـوون. بەواقوڕمـاییەوە لە سـاردۆنیای دەنـۆڕی. بێگومـان ئەوەی بینیتـی، خەیـاڵ نەبـوو. چاوەکـانی ئەو کـچە زۆر گەورە و ڕەنـگ کـاڵ، دەتـوت چـاوی کەروێشـکن. قـژە شـین و نەرمە شـۆڕبووەوەکەی، دەتـوت لە سەرەوە بە گوریسێکەوە بەستراوە.

گوێیەکـانی کەوانەیی و قیت، لـووتی بەرز و ڕێک، هەر چی ڕوومەتەکـانی بـوون سـەراپایان بە خـاڵ و قـنچکەی ڕەنـگ سوور داپۆشرابوون.



Scanned with CamScanner

کاتێک ساردۆنیا زیتر لێی ورد بووەوە، تێبینیی کرد کە لە بووکەڵەیەکی سەیر دەچێت، یان لە تابلۆیەک دەچوو کە وێنەکێشێک شێتانە نەخشاندبێتی. بەسەرسوڕماوییەوە چرپەیەکی کرد و وتی: "کچە وێنەکێشراوەکە!"



Scanned with CamScanner

# هاوڕێگەلێکی نوێ

ساردۆنیا پەنجەرەکەی کردەوە و خۆی هەڵدایە نێو باغچەکەی ماڵەوە. کچەکە بە هەنگاونانی لەسەرخۆ و بەترسەوە هاتە پێش. تەمەنی ١٠ساڵان یان ١١ ساڵان دەبوو. پێستی لەشی تا بڵێیت سپی بوو، دەتوت لە ئاردی سفر هەڵکێشراوە. بازنگێکی ئەستووری لە دەستدا بوو کە نقێمێکی گوێی پرشنگداری پێوە بوو، لایەکی بە دەزووی شین چنرابوو، لایەکەی دیکەیش بە دەزووی سەوز.

ساردۆنیا لێی پرسی: "تۆ کێیت؟"

"ناوم زەهرایە."

سەیری گەڕەکەکەی کرد و لێی پرسی: "لە کامە گەڕەکن؟"

"ئێمە لەم کەناراوە ناژیین."

"ئەوە وتت 'ئێمە'؟"

"بەڵێ، من و براکەم." پاشان ئاماژەی بۆ لای دار هەرمێکە کرد، لە پشتیەوە منداڵێکی بچکۆلەی ١٠ ساڵان ڕاوەستابوو، کورت بوو، بەڵام قەڵەو، قژێکی ڕەشی لوولی هەبوو، دەتوت گۆرانیبێژێکی کاڵفامە، شەرمنیش بوو. لە پەناگەکە هاتە دەر و بەگومانەوە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە.

ساردۆنیا پێی وت: "سڵاوت لێ بێ."

"س... س...ڵاو لە تۆیش."

خوشکەکەی هاتە قسە: "براکەم سەر زمانی دەیگرێت."



Scanned with CamScanner

ساردۆنیا سەیرێکی کرد و دڵی پێ سووتا. حەی، ئەوە خۆ پێشتر کەسێکم نەبینیوە قسەکانی بقرتێنێت. سەیرە!

بۆ یەکەم جار کەسێکی بینی لەوانی دیکە جوداواز بوو. لەوانەیە هەمووان لە یەکدی جودا بن، کەچی مرۆڤ بەخێرایی لەم مەسەلەیە حاڵی نابێت.

"ناوم ئەسۆتایە."

"ئەوە یەکەم جارە گوێم لەو ناوە دەبێت!"

دەموچاوی کوڕە لە تەریقیدا سوور هەڵگەڕا، چونکی هەمیشە وا پێ دەڵێن. ساردۆنیا هەرگیز بیری لای ئەو قسەیە نەبوو کە کردی، ئێ خۆ خەڵکیش وا بە خۆی دەڵێن! ناکرێت شتێکت پێ ناخۆش بێت، کەچی خۆت بە خەڵکی بڵێیت. باش بوو کوڕەکە ئاگای لەو قسەیە نەبوو.

شانەکانی تەکاند و وتی: "لە...و...و...انەیە پێشتر ئەو ناوەت بەر گوێ نەکەوتبێت، وەلێ نا...و...و...وم..."

"ببورە مەبەستم سووکایەتی نەبوو، هەمووان بە منیش دەڵێن ناوت نامۆیە. ناوم گوڵی ساردۆنیایە."

زەهرا وتی: "ئای کە ناوێکی خۆشە!"

ئەسۆتایش سەری لەقاند و وەکی بڵێت: "بەڵێ، ئەی چۆن!"

یەکەم جار بوو گوێی لێ بێت کەسێک پێی بڵێت: ناوت چەند خۆشە!

"حەز دەکەم بزانم 'ئەسۆتای' یانی چی؟"



Scanned with CamScanner

"یانی نۆمای سەرشێت، بەڵام وا نازانم ئەوها زوو کەللەیی ببم."

ساردۆنیا بزەیەکی بۆ کرد و وتی: "خۆشحاڵ بووم بە ناسینتان. ئێوە لەکوێوە تەشریفتان هێناوە؟"

زەهرا بە دەستی ئاماژەی بۆ دوور کرد و وتی: "لە وڵاتی ئەفهیماوە."

"وڵاتی چی؟ مەبەستت لە وڵاتی ئەفسانەکان، چیرۆک و هەقایەتەکانە؟ شوێنێک بەم ناوەوە بوونی نییە، چونکی زانیارییەکانم لە بارەی جوگرافیاوە گاڵتەیان پێ ناکرێت."

ئەم جارەیان زەهرا شانەکانی هەڵتەکاند و وتی: "لەوانەیە لە وانەکاندا بەم بابەتە نەگەیشتبن."

ساردۆنیا کەمێک بیری کردەوە، پاشان وتی: "زۆر باشە... دەی باسی ئەو شوێنەم بۆ بکە، بە چی بەناوبانگە؟"

ئەودەم زەهرا وەکی گوڵێک گەشایەوە: "ئێستە وڵاتەکەمان وەکی جاران نەماوە، لە کۆندا تارای سەوزی پۆشیبوو، ئاوەکانی خوڕەخوڕیان بوو، جنۆکەی مێ و ئەژدیهاکانی لێ نیشتەجێ بوون، بەڵام ئێستە بەردەوام لە لەناوچووندایە."

"جنۆکەی مێینە و ئەژدیهاکان! ئەم وڕێنەیە چییە؟"

"دەکرێت باوەڕ بە قسەکانم نەکەیت، بەس دەتوانیت نکۆڵی لە بوونی هەقایەتەکان بکەیت؟ نەخێر. وڵاتەکەی ئێمەیش هەر وەهایە. هەموو ئەو هەقایەتانەی بیستووتانە، لای ئێمەوە بەرەو جیهان هاتوون."



Scanned with CamScanner

"جا ئەوە چۆن دەبێت؟"

زەهــرا ڕوونکردنەوەکــانی درێــژە پــێ دا: "لە ســەرەتادا دەردەچــووین و چەنــدان بیرۆکەمــان لە وڵاتــانی زۆر و زەوەندەوە کۆ دەکردەوە، پاشان دەمانکردە کیسەی گەورەوە و لەگەڵ خۆماندا دەمانگێڕا، پیت پیت پڕمان دەکرد، ناومان دەنا 'کەرەسەی خاوی حازر بۆ کارپێکردن'."

ســاردۆنیا بەتاســەیەکەوە لێــی پرســی: "ئەی لەدوای ئەوانە چی؟"

"پاشان بۆ وڵاتەکەی خۆمان دەگەڕێینەوە، لەوێ سەربازگەی هزریــی ئەبجەدیمــان هەیە. لەم ســەربازگەیەدا خۆمــان تــاک دەکەیــنەوە و هەڵســەنگاندن بــۆ ئەو بیرۆکــانەی کە کۆمــان کــردوونەتەوە، دەکەیــن. کاریــان لەســەر دەکەیــن، تــا چیــرۆک، هەقایەت و ڕۆمانی نوێی لێ پێک بهێنین.

لەوێ هــاوڕێیەتییەکی گەرموگــوڕ هەیە و مــاوەیەکی زۆرە لەنێــوان وڵاتەکەمــان و وڵاتــانی دیــکەدا تــوولی کێشــاوە. یــان ڕاستتر، هاوڕێیەتی لەنێوان خۆماندا پتەو و بەهێزە."

"زۆر باشە. ئەدی چی گۆڕا؟ خێرە وڵاتەکەتان وشک دەبێت و دەپووکێتەوە؟"

زەهرا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتــی: "لێم بگەڕێ با مەســەلەکەت زێتــر بــۆ ڕوون بــکەمەوە: هەر کــات منــداڵێک کتێبێکی بەخۆشەویستییەوە خوێندەوە، هەردەم گەورەیەک لە گەورەکــان چیرۆکێــک یــان هەقــایەتێکی گێــڕایەوە، هەر جــار ڕایەکــی نــوێ لەدایــک بــوو؛ گوڵێــک دەپشــکوێت، بولبولێک لە

قارەی هەشتەمدا دەچریکێنێت، یان ئاوی تاڤگەیەک ئاوازێک دەچرێت. هەر چی لەوێ ڕوو بدات، کار لە ئێمە دەکات."

ساردۆنیا برۆکانی بەسەراسیمەیی هێنایەوە یەک وەختێک خۆی بۆ ڕەتکردنەوەی قسەکانی زەهرا ئامادە دەکرد، تا پێی بڵێت: "ئاخر ئەزیزم کوا هەشت قارە هەیە، هەر حەوتمان بیستووە. بۆ سەرمان لێ دەشێوێنیت؟" ئەوەیش بە خەیاڵیدا هات تۆپە گۆییەکە تا چەند ڕاستە!

بیری دەکردەوە: ئایا دەبێت ئەو شوێنەی زەهرا باسی لێوە کرد، هەر هەمان ئەو پارچە ڕەشە نەبێت کە لەسەر تۆپە گۆییەکەیش هەیە؟ زۆر باشە. بێگومان ئەگەر شتێکی لەو شێوەیە هەبووایە، لەبەر چی مامۆستاکەی باسی نەدەکرد؟ تۆ بڵێیت ئەویش لەم بارەیەوە لە گوێی گادا نووستبێت!

"دەی پێم بڵێن، بۆچی پەیوەندیی نێوان وڵاتان تێک چووە؟"

"گیانەکەم، چیرۆکەکە ئەوهایە: ئێستە منداڵەکان وەکی پێشان نەماون، کتێب ناخوێننەوە، خەون بنیات نانێن، تەنیا یاری بە مۆبایل دەکەن و هیچی دی."

ساردۆنیا بەناسکییەکەوە وتی: "خوشکێ، منیش یاری بە مۆبایل دەکەم."

"ئێ با بیکەن، هیچ ڕێگرێک نییە، بەس با کتێبیش بخوێننەوە، چونکی بنیادەم پێویستی بە هێزی خەیاڵیش هەیە. ئەی چۆن! هەروەکی چۆن پێویستی بە نانە، پێویستی بە ئاوە، خەیاڵیش ئەوهایە. جاران منداڵان لە چیرۆکەکانی ڕابردوودا ڕۆچووبوون، لە کووچە و کۆڵانان یارییان دەکرد، خەونیان

پێک دەهێنا، لە دەریای خەیاڵدا مەلەیان دەکرد، دەبوونە چەتە و ڕێگر، دەبوونە گاوان و شوان، یان دەبوون بە فڕۆکەوان و بۆشاییگەر، وەلێ ئێستە زنجیرکراوی نێو ژوورەکانن و ناچنە دەر، ڕێیان پێ نادرێت، وەکی مریشکی کڕکەوتوویان لێ کراوە! سا یان یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن، یان تەماشای تەلەڤزیۆن."

ساردۆنیا وتی: "ئەوانە هەموو ڕاستن." بەردەوام بوو: "باوکم هەمیشە دەڵێت: منالیمان لەو گەڕەکەدا بەڕێ کرد، بەزۆر نەبوایە نەدەهاتینەوە، دایکمان دەیقیژاند: کورە وەرنەوە، بابە درەنگە، وەرنەوە بۆ ماڵ. کە دنیا تاریک دادەهات، زگمان لە برسان قوڕەی دەهات، ئەوجا دەهاتینەوە. دەیوت: منداڵی ئەمڕۆ وا ناکەن. منیش دەمەوێت ئەو مەسەلەیە بۆ دایکم باس بکەم، کەچی ئەو گوێی پێ نادات، هەر دەیڵێتەوە: بێگومان تەماتەی ئەم زەمانە، تامی کا دەدات، بۆنی هەر نەماوە!"

خوشک و برا بەجۆشوخرۆشەوە گوێیان بۆ قسەکانی ساردۆنیا شل کردبوو، دەستی پێ کردەوە: "ئاخر پێم ناڵێن چۆن هێزی خەیاڵ لای ئەو منداڵە گەشە دەکات، نە کتێبێک بخوێنێتەوە، نەیش بێتە کۆڵان و ڕاوڕاوکێیەک بکات!"

"بەڵێ، ڕاستە. ئەگەر بیرۆکەکانی داهێنانکاری نەمێنن، قارەی هەشتەمیش دەبێتە بیابان. ڕووبارەکان وشک دەکەن، دارەکان لە بەرهەمهێنانی میوە دەوەستن، برسێتی و قاتوقڕی باڵی شوومیان بەسەر دنیادا دەکێشن، ئەوکاتیش لە ئێمەوە هیچ چیرۆکێک، هیچ هەقایەتێک یان ئەفسانەیەکتان پێ ناگات. بە



Scanned with CamScanner

تێپەڕینی کاتیش، شوێنەکانی دیکەیش لە جیهاندا کارتێکراو دەبن و وشکی؛ دنیا دەگرێتەوە."

"ئای کە بابەتێکی مەترسیدارە."

"پێویستە پێش ئەوەی قارەکەمان بەرەو نەمان بڕوات، ئێمە پێشتر دەستی خۆمان بوەشێنین. با ڕزگاری بکەین. لەبەر ئەمەیە گەشتەکەمان دەست پێ کرد. من و براکەم دنیا و بنیا گەڕاوین، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، چەندان بیرۆکەمان خڕ کردەوە."

ئەودەم ساردۆنیا تێبینیی ئەوەی کرد چەند توورەکەیەکی گەورە لای خوارەوەی دارەکە دانراون. توورەکەکان پڕ بوون لە پیتی ڕەنگاوڕەنگ.

"پێویستە بە زووترین کات بیانبەینەوە بۆ وڵاتەکەمان. لەوانە چەندان چیرۆک، هەقایەت، ڕۆمان و هۆنراوەیان لێ دەردەچێت، دواتر بە هەموو جیهاندا بڵاو دەبنەوە."

"ئەوەی لێی تێناگەم: دەی بۆچی بەتەنیا بیرۆکەکانی خۆتان ڕزگار ناکەن؟"

ئەم بابەتە بێزاری کرد، دەموچاوی سوور هەڵگەڕا: "ڕاستە ئێمە چیرۆک، هەقایەتەکان و ئەفسانەکان دەهۆنینەوە، بەڵام قورسە بیرۆکەی سەرەکیی بۆ بدۆزینەوە. ئێمە وەکی ئێوە داهێنەر نین، کارامەییەکی لەو شێوەیەشمان نییە."

"بڕوام وایە هەمووان داهێنەر بن. بەڵێ، نەک تەنیا ئێمە."

ساردۆنیا بەچێژەوە گوێی بۆ گرتبوو. بەو مەسەلەیە قنیاتی نەکرد، کتوپڕ پرسیارێکی دیکە بە مێشکیدا هات: "دەی پێم بڵێن، ئەوە لە باغەکەی باپیرمدا چیتان دەکرد؟"



Scanned with CamScanner

"ئێمە بەشوێن تۆپە گۆییەکەوە بووین، کارەکەمان قورس بوو، ئاماژەکان لێرە زۆر لاواز بوون."

ساردۆنیا سەری سورِما و وتی: "ئاماژەکان!" پاشان سەیرێکی ئەو بازنگەی دەستی کچەکەی کردەوە، بینیی ئەو تۆپە شووشەییەی بە سەریەوە بوو، هەر کات تیشکی هەتاوەکەی بەر دەکەوت؛ ڕەنگەکانی دەگۆڕان.

"بەڵێ، تۆپە جادووییەکە ئاماژەی تیشکیمان بۆ دەنێریت. هەر کەسێک کە لە وڵاتەکەمان دەرچوو، یەکێک لەو تیشکانە دەگرێت، بۆ ئەوەی ڕیگەی لێ ون نەبێت. کاتێک گەیشتینە ئەم ناوچەیە، خستمە پشتی کتێبەکانەوە، نەبادا وزەکەی تەواو ببێت. دواتر بەو هۆیەوە دەتوانین لە ڕێی ئاماژەکانەوە کە لێی وەردەگرین، ڕێگەکەمان بدۆزینەوە و لە ڕێی ئەو نەخشەیەی کە بازنگەکە دەریدەخات؛ بڕۆینەوە. خۆ ئەگەر وزەی تۆپەکە لاواز بوو، پێویستە لەسەرمان وزەی بۆ پەیدا بکەین، ئەوەیش بەوە دەبێت لەنێو کتێبەکاندا دایبنێین."

براکەی زەهرا قسەکانی تەواو کرد: "کاتێک تۆ لە ئەستەنبوڵ لە ماڵی خۆتان بوویت، ئێمە شوێنەکەیمان دەزانی، بەڵام لەوەتەی هاتوویت بۆ ئێرە، ئاماژەکان لاوازن، زۆر بەنارەحەتی توانیمان بێین بۆ لای."

"ڕێک وایە، لە ژوورەکەی خۆمدا کتێبی زۆر هەبوون، بەس لێرە خۆتان حاڵەکە دەزانن، کتێبیان نییە. خۆیشم هەستم کرد هەر بەوەی گەیشتمە ئێرە، تیشکەکەی لاواز بوو."

"بەڵێ، تۆپەکە لەنێوانی کتێبەکاندا وزەی زێتر دەبێت."



Scanned with CamScanner

"ئەوە ئێستە دۆزیمەوە، ئێوە بوون کە لە کتێبخانەی قوتابخانەکەدا داتاننناوە!"

ئەسۆتای سەری لەقاند و وتی: "گەڕاینەوە بەدوایدا، کەچی نەماندۆزییەوە."

زەهرا تێهەڵچوو: "ئێمە ناتوانین بەبێ ئاماژەکانی ئەو کە بۆ بازنگەکەی دەنێرێت، بۆ وڵاتەکەی خۆمان بگەڕێینەوە، ڕووگە و ڕێگەمان لێ تێک دەچێت، ئەوە چەند ڕۆژێک بوو دەمانویست وزەی بدەینێ."

ساردۆنیا دڵتەنگ بوو، وتی: "من داوای لێبوردنتان لێ دەکەم، بەڕاستی بووم بە زەحمەت بۆتان، ماندووم کردن، نەدەبوو لە کتێبخانەکە دەریبهێنم، ئەوە مافی من نەبوو."

ئەسۆتای وتی: "ئەوەی ڕووی دا، ڕووی دا. لە سەرەتادا قارمان لێت هەستا، وەلێ ئێستە ئەو هەستە خراپەمان نەما."

"بەبێ ویستی خۆم بووم بە مایەی ئازاردانتان، بەڵام تۆڵەی ئەو هەڵەیەمتان بۆ دەکەمەوە. کە وا بوو منیش لەگەڵتاندا دێم."

زەهرا ناوچەوانی گرژ کرد و وتی: "لە وڵاتەکەی خۆمانەوە دەتوانین بەئاسانی بۆ ئێرە بێین، بەس بۆ گەڕانەوە؛ تەواو بەپێچەوانەوە، زۆر قورسە."

ساردۆنیا بەسووربوونێکەوە وتی: "ئەدی ئەوە نییە خەڵکانێک لێرەوە دەیانەوێت بچنەوە بۆ ئەو وڵاتە؟"

"بەڵێ، هەن وایان کردووە."

"دەی کێ بوون؟"



Scanned with CamScanner

"شاعیران، نووسەران، دەرهێنەری فیلمەکان، وێنەکێشان و مۆسیقارەکان... بەڵێ، ئەوانە و سەرەڕای منداڵانیش. زانراویشە، هەر منداڵانن جوانترین خەون وێنا دەکەن."

"ئەو قسانە یانی ئەمە شتێکی ئاساییە. ئەی ئەو منداڵانە کێ بوون؟"

"ئەو منداڵانەی خەیاڵێکی فراوانیان هەیە زیارەتی وڵاتەکەمان دەکەن، هەروەک کەسێک خاوەنی تۆپە گۆییەکەی شێوەی زەوی بێت، ئەویش دەتوانێت."

ساردۆنیا بەم قسەیە دڵی خۆش بوو، وتی: "یانی کەسی وەکی من؟"

"بەڵێ، وەکی تۆ. وەلێ تکایە باش گوێم لێ بگرە، لەوانەیە ئەم کارە مەترسیدار بێت، چەندان نارەحەتی و چەرمەسەری لەو ڕێیەدا خۆیان بۆمان مەڵاس داوە!"

ساردۆنیا لە خۆشییاندا هاواری کرد و بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی چی وترا: "ئای کە نازدارە... دەی خێرا کەن! کە وایە با بڕۆین!"

زەهرا و ئەسۆتای نیگایەکی پڕ لە ڕاڕاییان بۆ یەکدی کرد، کەچی ساردۆنیا کەوتە ڕێ و خۆی هەڵدایە پێشیانەوە.

ســاردۆنیا لە پەنــجەرەکەوە خــۆی هەڵــدایەوە ژوورەوە. دەمژمێــرەکەی قەد دیــوارەی کــردەوە و تــۆپە گــۆییەکەی دەرهێنــا، گــوێی لە دەنگــی نەنــک و دراوســێکانی بــوو. بــێ کاتبەفیرۆدان، گەڕایەوە ناو باغچەکە. کاتێک زەهرا بینیتی، بە هەموو هێزی خۆیەوە هاواری کرد: "تۆپەکەمان!"

تیشکەکان بەکزی لەو وردە بەردە ڕیزکراوانەوە کە لەسەر تۆپەکە هەبوون، دەردەچوون.

ئەسۆتای وتی: "ئای کە داماوە، وزەکەی تەواو بووە!"

ساردۆنیا وتــی: "ڕێــک وەکــی مۆبایــل وزەی تێــدا نەمــاوە، پێویســتە لەســەرمان تــۆپەکە شــەحن بکەیــنەوە، بەڵام لەجێتیی کارەبا، کتێبی دەوێت."

"ئا... ئا... مۆبایل! کەوتەوە بیرم."

ساردۆنیا وتی: "ئایا ئێوەیش مۆبایل بەکار دەهێنن؟"

"نەخێر."

"ئەوە بە ڕاستتە! لێرە، هەمــووان بەکــاری دەهێــنن، تەنــانەت منداڵانیش. لەو ڕێیەوە پەیوەندی دەکەین و هەواڵەکان دەزانین. ئەدی ئێوە چۆن پەیوەندی بە یەکەوە دەکەن؟"

"لە ڕێی بیرۆکەکانمانەوە."

ســاردۆنیا دیســان واقــی وڕمــابوو، بەڵام لەولاوە زەهــرا قسەکەی پێیان بڕی و پرسیارێکی دیکەی کرد: "دەی پێم ناڵێن

لەم کەناراوە، لە کوێ شوێنێک بدۆزینەوە ئەو هەموو کتێبەی لێ بێت؟ ها!"

"ئەنکم لای نییە، دراوسێکانیشی باوەڕ ناکەم، بەڵام دڵنیام لێرە چەندا فێرخواز هەن و حەزیان بە خوێندنەوەیە. بەس شتێک لێرەدا هەیە، ناکرێت بەبێ ئاگارکردنەوە بۆ لایان بڕۆین."

هەمووان جەویان گیرا، بەبێهیواییەوە سەیری یەکدییان دەکرد، وەلێ ساردۆنیا هەروەک ئاقڵ بوو، لێهاتوویش بوو، لەبەرانبەر نارەحەتییەکاندا چۆکی دانەدەدا، بەڵکوو هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاوی هەر دەدا. کتوپڕ دەموچاوی گەشایەوە و بیرۆکەیەک ئەقڵی ڕووناک کردەوە: "ئا... دۆزیمەوە! بەتەواوی ئەو شوێنە دەزانم کە پێویستە بۆی بڕۆین! دەی هەستن زوو کەن، تا درەنگ نەکەوتووین!"

ئەسۆتای پرسیی: "ئەوە بۆ کوێ؟"

چاوەکانی ساردۆنیا بریسکەیان دەهاتێ: "خەم مەخۆن، بیرۆکەیەکم بۆ هات، دواتر دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەتان، بەڵام با جارێ چارەی ئەم تۆپە بکەین و شەحنی بکەینەوە."

ئەوە بوو زانیی کە پەڕاوگەی "پەلکەزێڕینە"، تاکە پەڕاوگە و کتێبخانەی ئەم کەناراوە دوورە بوو. کە منداڵ بوو، دوو یان سێ جار بۆ ئەوێ ڕۆیشتبوو.

زەهرا دەستی ساردۆنیای گرتبوو، پێی وت: "نازانم کێ لە ژوورەوەیە، وەلێ بەلاتەوە سەیر نەبێت ئەگەر نەتوانن ئێمە ببینن."

"ئەی خوایە گیان، ناتوانن بتانبینن؟ پێم ناڵێیت بۆچی؟"

"مەگەر کەسێک تۆپە جادووییەکەی لا بێت، ئەگەرنا کەسانی دیکە ناتوانن بمانبینن، بۆیە بۆخۆت قسەی لەگەڵدا بکە و تەواو."

"خوایە گیان سەیرە."

بەڵام لە ڕاستیدا ساردۆنیا ئاواتەخواز بوو هەندێک جار بیتوانیایە خۆی ون بکردایە و چواردەورەکەی نەیانبینیایە. لەملا بۆ ئەولا بڕۆیت و گوێ لە خەڵک ڕابگریت، بچیتە کتێبخانەکەوە بەداخراوی، لەبەردەمی دایکیدا ئایسکرێم و شوکولاتە بخوات و نەیبینێت. چ خۆشییەکە!

ئەو لەم بیرکردنەوانەدا بوو دەرگاکەی کردەوە، دوکان چی دوکان، پڕ لە دەفتەری ڕەنگاوڕەنگ، سلیمبۆیە، کاغەزی جۆراوجۆر، کارت، قەڵەم و لەزگەی سەیر سەیر. ڕەفەکان هەموو پڕ بوون. لایەکی دیوارەکە کتێبخانەیەک بوو، دیوارەکەی داپۆشیبوو. زۆربەی کتێبەکان هیی قوتابخانەیی بوون. هەندێک کتێبی ئەدەبیی وەکی ڕۆمان، هەقایەت و دیوانی شاعیرانیشی تێکەڵ ببوو. زۆربەی مشتەرییەکانی منداڵ بوون و لەگەڵ دایک و باوکیاندا یان خزمەتکارەکانیان دەستیان دەگرتن و شتیان بۆ دەکڕین. هەندێک لە کارمەندانی بانکەکانیش بۆ کڕینی ڕۆمان ڕوویان لێ دەکرد. خاوەنەکەی سەیید "نەزمی" بوو، هەر چەند پیر ببوو، کەچی هێشتا خوێنەرێکی جددی بوو، مانگانە کارتۆنێک کتێبی لە شارەوە دەهێنایەوە.



Scanned with CamScanner

ئەو ڕۆژە سەیید "نەزمی" لەپشت مێزەکەیەوە لێی دانیشتبوو، لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەدا نقوم ببوو. هەرکە دەرگاکە کرایەوە، وەستا و وتی: "بەخێر بێیت، چۆن بتوانم یارمەتیت بدەم؟"

ساردۆنیا کەمێک تیا ما و پاشان وتی: "ئێمە... مەبەستم من... تۆپ."

زەهرا بێدەنگی کرد و وتی: "نەخێر."

لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبوون کە هۆکاری هاتنەکەیان بە کەس نەڵێن.

باش بوو سەیید "نەزمی" لەو سەین و بەینەیان حاڵی نەبوو. ساردۆنیا فریا کەوت و لێی پرسی: "دەمویست لە بارەی کتێبی 'دوورگەی گەنجینە'وە بپرسم، بێزەحمەت هەتانە؟"

"بێگومان، ئەی بۆ نا. بەڕاستی ڕۆمانێکی خۆشە، کە منداڵ بووم زۆرم خۆش دەویست."

کاتێک ساردۆنیا بینیی وا سەیید "نەزمی" بەرەو کتێبەکان دەچێت، وتی: "سێ دانەم دەوێن."

"سێ، کچم؟"

ساردۆنیا بەسووربوونێکەوە: "بەڵێ، سیان."

"نازانم سێ نوسخەم ماوە یان نا، با بچمە مەخزەن و چاوێک بگێڕم."

ساردۆنیا هەستی بە دڵتەنگی کرد، چونکی کابرای ناچار کرد بگەڕێت و ماندوو بێت، بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو.

هەر ئەوەندەی تەنیا کەوتنەوە، تۆپەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا و بەرەو لای کتێبەکان بردی، یەکسەر کەوتە بریسکانەوە.

زەهرا لەو حەلەدا وتی: "نابینن چۆن ژیانی بۆ گەڕایەوە!"

لە چاوتروکانێکدا تۆپەکەیان لەپشت ڕۆمانەکانەوە شاردەوە. کتێبێکی گەورە کە ناوی مێژووی جیهان بوو؛ خستیانە پێشییەوە، لەملاولایشەوە هەندێک کتێبی نوکتە و ئەوانەیان دانا.

ئۆخەی! ئێستە تۆپەکە لە کەسەوە دیار نییە، چاوەڕوانی ئەوە نین شتێکی بەسەردا بێت.

زەهرا وتی: "با لێی بگەڕێین وزەکەی بگەڕێنێتەوە."

ئەسۆتای وەڵامی دایەوە: "دەی با بڕۆین."

ساردۆنیا یەکسەر ئەوەی قبووڵ نەبوو، وتی: "ئەی خاوەنی کتێبخانەکە چی؟"

ئەوان لەو قسانەدا بوون، گوێیان لە تەپەی پێی سەیید "نەزمی" بوو وا دێتەوە بۆ لایان. کاتیان نەبوو لەوە زیتر بەفیڕۆی بدەن، سووک و بێدەنگ بۆی دەرچوون.

لە مەخزەنەکە هاتە دەر و بەدەم ڕێوە دەیوت: "تەنیا دوو نوسخەمان ماوە، ئەگەر سێیەمیشت ویست؛ داوای دەکەم."

بەڵام کەسی لێ نەمابوو، لەبەر خۆیەوە دەیوت: "ئەی خوا کەی... ئەوە چی ڕووی دا؟"

لە کتێبخانەکە چووە دەرەوە و جارێ بەملا و کەڕەتێک بەولادا چاوی گێڕا، گۆڕیان گوم بوو، تەنیا سەگە

بەســتەزمانەکە لە گەڕەکەکە دەبینــرا. گــورج گەڕایەوە جێی خۆی.

وا گومــانی بــرد خەیــاڵی بینیــوە، هەناســەی ئاســوودەیی هەڵکێشا و لێی دانیشتەوە. ئەوە چەند ساڵە ئەو کتێبخانەیەی هەیە و هەوڵـی بەدەسـتهێنانی پارووە نـانێکیەتی. خێزانەکەی چەندان جار داوایان لێ کردووە وازی لێ بهێنێت، وەلێ دڵی ئیسراحەت ناکات و وازی لێ ناهێنێت.

لەسەر کورسییەک دانیشت و چاویلکەکانی دەرهێنا و کەوتە خوێنـدنەوەی "دوورگەی گەنجینـە". دوای ئەو هەمــوو ســاڵە، دیسان دەیخوێنێتەوە. دوای چەند چرکەیەک، سـەری بڵند کرد و ســەیرێکی لای چەپـی کتێبخـانەکەی کـرد. ئـای، ئەوە چـی قەوماوە؟ دەڵێی هەندێک کتێب لە جێگەی خۆیان جووڵێنراون! ڕووناکی لە کتێبخانەکەدا زێتر ببوو. مامەپیرە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و دیسان کەوتەوە خوێندنەوە.

سێ منداڵەکەیش بە دەرچوونیان لە کتێبخـانەکە، وا بەردەوام دەڕۆن و وچـان نـادەن. خـۆ هـیچ کەسـیش نەبـوو وەدوویـان بکەوێت، کەچی هێشتا ڕاڕا بوون. دەمێک کە ماندوو بوون، لە لایەکەوە لایـان دا و لێـی دانیشـتن و هەناســەی پشــوودانیان هەڵمژی.

ئەسـۆتای ســەیرێکی ساردۆنیای کـرد و لێـی پرسـی: "ئەوە چییە بە دەستتەوەیە؟"

"یاداشــتی ڕۆژانەکەمە. لەگەڵ خۆمــدا هێنـاومە، بـۆ ئەوەی ڕووداوە نامۆکان کە دێنە ڕێمان؛ تۆمار بکەم."



Scanned with CamScanner

زەهرا ئاماژەی بۆ بازنگەکەی دەستی کرد، بەردە تەنکەکەی سەری وەکی ئەستێرە دەدرەوشایەوە. لەوەیش سەیرتر، نەخشەیەکی لەسەر دەردەکەوت، دارستانەکان، دۆڵەکان و رووبارەکانی تێدا بوو. وتی: "ئادەی سەیر بکەن!"

ساردۆنیا دڵی خۆش بوو، وتی: "بژی زیرەکی! کارەکەمان سەرکەوتوو بوو. بوونی تۆپەکە لەنێوان کتێبەکاندا، وزەی پێ دەبەخشێت."

زەهرا لە خۆشییاندا چەپڵەیەکی لێدا: "جا هەر چەند وزەی تۆپەکە زێتر ببێت، بازنگەکەیش هێزەکەی بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانێت ڕێگەکەمان نیشان بدات."

ئەسۆتای زەردەخەنەیەکی کرد، وەک بڵێیت ڕاڕایی و شڵەژانەکەی ڕەواندەوە: "بەم نزیکانە دەتوانین بەرەو ماڵەکەمان بگەڕێینەوە."

ساردۆنیا بەخێرایی ئحمێکی بۆ کرد و وتی: "دەی هەڵسن با بڕۆین، ئەوەندەمان کات لەبەر دەستدا نییە."

زەهرا پێکەنی: "قارەی هەشتەم زۆر زۆر دوورە، بە حیسابی خۆت بەتەمای بەپێ بیکوتیت!"

ساردۆنیا کەمێک وەستا. ئەوە ڕاستە، بەس ئەم هەرگیز بیری لەو مەسەلەیە نەکردبووەوە. پاشان وتی: "زۆر باشە. کە وایە چۆن بڕۆین؟"

زەهرا وەڵامێکی ناڕوونی دایەوە: "دەیبینیت."



Scanned with CamScanner

زەهرا پەنجەکانی خستە دەمیەوە و فیکەیەکی دوورودرێژی لێدا. لەو کاتەدا دوو ڕەشایی لە ئاسمانەوە دەرکەوتن، بە خێرایی هەورەبرووسکە نزم بوونەوە و لێیان نزیک بوونەوە.

ساردۆنیا بڕوای بە چاوەکانی خۆی نەدەکرد. دوو ئەسپی باڵدار بوون!



Scanned with CamScanner

ڕەنگی یەکێک لە دوو ئەسپەکە، شیرییەکی تێکەڵ بە شوکولاتە بوو، ڕەنگی ئەوی دیکەیان شوکولاتەی تێکەڵ بە شیر بوو، یانی هەردووکیان سوورخن بوون. دوو کچەکە سواری یەکێکیان بوون و ئەسۆتای لەوی دیکەیان.

دوای سوواربوون، زەهرا وتی: "کاتێک ویستمان بفڕین، چوار جار چەپڵە لێدەدەین. بەڵام بۆ نزمبوونەوە، سێ جار."

هەر ئەوەندەی چوار جار چەپڵەیان لێدا، خۆیان بینییەوە وا خەریکە بەرەو ئاسمان بەرز دەبنەوە.

ساردۆنیا هاواری کرد: "ئای خودایە!" دەموچاوی لە ترسان زەرد هەڵگەڕابوو. بەتوندی خۆی بە باڵەکانی ئەسپەکەوە گرتبوو، نەیدەوێرا چاوی بکاتەوە و لە خوارەوە بنۆڕێت، چونکی سەری بەگێژەوە دەهات.

"مەگەر ئەسپت خۆشناوێن؟"

"بەرەوەڵلا چۆن! بەڵام ئەسپی پێدار نەک باڵدار."

زەهرا و ئەسۆتای دایانە قاقای پێکەنین.

"هەست دەکەم لەهۆش خۆم دەچم. خەڵک هەن لە کاتی سوواربوونی پاسدا سەریان خول دەخوات، هەیشن بۆ سوواربوونی کەشتی وان، کەچی من بۆ ئەم ئەسپە باڵدارانە ئەوهام!"

"نیگەران مەبە، چەند خولەکێکە و ئیدی ڕادێیت."



Scanned with CamScanner

هەر ئەوەیش ڕووی دا، ئەگەرچی بە کەیفی خۆی نەیدەوێرا وەکی خوشک و برا بجوولێتەوە، بەڵام وا لە فڕین ڕاهات. گوندەکانی بینی، قەراغ شارەکان و ناوجەرگەی شار، لەم سەربانی خانوو بۆ ئەو سەربانی بینا، کەچی کەسێک بەم حاڵەی ئەوانی نەزانیبوو. خەڵکی ئەوەندە سەرقاڵن، بیر لە سەیرکردنی ئاسمان هەر ناکەنەوە.

بەلای هێلانەی باڵندەکاندا تێپەڕین، ئەوە کۆلارەی منداڵانە لە بەردەمیاندا، ئەوە فیشڵدانێکە و پەتەکەی پساوە، داخۆ دەبێت هیی دەستی کام منداڵ بێت!

لەنێو هەورەکاندا ون بوون، هەروا بەرزتر دەبنەوە. لە کۆتاییدا گەیشتنە ناوچەیەکی ڕەش کە لەناوەڕاستی زەریاکەدا بوو. ساردۆنیا بەگەرموگوڕییەوە پێکەنی. ئای، خۆ ئەو شوێنە ڕێک لە شوێنە نامۆکەی سەر تۆپە گۆییەکە دەچێت! بە خوا سەیرە، کوتومت لەو کتێبە کراوەیەی سەر تۆپەکە دەکات. ڕووبارەکان، شاخەکان، باغات و سەوزاییەکان، دۆڵ و دەشتەکان، چەند جوان و قەشەنگن!

ساردۆنیا تێبینیی شتێکی سەیری کرد: ئەم شوێنە بە گژوگیای سەوز داپۆشرابوو، تەنیا هەندێک شوێنی نەبێت کە بیابان و ڕەقوتەق بوو.

زەهرا ئاماژەی کرد و وتی: "ئایا دەبینیت وشکی و ڕەقهەڵاتن دەستی پێ کردووە؟ دواتر لە هەموو شوێنێک بڵاوە دەکات."

سێ جار چەپڵەیان لێدا و دەستیان بە نزمبوونەوە کرد، لە کۆتاییدا هەردوو ئەسپەکە لەسەر ئەم دوورگەیە وەستانەوە.

زەهـــرا کە چاوەکـــانی دەبریســـکانەوە، وتـــی: "دەروازەی وڵاتەکەمان لێرەوەیە. ئەم شوێنە بە 'دارستانی بژاردەکان' ناو دەبرێت."

پڕ بـوو لە کەونەدار. گەڵا وەریوەکـان وشـک ببـوونەوە و عەیـنەن ڕایەخێکـی ســەرنجڕاکێش و نەرمـۆکە، ئەو ناوەیـان داپۆشیبوو.

لێـرەدا ئەسـۆتای وتـی: "ئیـدی ڕێـگەکە بەپـێ دەکـوتین. ڕێگەیەکی قەدبڕیش بۆ پایتەختە ئەبجەدییەکە هەیە."

سـاردۆنیا هـاتە وەڵام: "دەی زۆر باشـە. بـا بکەویـنە ڕێ!" گورج لە ئەسپەکە دابەزی.

جڵەوی ئەسـپەکانیان گـرت و بەرەو دارسـتانەکە جـووڵان. شـنەبای فێنـک دەموچـاوی دەحەوانـدنەوە. چـونکی چڕوپڕ و بەرز بـوو، تیشـکی ڕۆژ نەدەچـووە نـاو دارسـتانەکەوە، بـۆیە کەمێک تاریک بوو.

لەپڕێکا زەهرا ڕاوەستا و وتی: "نا... نا، شتی وا نابێت."

ئەو دووانەی دیکە وتیان: "چی ڕووی داوە؟"

ئامـاژەی بـۆ بـازنگەکەی دەسـتی کـرد، خەریـک بـوو ڕوونـاکییەکەی کـز دەبـوو، ئیـدی نەخشـەکەیش بەو شـێوەیە جوان ڕوون دەرناکەوێت.

"بێ و نەبێ کەسێک هەر تۆپەکەی بینیوە و بردوویەتی و لە کتێبەکـانی دوور خستووەتەوە، بـۆیە ڕوونـاکیی بـازنگەکە کز بوو. ئای خوایە گیان، خۆ خەریکە خۆی دەشارێتەوە!"



Scanned with CamScanner

ئەسۆتای بەغەمبارییەکەوە وتی: "خودایا، پەنا بۆ کام لا بەرین و چی بکەین؟"

ساردۆنیا هاتە وەڵام: "دواتر بیرێک لەمە دەکەینەوە. پێویستە بەرەو پێش بڕۆین، دەی درەنگە!"

زەهرا چاوەکانی هەڵبڕین و وتی: "بەبێ یارمەتیدانی تۆپەکە، ڕێگەکەمان لێ ون دەبێت."

ئەسۆتای وتی: "جا ئەوە کەی ڕاستە! ئەی ڕێگەکە شارەزا نییت؟"

"نەخێر، خۆ ئێمە هەرگیز بەتەنیا نەڕۆیشتووین. بە هۆی تۆپەکەوە دێین و دەگەڕێینەوە. بە هۆی ئەو ئاماژانەوە کە ئەم تۆپە بۆمانی دەنێرێت و نەخشەکە ڕووناک دەکاتەوە، سەر دەردەکەین."

سەیرێکی بازنگەکەی کردەوە، وا بەجارێ ترووسکایی لێ بڕا.

ساردۆنیا ویستی دڵی دوو هاوڕێکەی بداتەوە و وتی: "من دڵنیام بۆخۆمان ڕێگەکە هەر دەدۆزینەوە."

بەرەو پێش ڕۆیشتن و نەیشیاندەزانی ڕوو لە کوێ دەکەن، ئاراستەیان لێ ون بوو. دەنگی ئاژەڵی سەیر لەناو دارستانەکەوە دەهات، وەکی بڵێیت هەزاران چاو وا لەناو دارستانەکەوە چاودێرییان دەکەن.

هەر ڕۆیشتن و هەر ڕۆیشتن، ئەوجا ماندوو بوون، لە شوێنێکی کەمێک دوور، چەند گوڵێکی سووری زەبەلاحیان بینی.

ئەو گەورەییە، ساردۆنیای هێنایە جووڵە و وتی: "گوڵیش بەو گەورەییە! هەرگیز بەو دوو چاوەم شتی وام نەدیتووە!"

زەهرا وتی: "ئەی بۆنەکەیان بۆ ناڵێیت، ئای کە خۆشە!

بۆنێکی دڵگیر ئەو ناوەی تەنیبوو. کاتێک لێیان نزیک بوونەوە، بینییان لەسەر هەر پەڕێک لە پەڕەکانی ئەم گوڵانە، پیتێک هەیە و عەینەن مرواری دەدرەوشێتەوە. ئەوان وا ئەبڵەق بوونە، کەچی لەولاوە چەند پەڕەیەک هەڵوەرین، یەکێکیان پیتی "ت"ی پێوە بوو، ئەوی دیکەیان "ی"، سێیەمیشیان "ر". هەرکە کۆیان کردنەوە، باڵندەیەکی تا بڵێیت جوانی لێ دەرکەوت و لە شەقەی باڵی دا.

ساردۆنیا بەحەپەساوییەکەوە بازێکی دا و وتی: "سەیری ئەمەیان بکەن!"

یەکسەر چەند گەڵایەکی دیکە هەڵوەرین، لە هەر یەکێکیاندا پیتێک هەبوو، "س" و "ع" و "ل" و "ب"، ڕێک لەو چرکەساتەدا ڕێوییەک دەرکەوت کە بەناو دارستانەکەدا دەڕۆیشت.

ساردۆنیا وتی: "بڕوام وایە ئەم گوڵە جادووییە، جا هەر وشەیەک ئەم پەڕە گوڵانە نووسیویانە، دەبێتە شتێکی ڕاستەقینە."

ئەسۆتای وتی: "ئەها... بیرۆکەیەکم هەیە!"

پاشان ئەو پیتانەی کە خۆی ویستی، لە گەڵا وەریوەکانی کۆ کردەوە و لەسەر عەرزەکە دانیان و وشەی "شوکولاتە"ی پێ نووسی، لەپڕێکدا پارچەیەکی گەورە لە شوکولاتە دەرکەوت، بۆیە هەموویان لە خۆشیدا کەوتنە چەپڵەڕێزان.



Scanned with CamScanner

زەهــرا بەردەوام بــوو، وتــی: "دەی بــا ئێســتە بنووســین 'ئایسکریم'!"

پاشان هەروا وشەی یەک لەدوای یەکیان دەنووسی، حەڵوا، کێــک و چەنــدان خــواردنی خۆشەویســت بەلای منــداڵانەوە، هەموویان دەهاتنە دی و پێکەوە دەیانخواردن.

ئەسۆتای بەپێکەنینەوە بە سکی خۆیدا دەکێشا، کە ئەوەندەی خواردبــوو، دەتــوت فــوو دراوە، پاشــان وتــی: "بەڕاســتی تێــر بووم!"

دواتــر ســاردۆنیا وتــی: "دەی وەرن بــا ئەســپەکانیش تێــر بکەیــن." یەکســـەر دەیانووســـی: کــا، ســێو، جــۆ، مێــوژ. ئەسپەکانیش لە خۆشیی ئەو خواردنانە، دایانە حیلەحیل.

ئەســۆتای بە دوو کــچەکەی وت: "خــۆزگە بمانتوانیــایە ئەم گوڵەمــان ببردایە، تــا بە هــۆیەوە چیمــان بویســتایە؛ دەســتمان بخستایە."

ساردۆنیا کەمێک وەستا و وتی: "پرسیارێکم لا دروست بوو، دەتوانین چەند شتێکی جوان بنووسین، ئەمەیان باش و چاکە، وەلێ دەکرێت چەند شتێکی خراپ بنووسین، ئەی ئەو کاتە چی ڕوو دەدات؟"

کوتومت لەو چرکەساتەدا دەنگەدەنگێک ئەو ناوەی پڕ کرد، چەند گەڵایەکی دیکە لە دارەکە هەڵوەرین و ئەوان لە گەرمەی قسەکردندا بوون.

ئەو پیتــانەی بە گەڵاکــانەوە بــوون، "س" و "ا" و "ح" و "ر" بوون. تەبعەن هەروەکی پێشووتر، ژنێکی سیحرباز پەیدا بوو.



Scanned with CamScanner

لە تەوقی سەریەوە تا بنی پێی ڕەشپۆش بوو، قژێکی پیسی ڕۆناویی هەبوو.

ژنە سیحربازەکە وتی: "ئەوە لێرەدا چی دەبینم! چەند میوانێکی مناڵانە، خۆ چاوم ڕەشکەوپێشکە ناکات!"

زەهرا وتی: "ئێمە خەریک بوو بڕۆین و تۆ پەیدا بوویت."

ژنەی سیحرباز ناوچەوانی بەیەکدا دا و وتی: "ئەوەندە داماون، تەنیا هەنگاوێکیش چییە؛ نایزانن. هەرگیز ڕێتان پێ نادەم. هەر ئێستە بگەڕێنەوە جێی خۆتان، دەی!"

وتیان: "باشە، بۆچی؟"

"چونکی ئێوە منداڵن و منیش سیحرباز، ئەوەیش یانی هەر دەبێت خراپەیەکم بۆتان هەبێت، هەر وا بێ تۆز دەرناچن!"

وتیان: "یانی تۆ لە بنەڕەتدا خۆت ناتەوێت وا بکەیت، بەڵکوو پێویستە وا بکەیت، نە شتێکی دیکە. ئا ئەمەیە مەبەستەکەتان؟"

ژنەی سیحرباز مێشکی جام بوو، دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، سەری لەقاند و وتی: "بەڵێ."

وتیان: "ئەوە بێمانایە. تەنانەت ئەگەریش سیحرباز بیت، هێشتا دەتوانیت خۆت بگۆڕیت. خۆ ئەگەر حەزت لێ بێت، دەتوانیت ببیت بە ژنێکی ناسک و نازدار."

"ژنێکی ناسک و نازدار؟ ئەوە و منیان نەوتووە! ئەگەر ببم بە ئافرەتێکی دڵاوا، یانی وازم لە کەسێتییەکەی خۆم هێنا، چونکی سیحربازەکان خراپەکارن."



Scanned with CamScanner

وتیان: "ئەوەی ژنە سیحربازەکانی دیکە خراپ بن، یانی نا ئیدی تۆیش وەک ئەوان بیت. تۆ کەسێکی جودایت، خاوەنی ئەقڵیت، بیرکردنەوەت جوداوازە."

ژنەی سیحرباز بە واقوڕمان و نامۆییەوە سەیرێکی خۆی کرد، ئەمە چی بوو؟ لە ژیانیدا وشەیەلێکی وای نەبیستبوو: "لە ڕاستیدا من خراپەم بۆ کەس ناوێت. ئەگەریش ئەو کارە بکەم، ئیدی تەواوی منداڵان ڕقیان لێم دەبێتەوە، بەڵام دەمەوێت خۆشویستراو بم. کاری سیحرباز زۆر گرانە، زۆر!"

وتیان: "کەواتە واز لە کردەوە خراپەکان بهێنە."

"هممم... وەلێ دەتوانم هەڵسوکەوتێکی خراپی بچووک بکەم، هەرگیز ناهێڵم ئەو دوو پییەتان لە دارستانی بژاردەکان بجووڵێت. کارەکەتان لەسەر گران دەکەم. دواتر چوار ڕێگەی جوداجوداتان لەبەردەم دەبێت، نەک تاکە ڕێگەیەک."

زەهرا هاواری کرد: "چوار ڕێگەی لەیەک جودا؟" پاشان سەیرێکی بازنگەکەی کرد. بە هەر حاڵ، هەرگیز بەبێ نەخشەکە نەیاندەتوانی بڕۆن.

"بەڵێ، چوار ڕێگە: خۆڵ، ئاو، ئاگر و هەوا. ئێستە پێم بڵێن، کامیان هەڵدەبژێرن؟"

ساردۆنیا هاواری کرد: ئاخر ئەمە ستەمە تۆ لە ئێمەی دەکەیت، ئێ هەر هیچ نەبێ سەرەداوەکەمان بدەرێ."

ژنەی سیحرباز پێکەنی و وتی: "شتێک بە ناوی سەرەداوی هەموو شتێک لە ژیاندا، بوونی نییە. بەڵام مادەم تۆ داوای ئەوەت کرد، سەری داوەکەت دەدەمێ: یەکێک لەم ڕێگەیانە

دروستن و ئەوانی دیکە هەڵەن. خۆ ئەگەر بە ڕێگەی دروستدا ڕۆیشتن، بە زووترین کات دەگەن. ئەگەریش ڕێگە هەڵەکانتان گرتە بەر، تووشی سەرئێشەی زۆر دەبن و هەرگیز ناگەنە ئامانجەکەتان."

بۆیە ئەسۆتای و ساردۆنیا و زەهرا کەوتنە گوتوبێژ و ڕاگۆڕینەوە، چی بکەین و چی نەکەین؟

ساردۆنیا ڕێگەی ئاگرەکەی پێ باش بوو، زەهرایش ڕێگە خۆڵەکە، کەچی ئەسۆتای ڕێگەی ئاوەکەی بەلاوە باشتر بوو. لەبەر ئەوە نەیانتوانی بگەنە سازانێک. هەر ئەوەندەی مابوو هەر کەس سواری ئەسپی سەرکێشیی خۆی بێت و بەتەنیا بڕوات!

لە کۆتاییدا ساردۆنیا هەڵوێستەکەی ڕاست کردەوە و وتی: "بابە ئێستە کاتی ئەو شەڕەدەنووکە نییە، ئەو ڕاجوداییە هەرگیز لە هیچ شتێکدا یارمەتیمان نادات. ئەوە من لە کەلی شەیتان هاتمە خوارەوە و وازم لە ڕایەکەی خۆم هێنا، بۆیە با لەنێوان ئاوەکە و خۆڵەکەدا تیروپشک بکەین."

هەموویان ئەو بیرۆکەیەیان پێ باش بوو. یەکسەر پەنجا فلسییەکی دەرهێنا، کاکە شێرت دەوێ یان خەت؟ ئەسۆتای وتی: "شێر." ئەها بەرەو سەرەوە هەڵیدا و کەوتەوە خوارەوە. شانسی خوشک لە برا بەقووەتتر بوو، بە دیوی خەتدا کەوتەوە. ئەسۆتای ئاگری تێ بەر بوو، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، وەکی کوردەواری دەڵێن: پیاو عەیبە لە قسەی خۆی پەشیمان بێتەوە. ناچار ملی دا. بە ڕێگە خۆڵەکەدا کەوتنە ڕێ، سا خوا کەریمە.

گومانێک کەوتە دڵی ساردۆنیاوە، ئەی هەش بە سەرمان، دەبێت بەخێرایی بڕیارمان نەدابێت! باشە ئەگەر ئەو ڕێگەیەی هەڵمانبژاردووە، بە مەبەستەکەمان نەگەیەنێت؟ سەیرێکی خوشک و برای کرد، ئەوانیش ناوچەوانیان بەیەکدا دابوو، ئەقڵیان سەرسام ببوو!

وەلێ تازە تیروپشکیان کردووە، هەر دەبێت بڕۆن و گەڕانەوەیان ئەستەمە. دەی با بزانین چی لە پێشوازییاندا بوو؟ فەرموون...



Scanned with CamScanner

ڕێگە خۆڵەکە عەینەن پێچاوپێچی ڕۆیشتنی مار درێژ دەبووەوە. زەهرا لە پێشیانەوە ڕێی دەکرد و جڵەوی هەردوو ئەسپەکەی بە دەستەوە بوو، ئەوانیش لە دوایەوە ڕێگەکەیان دەکوتا!

بە کێڵگەیەکی پڕ لە گوڵە حاجیلەدا تێپەڕین، دیمەنێکی دڵڕفێنی هەبوو! ساردۆنیا بەڕووگەشییەوە چەپڵەیەکی لێدا. بیری لەوە کردەوە ئەگەر مرۆڤ بەرەو سروشت بڕوات، هەست بە خۆشی و بەختەوەری دەکات و بێتاقەت یان بێزار نابێت. سەیرە ئەو خەڵکە لە شاردا، لە بۆنوبەرامەی خاک و خۆڵ بێبەشن!

لە قاڕەی هەشتەمدا کەس سروشت نالەوتێنێت، نە دەبەیەک هەیە فڕێ درابێت، نە تەنەکەی زبڵ و نەیش سەرەنوێلکێک!

ساردۆنیا لەم پرسە سەری سوڕمابوو: "ئای کە شوێنێکی پاکوخاوێنە!"

ئەسۆتای بۆی سەندەوە: "ماڵی هەموومان لێرەیە، پەناگەیەکی دیکە شک نابەین و پەنای بۆ ببەین. لێرە هەمووان سروشتیان خۆش گەرەکە."

"کورە ئەسۆتای خۆشی لە خۆت، هەست ناکەیت لە قسەکردندا سەرزمان ناگریت؟"

زەردەخەنەیەکی کرد: "لەبەردەم ئەو کەسانەدا کە خۆشم دەوێن، کەمتر دەمم تەتەڵە دەکات. بەس ئەگەر هەستی

نیگەرانیم لا دروست بوو، ئەوسا زیتر دەبێت. ئەگەریش کەسانێکی نەناسراو بۆ یەکەم جار ببینم، نیوەلاڵ دەبم!"

ساردۆنیا لێی پرسی: "دەی بۆچی نیگەران دەبیت؟"

"هەی! کەس حەز دەکات ئەوانی دیکە پێی پێبکەنن؟"

ساردۆنیا سەرێکی بۆ ڕاوەشاند، چونکی خۆیشی لەو دەچوو: "ئەوە گرینگ نییە خەڵکانی دیکە چۆن بیر لە تۆ دەکەنەوە. دەکرێت خەڵک پێت پێبکەنن، وەلێ ئەوە یانی کێشەکە لەواندایە نەک لە تۆدا. پێویستە بەهێز و لەسەرخۆ بیت، ئەودەم نە قسەی کەس ئازارت دەدات، نەیش بێزار."

هەر بەوەی ئەو قسانەی کرد، ساردۆنیا ڕاوەستا، چونکی پێشتر بەو شێوەیە لەگەڵ کەسدا قسەی نەکردبوو. وەکوو ئەوە وا بوو ئەو قسانە تەنیا بۆ ئەسۆتای نەبێت، بەڵکوو مەبەستی خۆیشی بووبێت. کە ئامۆژگاریی ئەوەی کردووە، یانی لەگەڵ خۆیشی بووە.

ئەسۆتای وتی: "ئەگەر ئەوەی تۆ دەیڵێیت؛ بکەم، هەرگیز کەس خۆشی ناوێم و هەمووان لێم دەتەکنەوە."

"ئای چەند سەیریت، بۆچی کەس خۆشی ناوێیت! براله، گرینگ نییە هەمووان تۆیان خۆش بوێت، گرینگە یەکەمین جار تۆ خۆت خۆش بوێت. خۆ ئەگەر لەگەڵ خودی خۆتدا ئاشت بوویتەوە، دواتر وەکی باران هاوڕێ بە سەرتدا دادەبارن!"

لەم قسەوباسانەدا بوو، زەهرا بەڕاکردنەوە هات: "هۆ لەویانە، لەم ئاراستەیەوە پردێکی سەیر هەیە."

هەرسێکیان بەوریاییەوە ڕۆیشتن. لەوێ لە پێشیانەوە دەتوت عەرزەکە بە چەقۆ کراوە بە دوو لەتەوە. لە ناوەڕاستەوە دۆڵێکی تەسک، بەڵام قووڵ هەبوو. پردێکیش ئەمبەری بەوبەر دەگەیاند، کە تا بڵێیت پردێکی باریک و درێژ، نە لە بەرد و چیمەنتۆ دروست کرابوو، نەیش لە دار و تەختە، بەڵکوو پردێکی شووشەیی، وا دەردەکەوت مەترسیدار بێت. لە دەروازەکەشیدا ژنە جنۆکەیەکی ڕەزاتاڵ هەبوو.

ساردۆنیا بەواقوڕمانەوە سەیرێکی کرد، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو جنۆکانەی کە لە کتێب و هەقایەتەکاندا خوێندبوویەوە؛ ناسک و جوان بوون، بەڵام ئەمەیان لەوانی نەدەکرد.

ئەو ڕەزاتاڵە کە ئەوانی بینی بەرەو پردەکە دەهاتن، پێی وتن: "ڕاوەستن دەی! پەڕینەوە بەسەر ئەم پردەدا هەر وا گاڵتە نییە، مەمنووعە مەمنووع!"

"باشە، پێمان ناڵێیت بۆ؟"

"وتم مەمنووعە و تەواو، ئیدی بیبڕنەوە."

ساردۆنیا دەیزانی پێویست ناکات لەگەڵ کەسانی خراپخوودا دەمەدەمێ بکات، بەزیرەکییەوە لێی پرسییەوە: "زۆر باشە. یانی تا ئێستە کەس بەم پردەدا نەپەڕیوەتەوە؟"

"با، هەبوون، پەڕیونەتەوە، بەڵام وەڵامی پرسیارەکانی منیان داوەتەوە ئەوجا."

زەهرا بەلێوردبوونەوەوە لێی پرسی: "ئێ کێ چووزانێ، بەشکوم ئێمەیش بتوانین وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە!"



Scanned with CamScanner

"بڕوا ناکەم، وەلێ با تاقیی بکەینەوە. بە هەر حال، ئەوەیشتان لەبیر نەچێت، بێگومان پرسیارەکانم زۆر گرانن."

ساردۆنیا کەمێک هەستی نیگەرانیی دایگرت. ئەگەر پرسیارەکان لە بارەی جوگرافیاوە بن، ئەوە گوێی لێ نییە، ئێ لەم بوارەدا خۆی بە شارەزا دەزانی، بەڵام ئەی ئەگەر پرسیارەکانی لە بارەی بیرکارییەوە بوون، سەر بە چی کونێکدا بکات!

ئەو وا لەم بیرکردنەوەیەدایە، ژنە جنۆکەکە لێی ڕوانی و وتی: "پرسیاری بیرکارییش دەکەم."

ئەمە ئەستەمە! ئەم ڕەزاتاڵە بیریشی دەخوێنێتەوە. لەوانەیە باشتر وا بێت هەرگیز بیر نەکاتەوە. تازە تیر لە کەوان دەرچووە و ناگەڕێتەوە. هەر ئێستە نا ئێستە پرسیاری بیرکاریم لێ دەکات.

"ئای خودایە!" ساردۆنیا وتی: "دیسانەوە وا بزانم تێکەوتم، ناتوانم وەڵامی بدەمەوە."

"کچێ بۆ وا پەشۆکاویت، خۆ هێشتا تاقیت نەکردووەتەوە، چووزانیت وەڵامەکان نازانیت؟"

"لە ڕاستیدا من لە بیرکاریدا لاوازم."

"لە ڕاستیدا چی؟"

"من لە بیرکاریدا لە پۆلەکەماندا خراپترین فێرخواز بووم."

ساردۆنیا گوێی بەوە نەدا کە جنۆکەکە گاڵتەی پێ دەکات یان نا، باشتر وایە بنیادەم زۆر خۆی هەڵنەکێشێت!

ئەو ڕەزاتاڵەیش نە گاڵتەی پێ کرد، نەیش پێکەنی، بەڵکوو لێی پرسی: "ئایا لەبەر ئەوەی لە بیرکاریدا خراپیت، بۆیە لێی دەترسیت؟ یان بۆیە خراپیت، چونکی لە ژماردن دەترسیت؟"

"وا دەزانم هەردووکیان بێت."

ساردۆنیا بڕیاری دا لە نزکترین هەلدا، ئەمە لە دەفتەرۆچکەکەیدا بنووسێت.

"یەڵلا کچێ، گوێ بگرە بزانە چیت لێ دەپرسم: ئەستێرە چەند گۆشەی هەیە؟"

ساردۆنیا بەتەواوی شڵەژا، بە شێوەیەک نەیتوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

جنۆکە ڕەزاتاڵەکە گاڵتەی پێ کرد: "ها... ها... ها... ئەوە وەڵامەکەتان نەزانی. بەس هەلێکی دیکەتان دەدەمێ. بابەتی ئەم جارەمان زانستی زیندەزانییە."

ساردۆنیا بەگەرموگوڕییەوە سەیری کرد، کەچی جنۆکەکە پرسیارەی لەم نەکرد و ڕووی دەمی کردە ئەسۆتای، چونکی ئەویش زۆر لەم بوارە دەترسا.

جنۆکەکە ئاماژەی بۆ کرد و وتی: "دەی تۆ کوڕە! پرسیارەکەم بۆ تۆیە لە بارەی وڵاتی 'ئەفهیما'وە لێت دەپرسم."

ئەسۆتای دەمی تێک ئاڵا و وەڵامی دایەوە: "م... م... م...ن دەڵێیت؟"

ساردۆنیا چرپاندیە گوێی ئەسۆتادا: "کوڕە نەترسێی ها! هیچ نییە، دەتوانی وەڵام بدەیتەوە."

"ئەو کــانزایە کــامەیە کە لە وڵاتــی 'ئەفهیمــا'دا زۆرتــرین بەرهەمی هەیە و لە کوێیشدا بەکار دەخرێت؟"

دوای پرسیارەکەی، ئەمەیشی خستە سەر قسەکانی: "دواتر ســەرەداوەکەت دەدەمــێ: کلکــی دروســتکراوەکان لە بنــدا دەردەهێنێت، بەس ئازاری ڕوحەکانیان نادات."

ئەسۆتای ئەوەندە لێی شێوا تا ڕادەی گریان، تەنانەت گوێی لەوە نەبوو کە باسی سەرەداوەکەی کرد.

"نا... ناااا... نازانم."

دەنگــی پێکەنینــی جنــۆکەکە ئەو نــاوەی پــڕ کــرد و وتــی: "پرسیارێکی زۆر ئاسان بوو، بەردی دڕکاوی بوو."

لێرەدا ساردۆنیا داوای کۆتا هەلی کرد: "دوا هەلمان بدەرێ."

"زۆر باشــە، بەڵام بــاش بــزانن ئەگەر وەڵامــی ئەم پرســیارە نەزانــن، کەواتە دۆڕان، دواتــریش دەگەڕێــنەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتن."

ساردۆنیا دەستەکانی خستە سەر شانی خوشک و براکە و چرپاندیە گوێیاندا: "بێگومـان درکم بەوە کرد کە جنۆکەکە بیر لە چی دەکاتەوە، ئەو مەترسییەکانمان دەخوێنێتەوە، جا هەر چەند متمانەمان بە خۆمان زێتر بوو، ئەوەندەیش پرسیارەکان ئاسان دەبن، چونکی کاتێک هەستمان بە دڵاودڵی کرد، ئەودەم پرسیارەکان قورستر دەبن."

زەهرا وتی: "ئا... ئێستە تێگەیشتم!"



Scanned with CamScanner

بانگی جنۆکەکەیان کرد و نیشانەکانی عەزم و سووربوون و هیممەت بە دەموچاوی هەرسێ هاورێکەوە دیار بوو.

"دەی ئەوە ئێمە ئامادەین!"

کەسیشیان لەرزین و دڵەڕاوکێیان نەمابوو.

"شـتێکە زوو دەشـکێت، نە فەخفـوورییە و نە شووشـە. ئەگەریش بشکێت، ئەو کەسەی سەیری بکات، هەست ناکات شکاوە. دەی بزانە وەڵامەکە کامەیە. دەی؟"

ساردۆنیا وتی: "هەر زۆر ئاسانە."

"دەی ئەگەر ڕاست دەکەن، بیڵێن. بەڵام هەرگیز نایزانن."

منداڵەکان سەیری یەکدییان کرد و پێدەکەنین، هەرسێکیان وەڵامەکەیان دەزانی، بە یەک دەنگ وتیان: "دڵە."

جنۆکەکە پێی ناخۆش بوو، بەناچارییەکەوە وتی: "دە بڕۆن ملتان بشکێنن، دەی بپەڕنەوە!"

کاتێک لە دارستانەکە دەرچوون، ڕۆیشتنەکەیان گۆڕا.

لە کاتی تێپەڕین بەسەر پردەکەدا، ئەسۆتای وتی: "ئەمە یانی هەر کـات وازمـان لە دڵاودڵـی و شـڵەژان هێنـا، ئەودەم زێتـر سەرکەوتوو دەبین."

"بەڵێ"، سـاردۆنیا وتـی. پاشان دەفتەرۆچکەکەی دەرهێنا و ئەو ڕستەیەی تێدا نووسی.

بەدەردەخەنەیەکەوە: "بیرۆکەیەکم بۆ هات! زمانگرتنەکەت لە کـاتی ئامـادەبوونی ئەو کەسـانەدا کە خۆشـت دەوێـن، کەمتـر دەبێتەوە. مەگەر وا نییە، ها؟"

"بەڵێ."

"کەواتە بەهەمیشەیی ببە بە هاوڕێی ئەو کەسەی خۆشت دەوێت."

"باشە، بەس پێم ناڵێیت چۆن؟ خۆ هەموو دەقە و سەعاتێک هاوڕێیەکم دەست ناکەوێت."

"با، دەتوانیت هاوڕێیەک بگریت و هەرگیز لێت جودا نەبێتەوە."

بەحەپەساوییەکەوە پرسیی: "دەی باشە ئەو هاوڕێیە کێیە؟"

"تەبعەن خودی خۆتی. کەسێک هەیە و لە ناختدایە، بەردەوامیش لێت تێدەگات."

دوای ماوەیەک بە کێڵگەیەکی پڕ لە گوڵە حاجیلە گەیشتن، ساردۆنیا پرسیی: "ئەوە چییە؟ دەڵێی ئەم شوێنە دەناسمەوە!"

زەهرا وەڵامی دایەوە: "ئای خودایە! ئەیەڕۆ، خۆ گەڕاینەوە هەمان شوێن کە لێوەی هاتبووین!"

بەڵێ، ڕێگە خۆڵەکە دەتوت پێچەکانی ڕۆیشتنی مارە، بەڵام دیارە کلکی خۆی قووت داوەتەوە. دوای ئەو ڕێگە بازنەییە، خۆیان لە هەمان شوێندا بینییەوە. نۆرییان. حەی! ئەوە خۆ سیحربازەکە وا لەسەر ڕێگەکەیان ڕاوەستاوە! بەپێکەنینەوە چاوەنۆڕی ئەمان بوو.

زەهرا تووڕە بوو: "هەی نارەسەن، ئەوە بۆ پێشەکی پێت نەوتین ئەگەر ئەو ڕێگە خۆڵە بگرن، دەگەڕێنەوە هەمان شوێن؟ خۆ کوێر نیت، مەگەر هەر لێرەوە نەڕۆیشتین!"



Scanned with CamScanner

سیحربازەکە وەڵامی دایەوە: "نەخێر، هەمان شوێن نییە. بێگومان شتیەلی نوێ فێر بوون. هەر بەڕاست کەمێک گۆڕاون! کە وا بوو ئێستە ئێوە کەسانێکی جوداوازن."

برادەران ئەوەندە تووڕە بوون ئاگایان لەوە نەبوو ژنەی سیحرباز چیی وتگە.

ئەسۆتای وتی: "من پێم وتن با ڕێگەی ئاوەکە هەڵبژێرین، کەچی گاڵتەتان بە ئەقڵم دەهات!"

ساردۆنیا وەڵامی دایەوە: "دەی کەواتە با سەرلەنوێ بگەڕێینەوە، بەڵکوو ڕێگەی ئاوەکە؛ ڕێگە دروستەکە بێت و ئەسۆتای خەنی بێت."

لە گەشتێکی نوێدا، دووبارە تێهەڵچوونەوە.



Scanned with CamScanner

هەرسێ هاوڕێکەمان هەستیان بە ماندووبوون و برسێتی کرد، لەسەر کەناری ڕووبارەکە وەستان بۆ ئەوەی تەمی ماندوویێتییان بڕەوێتەوە. ئاوێکی زوڵاڵ، خواردیانەوە تا تێراو بوون، پاشان سەیرێکی ئەو ئاوە هەڵقوڵاوانەیان کرد، ڕێک لەو کاتەدا ڕەوەماسییەک بە بەردەمیاندا ڕەت بوون، سەدان ماسی بەترسەوە مەلەیان دەکرد، دەتوت لە مەترسییەک هەڵهاتوون.

ساردۆنیا پرسیی: "ئەوە لێرەدا چی دەگوزەرێت؟"

بەو پرسیارەی، ماسییەکی سەلەموون خۆی هەڵدا و دەستی بە قسان کرد. منداڵەکان لەو شتەی بینییان، دەمیان داچەقاند.

"ئەوە بۆ وا حەپەساون! مەگەر لە جیهانی هەقایەتەکاندا، ماسییش قسە ناکات؟"

"ئەوە تەنیا هەقایەتە، هەقایەت."

"گاڵتە بەو وشەیە مەکە! لە ڕاستیدا ماسییەکان بەردەوام قسە دەکەن، هەر ئەوەیشە هەردەم دەممان دەکەینەوە و دایدەخەینەوە. ئێمە قسە دەکەین، وەلێ ئێوە لە ئاستماندا خۆتان لێ کردووە بە کەڕەی شەربەت!"

ساردۆنیا دەفتەرۆچکەکەی دەرهێنا و ئەم تێبینییەی تێدا نووسی: "هەندێک جار تۆ نازانیت ئەوی دیکە چی دەڵێت، نەک لەبەر ئەوەی قسە ناکات، بەڵکوو لەبەر ئەوەی تۆ گوێی بۆ ناگریت."



Scanned with CamScanner

ئەسۆتای لە ماسییەکەی پرسی: "ئەی بۆچی رادەکەن؟"

ماسییەکە وتی: "ڕووبارەکان لە وشکبوونێکی بەردەوامدان، ئاوەکانیش خەریکە تەواو بن. ئەو ڕووبارانەی کە بەئازادییەوە مەلەمان تێدا دەکرد، ئێستە وەکی خۆیان نەماون، بۆیە لە ئاوە شیرینەکان هەڵدێین، نەبادا وشک ببن. ژیانمان لە مەترسیدایە!"

زەهرا بەوپەڕی دڵتەنگییەوە وەڵامی دایەوە: "بێگومان هاوسەنگیی وڵاتەکەمان تێک چووە. پێویستە بە زووترین کات ئەو بیرۆکانەی کۆمان کردوونەتەوە، بە پایتەختیان بگەیەنین."

"بەڵام ئەی چۆن بۆ ئەوبەری کەنارەکە بپەڕینەوە؟"

سەیرێکی ڕووبارەکەیان کرد، چەند گەورە، پان و قووڵ بوو!

ماسییە سەلەموونەکە وتی: "لێرەدا چەندان مەرج هەن، بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە. پێویستە لەسەرتان یەکەم جار وەڵامی پرسیارەکانی من بدەنەوە. دەی خێرا کەن وەڵامم بدەنەوە: بۆچی ڕەنگی ئاو لەناو پەرداخێکدا ڕوون دەردەکەوێت، لە کاتێکدا ڕەنگی دەریا شین دەچێتەوە؟"

ساردۆنیا یەکسەر وەڵامی دایەوە: "من دەزانم. ئەوە بە هۆی ئەو تیشکانەوەیە کە خۆر دەیداتەوە، چونکی گەردەکانی دەریاکە ئەو ڕەنگە سووورباوەی کە خۆر دەریدەکات، هەڵدەمژن و بە ڕەنگی شین دەیدەنەوە."

"زۆر باشە. وا بزانم تۆ لە زانستەکاندا باشیت. چاکە. ئێستە پرسیارێکتان لە بارەی جیهانەکەی خۆمانەوە ئاراستە دەکەم:



Scanned with CamScanner

گرینگترین و درێژترین ڕووبار کامەیە؟ سەرەداوەکەشیتان پێ دەڵێم: ناوەکەی لە یەکێک لە بوونەوەرەکانەوە وەرگرتووە، دواتریش دەستی کردووە بە ڕۆیشتن بە لێوارەکاندا."

ساردۆنیا وتی: "ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە." خۆ هەر چەند بەم زووانە نەچووبووە وڵاتی "ئەفهیما"، وەلێ بڕوای بە بەهێزیی تێڕوانین و هەستەکانی خۆی هەبوو. بۆیە درێژترین ڕووبار، ئەو ڕووبارە بوو کە لە بەردەمیاندا بوو. بەوەیش کە ماسیی سەلەموون تێیدا مەلەیان دەکرد، وای بە خەیاڵدا هات ناوی ئەو ڕووبارە سەلەموون بێت. بۆیە وتی: "ڕووباری سەلەموونە."

ماسییەکە سەری سوڕما: "بەڵێ، ئافەرین. دیسان وەڵامەکەت زانی. چاکە. ئەی لە وەرزشدا چۆنیت؟ دەتوانیت لە مەلەوانیدا پێشم بدەیتەوە؟"

ساردۆنیا سەرێکی بۆ ڕاوەشاند و وتی: "من هەرگیز لە وەرزشدا باش نەبوومە. بۆیە پێشدانەوەی تۆیش لە مەلەکردندا، وەکی خەونی حوشتر وایە!"

"قەیدی چییە با بیکەین! خۆ پێشبڕکێ هەندێک جار چێژبەخشە، نەک لەبەر بردنەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی پێشبڕکێیە و تەواو. تەنانەت بردنەوەیش تامی خودی پێشبڕکێکە نادات. کە وا بوو ئێستە ئامادەیت؟"

ساردۆنیا دوودڵ ما. کاکە ئەوە وتمان بنیادەم حەز دەکات لە پێشبڕکێیەکدا بیباتەوە، بەس پێم نالێن ئەگەر هەر لە سەرەتاوە دۆڕانت مسۆگەر بێت، کەس نالێت ئەوە شێت بوویتە، بۆ سەری خۆت لە بەرد دەدەیت؟



Scanned with CamScanner

"نەخێر. ئەگەر بڵێم ئامادەم، گومان لە ئەقڵم دەکرێت!"

کەچی هەر بەوەی ئەو ڕستەیەی لە دەم دەرچوو، پەشیمان بووەوە، زانیی کە هەڵەیە. دەی با تەنیا پێشبڕکێکە گرینگ بێت نەک بردنەوە، خۆ دنیا کاول نابێت!

ئەسۆتای بە کەمێک ڕاڕاییەوە وتی: "من دەتوانم پێشبڕکێت لەگەڵدا بکەم."

ئەو لە مەلەوانیدا خراپ نەبوو. بۆیە ئەم سەرکێشییەی کرد.

پاش کەمێک ئەسۆتای خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە، لە هەمان کاتدا دڵاودڵی بە دەموچاویەوە حەی عەلە سەلات دیار بوو! ماوەیەک کەوتە پێش ماسییەکە، بەڵام ئەو لە کورتەمەودایەکدا کەوتەوە پێشی و بە جوداوازییەکی کەم لێی بردەوە.

بە دەموچاوێکی مڕومۆچەوە هاتەوە سەر کەنارەکە، قژە لوولەکەی وا بە سەریەوە نووسابوو هەر دەتوت هەستانە. دڵۆپە ئاوەکان بە سەراپای گیانیدا دەهاتنە خوارێ. هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "بێگومان ئەم ڕێگەی ئاوە زۆر قورسە، نەدەبوو هەڵمانبژاردایە! نازانم من بۆ ئەو شەکرەم شکاند، زۆر ماندوومان دەکات."

زەهرا وەڵامی دایەوە: "ڕاستە برام، منیش هاوڕاتم. مانگەشەو سەرلەئێوارە دیارە. ئەمە سەرەتاکەی بێت، کۆتاییەکەی هەر مەپرسە. هەتا زووە با بگەڕێینەوە، ڕێی یەکەم جارمان باشتر بوو."

ماسیی سەلەموون لێیان نزیک بووەوە، پێی وتن: "عەیب ناکەن تەسلیم بوون؟ لەو بڕیارەتاندا هەڵەن. ئامۆژگاریتان

دەکەم لە ڕێـگەی خۆتـان لا مەدەن، ئەگەر لە یەکەم دۆڕانـدا وره بەر بـدەن، هەرگیـز جـاریکی دیـکە نـاتوانن بچـنە پـێش. پێویستە بنیادەم یەکسـەر غەم داینەگرێت، بەڵکوو زێتر هەوڵ بدات و ورەی نەڕووخێت."

برادەران گوێیان لێ ڕانەگرت، قورسیی ئاوەکە چۆکی پێ دادابوون.

ساردۆنیا ڕووی لە خوشک و برا کرد: "دەی وەرن قیروسیا ڕێـگەی ئـاگرەکەیش تـاقی بکەیـنەوە، بەڵکـوو ڕێـک و ڕەوان بمانگەیەنێت! مـن پێشـتریش پـێم وتـن، دڵنیـام ئەویـان ئاسـانتر دەبێت."

گەڕانەوە دارسـتانی بژاردەکـان و ئەم کەڕەتەیـان ڕێـگەی ئاگرەکەیان هەڵبژارد.

کێ ناڵێ ئەمیان ڕێگە دروستەکە نییە! فەرموون با بیبینین...

## ئاگرەکە

ئا ئەوەتا سێ هاوڕێکەمان خەریکە بە ڕێگە ئاگرەکە دەگەن. هەر بەوەندەی هاتنە سەری، پلەی گەرمی شێتانە بەرەوژوور هەڵدەکشا.

ساردۆنیا وتی: "ئای خوایە گیان، ئەو هەموو ئارەقەیە چییە کردوومە؟"

ئەسۆتای هاتە وەڵام: "پەکووف! ئەم شوێنە گەرمە چییە!"

قەمسەڵەکانیان داکەند. هەر ڕۆیشتن و تا دەهات گەرما تەنگی پێ هەڵدەچنین. دوای ماوەیەک ڕێکردن، مێرووی پووشبەقنگەیان بینی، یەکێک لەوان هاتە نزیکیان.

زەهرا لێی پرسی: "ئەوە خێرە درەوشانەوەکەی پاشووت نەماوە؟"

ئەویش وتی: "لە ڕاستیدا ئێمە بریسکەمان دێت، بەڵام ئێوە نایبینن. با شەو دابێت، ئەوسا وەرنە سەیرمان و جوانی و قەشەنگیمان ببینن."

ساردۆنیا پێی وت: "تۆ بەم شێوەیەیش هەر جوانی ها!"

"سوپاس هەی زەبەلاح، تۆیش ناسک دیاریت."

"ئەی خوایە، زەبەلاحی چی؟ من بەو شێوەیە زل نیم."

"لەبەر چای خۆت وا نیت، بەڵام هەر یەکێک لە ئێوە بەلای ئێمەوە ئەوها زل دەردەکەوێت."



Scanned with CamScanner

ساردۆنیا زۆری بەلاوە سەیر بوو، چونکی تا ئێستە ئەو هەستەی نەبوو زەبەلاح یان زل بێت. بۆیە ئەم تێبینییەی لە دەفتەرۆچکەکەیدا تۆمار کرد: "هەموو شتێک بەپێی ئەو شتەی دەیبینێت، دەگۆڕێت. جا ئەو کەسەی لە دیدی کەسێکدا زەبەلاحە، بە تێڕوانینی یەکێکی دیکە لەوانەیە گرگن بێت."

ڕێگەی خۆیان گرتەوە بەر. جا هەر چەند بەرەو ناو کرۆکی وڵاتی "ئەفهیما" دەڕۆیشتن کە وڵاتی ئەفسانە، چیرۆک و هەقایەتەکان بوو، تێبینییان دەکرد ڕووبارەکان داچۆڕاون، زەویوزارەکان وشکوبرینگ، هەروەک چەند چاڵێکی قووڵ و تاریکیشیان دەبینی. بە خوا سروشت خراپ گۆڕاوە!

زەهرا کە ئەو دیمەنانەی دەبینی، بەگریانەوە دەیوت: "بێگومان ئێمەیش وشک هەڵدێین، دواتریش وڵاتەکەمان بەرەو نغرۆبوون و دیارنەمان دەڕوات..."

ساردۆنیایش بەو دیمەنانە خەفەت دایگرت: "کەس ئەم گۆڕانانە نازانێت. با بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە، دەبێت هەمووانی لێ تێبگەیەنم. پێشیان دەڵێم قارەی هەشتەم لە وشکهەڵهاتنێکی بەردەوامدایە."

ئەسۆتای بەنیگەرانییەوە وتی: "باشە ئەگەر باوەڕیان پێ نەکردی، چی؟"

"با باوەڕ نەکەن. ئەگەر چەند کەسێکی کەمیش بڕوا بکەن، هەر خراپ نابێت، ئێ سا بەڵکوو ئەوانی دیکەیش بێنە ڕیز."

خەریک بوو لە گەرما دەخنکان. دوای چەند هەنگاوێک گالیسکەیەکی دانراو لەو ناوەدا بوو، سووراحییەک لە



Scanned with CamScanner

شەربەتی لیمۆی کەللەتەزێنی لە ناودا بوو، گەنمەشامیی کولێنراو، هەروەک ئەژدیهایەک بەسەر سەری گالیسکەکەوە بوو.

- سڵاو. قەت نەمدیبوو ئەژدیهایەک شەربەتی لیمۆ بفرۆشێت!

- ئێ چارەیەکی دیکەم نییە. نامبینی تاقەتی کارکردنم نەماوە و دەستبەتاڵم؟

- بەڵام... بۆچی؟

- ئێمەی وەچەکانی ئەژدیها، هەر لە قەدیمەوە لەنێو هەقایەتەکاندا کارمان کردووە، هاوڕێیەتیی پاڵەوانانمان کردووە، لەگەڵیاندا خۆمانە خستووەتە نێو گێژاوی چەندان سەرکێشییەوە. ئەوە پیشەی باوکیشم بوو، تەواوی باب و باپیرانم هەر وا بوون. مەگەر نابینیت هەموو شتێک گۆڕاوە؟ ئەو خەمە دایگرتووم، ئەگەر بێتوو هەقایەتەکان یان ئەفسانەکان بوەستێنرێن، ئەوها بەبێئیشی ئیدارە ناکەم. باشە بۆ ئەژدیهایەکی وەکی من، چی ئیشێکی دیکەت بە خەیاڵدا دێت! بۆیە ئەم کارە دەکەم و بژێویی ژیانمی پێ دابین دەکەم. های شەربەت! وەرە بۆ شەربەتی لیمۆ!

منداڵەکان بەسەرسامییەکەوە لە ئەژدیهاکەیان نۆڕی، کەچی زۆر بەڕەقی هاتە قسە: "ئەگەر بەو خەیاڵەوەن لێرەوە تێبپەڕن بەبێ کڕینی شەربەتی لیمۆ، خەیاڵتان خاوە!"

"ئاخر... ئاخر ئێمە پارەمان پێ نییە." ئەسۆتای وتی.



Scanned with CamScanner

"جا مادەم ئەوە حاڵتانە، چەند پرسیارێکتان لە بارەی ئاگرەوە لێ دەکەم. زوو کەن پێم بڵێن ناوی ئەو چینەی ژێرەوەی توێکڵی زەوی، چییە؟"

ساردۆنیا وەڵامی دایەوە: "چینی کرۆک. هەر کات ئەو گەرمییەی لە ناویدایە بێتە دەرێ، بورکانەکان دەتەقنەوە."

"هەی ئافەرین! وا بزانم زانیارییەکانت کەم نین. با پرسیارێکی دیکەت لێ بکەم: بەرزترین لوتکەی شاخ لە وڵاتی 'ئەفهیما' کامەیە؟ ئایا پێویستت بە سەرەداوێک هەیە؟ هەموو ڕۆژێک ڕەنگەکەی دەگۆڕێت، ڕۆژێک زەردە، ڕۆژێک سەوزە، ڕۆژێک شین."

ساردۆنیا هەوڵی دا ئەو شتانەی لە دەوروبەری شاخەکە بینیبوونی؛ بیانهێنێتەوە بیر خۆی، کەچی زەهرا بەخێرایی وتی: "تەبعەن پەلکەزێڕینەیە."

زەهرا خەونی بەوەوە دەبینی ڕۆژێک دابێت و هەرکە ڕەنگەکەی بوو بە شین، بەو شاخەدا هەڵزنێت.

ئەژدیهاکە نەوەستا و پرسیارێکی دیکەی کرد: "زۆر باشە. دەتوانن گەنمەشامی لێبنێن، بێ ئەوەی دەستتان بسووتێت؟"

دیسانەوە لە یەکیان نۆڕی. دەبێت شتێک لەمە ئاسانتر هەبێت؟ بە دەنگی بەرز وتیان: "بێگومان."

"دەی فەرموون لەگەڵ کاتدا پێشبڕکێ بکەن. یەک دەمژمێرتان لەبەر دەستدایە بۆ ئەوەی ئەو گردە ببڕن." ئاماژەی بۆ لایەک کرد، ڕەنگی زەرد بوو.



Scanned with CamScanner

منداڵەکان بەوردی سەیریان کرد. ئەوەی دەیبینن گردێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو تەپۆڵکەیەک لە دەنکە گەنمەشامی کە بەسەر یەکدا کەوتبوون. سەدان، نا تۆ بڵێ هەزاران دەنکە گەنمەشامی. وا بزانم تیا چووین! پاککردنەوەی ئەو هەمووە و پاشان لێنانیان، چەندان دەمژمێری دەویست.

ئەودەم ساردۆنیا وتی: "خۆزگە بە خۆزگەی خوا بووایە و وامان نەکردایە، ئەم ڕێگە نەگریسەمان هەڵنەبژاردایە!"

هەر چی زەهرا بوو، وتی: "بەڵام لە فەسالێدا کە قورسە. بابە با بگەڕێینەوە! هەبێ و نەبێ باشترین ڕێگە، ئەوەیانە کە تا ئێستە تاقیمان نەکردووەتەوە."

ئەسۆتای هاتە گۆ: "یانی مەبەستت لە ڕێگەی هەوایە؟"

ئەژدیهاکە ئامۆژگاریی کردن: "نەکەن بڕۆن! بڕوام وایە لەو بڕیارەتاندا هەڵەشەن. خۆ ئەگەر لە یەکەم گلاندا نووچ بدەن، ئیدی زاتی هاتنەمەیدان ناکەنەوە. شتێک نییە لەم دنیایەدا قورس بێت."

وەلێ ئەمان وایان زانی قسەکەی ئەو؛ مێشێکە و بەلای گوێیاندا گیزەی دێت و دەڕوات، بۆیە گەڕانەوە بۆ دارستانەکە.

سیان لە چوار ڕێگەکەیان تاقی کردەوە، ئەمجار نۆرەکە هاتە سەر ڕێگەی هەوا. بە حیسابی خۆیان ئەم جارەیان ڕێگە دروستەکە دەگرنە بەر! بەڵام با بزانین...

ڕێڕەوەی چوارەم کە گرتیانە بەر؛ ئارام دەردەکەوت، چونکی شەماڵێکی فێنک لە گەشتەکەیاندا، بوو بە هاوڕێیان. لە دووریی مەودایەکی کورتەوە چەند ناعورێک کە باڵندەکان بە سەریاندا دەخولانەوە، دەرکەوتن. یەکێک لە باڵندەکان سەرنجی بۆ لای خۆی کەمەندکێش دەکرد، بە شێوەیەکی دەندووکی وەکی ئاڵتوون دەدرەوشایەوە. ساردۆنیا بەسەرسامییەکەوە لێی پرسی: "تۆ کێیت؟"

"ناوم ئومییە، من لەودیوی کێوی قافەوە هاتووم."

"بەس ئەم شوێنە ڕاستەقینە نییە، بەڵکوو شوێنێکە تەنیا لە ئەفسانەکاندا باس کراوە و تەواو."

باڵندەکە وتی: "نەکەی ئەم وشەیە بە سووک سەیر بکەیت."

"چاکە. دەی پێم بێژە، تۆ لە کێوی قاف چیت دەکرد و بۆچی لەوێ بوویت؟"

"لەسەر زەوی، ئەو باڵندانەی لە من دەچن؛ زۆر کەمن. بۆیە هەمووان بەنامۆییەوە لێم دەنۆڕن و هەر بە بینینم دەکەونە فسکەفسک. هەندێک جاریش بەر بەردم دەدەن و گاڵتەم پێ دەکەن."

"بەلام... بۆچی؟"

"چونکی من جوداوازم، هەر بەم هۆیەشەوە تەنیا کەوتووم."



Scanned with CamScanner

چاوەکانی ساردۆنیا گەشانەوە و پێی وت: "کتومت منیش لە تۆ دەچم."

"حەیفت نەکرد، ئەدی کوا دوو باڵە ڕەنگاوڕەنگەکانت؟ ئەی دەندووکە ئاڵتوونییەکەت نابینم!"

"بەڵێ، لەوەیە من باڵم نەبێت، بەڵام خۆ بەتەواوی دەزانم هەستکردن بە تەنیایی یانی چی. بێگومان ناوەکەم نامۆیە، بۆیە هەموو منداڵان لە قوتابخانە شۆخیم پێ دەکەن. لەبەر ئەوە باش لێت حاڵی دەبم."

"کە وا بوو وەرن و سواری پشتم بن، بۆ ئەوەی لێرە بتانبەم."

دوای ماوەیەکی باش فڕین، چەندان باڵندەی دیکەیان بینی. ساردۆنیا پرسیی: "ئەو باڵندانە کێن؟"

"ئەوانیش وەکی ئێمەن. هەر یەکێکیان هەست بە تەنیایی دەکەن، جا لەبەر هۆیەک یان شتێکی دی."

"ئایا ئەوانە باڵندەی کوندەبەبوو بوون؟"

"بەڵێ، هەمووان ڕقیان ها لێیان. دەڵێن بێگومان ڕەزایان گرانە. بە خوا تەبیعەتی ئەو خەڵکەیش سەیرە، ها! هەندێک باڵندەیان خۆش دەوێت، ڕقیشیان لە هەندێکیان دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەموویان لە یەک ڕەگەزن و هەموویان پێگەی خۆیان لە سروشتدا هەن، کەچی خەڵکی بەم شێوەیە بیریان لێ ناکەنەوە. کەنارییان خۆش دەوێت، شەیدای بولبولن، وەلێ کەس خۆشیی بە چاری کوندەبەبوودا نایەت."

"زۆر باشە. بەڵام ئەم کوندەبەبووانە؟"



Scanned with CamScanner

"بەڵێ، دەوترێت شوومن!"

"ئەها... بنۆڕن، ئەوەیشیان قەلەڕەشە!"

"هەموو کەس ڕاوی دەنێت."

"باشە هەموو ئەم باڵندانە لە کێوی قاف دەژین؟"

"بەڵێ. ئەو باڵندانەی خۆشیان ناوێن، هەر هەموویان لێرە هێلانە دەکەن. ئەم باغچەیە بە باغچەی باڵندە تەنیاکان ناو دەبرێت."

ساردۆنیا ئەو وشەیەی دووبارە کردەوە: باغچەی باڵندە تەنیاکان. ئەو وەسفەی بەدڵ بوو. ئەوسا درکی بەوە کرد ئەوە تەنیا منداڵەکان نین هەست بە تەنیایی دەکەن، بەڵکوو لەوانەیە ئەو هەستە؛ باڵندەکان، ماسییەکان و ئەژدیهاکانیش دابگرێت، تەنانەت سیحربازەکانیش. ژیانی هەمووان لە ئاست تەنیاییدا قورس دەردەکەوێت، بۆیە هەریەکە و چیرۆک و بەسەرهاتی خۆیان هەس.

هەروەک درکی بەوەیش کرد، بێگومان ڕێگەیەک لەم ژیانەدا نییە کە ئاسان بێت. جا بنیادەم هەر چەند هەوڵ بدات ڕێگەیەکی ئاسان بگرێتە بەر، هێشتا دەربازبوونی لە ئاستەنگ و نارەحەتییەکان هەر مەحاڵە. بەڵێ، لە هەر دەروازەیەک لە دەروازەکانی ژیاندا تاقیکردنەوەیەک هەیە و پێویستە لێی دەربچین. لە ڕاستیدا ئەو مەسەلەیە خراپیش نییە، گرینگ ئەوەیە ئەرکی سەرشانت بە باشترین شێوە ڕاپەڕێنیت. هەروەک پێویستیش ناکات هەموو کات براوە بیت، جا ئەگەر فێربوون سەرکەوتن بێت، ئەوە یانی بنیادەم لەگەڵ



Scanned with CamScanner

دۆڕانەکەشیدا لە شتێکدا؛ لە شتێکی دیکەدا سەرکەوتووە.
ئەوەتا وتراوە: لە هەر خەسارێ، ئەقڵێ.

ساردۆنیا لای بەلای خوشک و برادا کردەوە و وتی: "ئیدی بەس نییە! پرسیارکردن هەر نەبڕایەوە؟ داخۆ کامە ڕێگەیان ئاسان و قیرتاوە و ئاسان دەبڕدرێت؟ ئەو خۆماندووکردنەمان لە بەلاشە. دەی با قۆڵی لێ هەڵبماڵین و ناوی خودای لێ بهێنینەوە!"

زەهرا و ئەسۆتای زانییان ساردۆنیا لەسەر هەقە، ملی ڕێگەیان گرتەوە بەر و بە چەندان شکڵ و شێواز لەگەڵ باڵندەکاندا کەوتنە قسەکردن.

بە درێژایی ئەو ڕێگەیە پێویست بوو سەدان هەواگۆڕ چاک بکەنەوە، هەزاران کۆلارەی کاغەز کە دەزووەکانیان لەیەک ئالابوون؛ جودا بکەنەوە، دنیایەک لە پەڕی باڵندەکان کۆ بکەنەوە. بەبێ ئەوەی ئایەکیان لێوە ببیسترێت، ئەوانەیان هەموو کرد.

پێدەچوو ڕێگەی هەوا لە ڕێگەکانی پێشووتر ئاسانتر بێت، وەلێ ئەم جارەیان ئالای خۆبەدەستەوەدانیان بەرز نەکردەوە!

لە کۆتاییدا دوای چەندان دەمژمێر، پایتەختی ئەبجەدی لە دوورەوە دەرکەوت. خوشک و برا لە خۆشییاندا کەوتنە چەپڵەلێدان. لەم کاتی بەزم و خۆشییەدا، ڕێگەی هەوایش گەمەی خۆی پێ کردن.

لەناکاو ڕەشەبایەکی پێچەوانە هەستا، گوریسی دەم ئەو توورەکانەی کە بیرۆکەکانیان تێ کردبوون؛ پچڕان. ئەو



Scanned with CamScanner

بیرۆکانەی کە زەهرا کۆی کردبوونەوە، یەک بەدووی یەکدا بەر بـــوونەوە و لە گەڵ تەوژمـــی ڕەشـــەباکەدا پەرشـــوبڵاو بوونەوە.

زەهرا هاواری کرد: "ئەستەمە!"

کتوپڕ دابەزینەوە سەر زەوی و هەوڵیان دا بیرۆکەکان کۆ بـکەنەوە، بەڵام هەنـدێکیان هەر وا بەسـەر چڵـی دارەکـانەوە بەهەڵواسراوی مانەوە، هەندێکیشیان کەوتنە نێو قووڵاییەکانی چاڵ و چۆڵییەکانەوە، هەیشبوون لە سەربانەکان مانەوە. تەنیا دەســتەیەک لەو بیرۆکانەیــان کــۆ کــردەوە، ئەمــانیش تێـک شکابوون.

زەهـرا دەستی بە گریـان کـرد: "ڕیسـەکەمان لـێ بـووەوە بە خوری."

ساردۆنیا دەستی کردە ملی دوو هـاوڕێکەی و وتـی: "تکاتـان لێ دەکەم خەفەت مەخۆن!"

"جـا چـۆن خەفەت نەخـۆین، لە کاتێکدا ئەو هەمـوو بیـرۆکە داهێنانکارییانە خەفە کران. ئای کە دەردێکی گران بوو!"

"بەڵێ وایە، بەڵام چاوگی داهێنان وا لای خۆتانە."

زەهرا کەمێک خۆی ڕاگرت و هاتەوە سـەر خـۆی. سـاردۆنیا بەردەوام بـوو: "پێویسـت ناکـات بـۆ کـۆکردنەوەی بیرۆکەکـان بچیتە شـوێنانی دی، بۆخۆتـان دەتـوانن جـوانترینی بیرۆکەکـان وەدۆزن."

ئەسـۆتای هەسـتی بە دڵاودڵـی کـرد، هەر بـۆیە دیسـان کەوتەوە زمانگرتن: "نا...کرێت. نا... ناکرێت... ئێمە ناتوانین ئەو کارە بکەین، ئێ خۆ ئێمە داهێنەر نین!"

سـاردۆنیا وتـی: "قەڵەم و کاغەزێـک بـدەنە دەسـتی هەمـوو منداڵانی شارەکە، پاشان بەئازادی لێیان بگەڕێن تا چییان پێ خۆشە، تێیدا بینووسن. ورەبەرزییان بەو قسەیە 'تۆ منداڵیت و ناتوانیت ئەو شتە بکەیت' مەڕووخێنن. یان 'تۆ منداڵیت و لەو شتە تێناگەیت'، بەڵکوو تەنیا بۆیان ڕاڤە بکەن و هانیان بدەن. پێیـان بڵـێن 'ئێـوە دەتـوانن بەو کـارە هەسـتن'. هانیـان بـدەن چیرۆک و هەقایەت دابڕێژن، هۆنراوە بنووسن، وێنە بکێشن. من دڵنیام چەندان بیرۆکەی نایاب دێنە گۆڕێ."

زەهـرا و ئەسـۆتای سـەیرێکی یەکـدییان کـرد و بەتەواوی قنیاتیان بەو قسانە نەبوو. بەڵام کە ڕیش بوو بە تووشتەوە، دەبێت شانەی بۆ هەڵبگریت، چاری دیکەیان نەبوو. بڕیاریان دا بیرۆکەکە ئەزموون بکەن، سا بزانن چی لێ سەوز دەبێت!

هەزاران هەزار منداڵ لە گۆڕەپانی پایتەختی ئەبجەدیدا کۆ بـوونەوە. لەبەردەمـی هەر یەکێکیانـدا چەنـدان قەڵەم، دەفـتەر، سولگی و سلیمبۆیە هەبوو.

سـەرۆکی شـارەوانی وتـاری خـۆی پێشـکەش کـرد و وتـی: "منداڵە خۆشەویستەکان، هەروەکی دەزانن ئێمە بەرەو ڕووی کارەسـاتێکی گەورە دەبینـەوە. ئەو هەمـوو بیـرۆکەیەی کە لە دەرەوەی وڵاتەوە کۆمـــان کردبـــوونەوە، هەر وا بێســـوود فەوتان."

دەنگی هاوار و ئاخ و حەسرەت لەنێو حەشاماتەکەدا بەرز بووەوە.

"بەڵام بیری خۆمان لێڵ ناکەین، هەرگیز چۆک دانادەین. ئەوەتا هاوڕێمان ساردۆنیا دەستی ئازایەتیی بۆ درێژ کردووین و هانمان دەدات. دەی وەرن بچکۆلەکانم، حەزتان بە چییە بینووسن، وێنە بکێشن و ڕەنگ بکەن، چیرۆک و هەقایەت دابنێن، هۆنراوە بهۆننەوە و گۆرانی بچڕن، مەتەڵ و نوکتە ئامادە بکەن. بە هۆی ئەو داهێنان و دۆزینەوانەی ئێوەوە، دواتر قارەی هەشتەم چالاکی و ڕوحەکەی دەگەڕێنێتەوە. من بڕوام بەوە هەیە."

منداڵەکان دەستیان بە کارەکانیان کرد، هەندێکیان دەستیان پێ کرد و گاڵتەیان پێ دەهات، هەیشبوون بەجددی وەریانگرتبوو. ئەوە بۆ یەکەم جار بوو لە وڵاتی "ئەفهیما" بیرۆکەی نوێ بەرهەم دەهات. پێش داهاتنی تاریکی؛ سەدان چیرۆک، هەقایەت، هۆنراوە و مەتەڵ ئامادە بوون. تەبعەن زەهرا، ئەسۆتای و ساردۆنیایش یارمەتییان دەدان. جا هەر چەند خێراتر کاریان بکردایە، ڕووبارەکان تنۆک تنۆک پڕتر دەبوون. درەختە وشکەکان، سەوز دادەگەڕان. لە ڕاستیدا گۆڕانەکە هێواش بوو، بەڵام تروسکایی ئومێدی لێوە دەبینرا.

زەهرا لای بەلای ساردۆنیادا کردەوە و بەسوپاسەوە پێی وت: "تۆ بوویت بە فریشتەی ڕزگارکەر، ئەگەرنا ئێمە نەماندەتوانی هیچ بکەین. نە بێهیوا بوویت، نەیش پاڵت دایەوە. هاوڕێی سەفەر وەک تۆ دەبێت. زۆر لێو مەمنوونم."



Scanned with CamScanner

"ئەوە چی دەڵێیت خوشکم! خۆتان کەوتنە پێش خۆتان، من هەر پاڵپشتێک بووم و هیچی دی. ئێوە بوون بە قوتابخانەیەک بۆ من."

زۆر بە یەکتر کارتێکراو بوون، بەڵام ساتی جودابوونەوە دڵڕەقە. سێ هاورێکەمان دەستیان کردە ملی یەک، ئای کە دابڕان سەختە! فرمێسکەکانیان هۆن هۆن دەهاتنە خوارێ.

ساردۆنیا نەنکی بیر کەوتەوە. بەڕاستی زۆر دوا کەوتووە! خوایە نەنکی نەهاتبێتە دەر و بەدوویدا نەگەڕابێت! ئەگەرنا چی بکات؟ کەی ڕەوایە ئەو پیرەژنە بخاتە دڵەڕاوکێوە!

هاواری کرد: "ئای خودایە، زۆر دوا کەوتم. پێویستە پێش دەرچوونی میوانەکان، بگەمەوە ماڵی نەنکم."

زەهرا هاتە وەڵام: "نیگەران مەبە ئەزیزم، خێراترین ئەسپت لە وڵاتدا پێ دەدەم، لەگەڵ ئەوەیشدا تۆپێکی جادوویی و بازنگێکیشت پێ دەدەم. بەم هۆیەوە کوێت بوێت، لە چاوترووکانێکدا بۆی بچیت. ئامان نەکەی لەبیری بکەیت، تۆپەکە لەنێوان کتێبەکاندا دابنێ، بۆ ئەوەی وزەکەی بپارێزێت!"

ساردۆنیا زەردەخەنەیەکی کرد، دواتر موشتاقی بینینەوەی ژنە سیحربازەکان، ئەژدیهاکان و قارەی هەشتەم دەبێتەوە.



Scanned with CamScanner

ئەسپێک بە ئاسمانی کەناراوەکەدا هەروەکی هەورەبرووسکە تێی تەقاند. ساردۆنیا وتی: "پێویستە لەسەرم یەکەم جار بە شوێنیکدا بڕۆم." پاشان سێ جار چەپڵەی لێدا.

ئەسپە باڵدارەکە سەری لەقاند، ها مانا باشە و حازرم. ئا ئەوەتا بۆی دەرچوو!

ساردۆنیا چووە ناو کتێبخانەی "پەلکەزێڕینە"وە، دڵاودڵ بوو، دەیویست بزانێت تۆپە جادووییەکە چیی لێ بەسەر هاتووە.

سەیید "نازم" بەدەم کتێب خوێندنەوەوە دانیشتبوو. کە ئەوی بینی، سەرسام بوو: "سڵاو، دەمناسیتەوە گەورەم؟ پێشتریش بۆ لای تۆ هاتووم."

"ئەی چۆن کچم، دەتناسمەوە. ئێوە بوون داوای کتێبێکتان کرد، کەچی بێ ئەوەی بزانن هەیە یان نییە، تێتان تەقاندبوو!"

کاتێک وتی "ئێوە"، ساردۆنیا حەپەسا و وتی: "بۆ مامە، تۆ دوو هاورێکەمت بینی؟"

سەیید "نازم" وا وەڵامی دایەوە، وەکی بڵێیت داوای هەڵهێنانی مەتەڵێکی لێ کرابێت: "لەوانەیە ئەوانیشم بینیبێت، لەوەیشە نەمبینیبن، نەخێر."

"مامە ئەو ڕۆژەی کە هاتین، تۆپێکم لێرە لەبیر چوو، یان لەبیرمان کرد. نەتبینیوە؟ لەسەر یەکێک لە ڕەفەکان بوو."

سەیید "نازم" یەکسەر وەڵامی نەدایەوە، بەڵکوو کتێبەکەی دەستی داخست و لە لایەکەوە داینا، پاشان چاویلکەکەی لە چاو دانا، بە شێوەیەکی تەماوی وەڵامی دایەوە: "تۆپێک... بەڵێ."

"بێزەحمەت دەتوانم بیبەمەوە؟"

"نەخێر. بەداخەوە."

ساردۆنیا گۆڕا و ئەو وەڵامەی بەلاوە بێمانا بوو.

"من خۆم تۆپەکەم نەدۆزییەوە، کوڕەکەم هەستی پێ کرد، ئەویش وەکی من حەزی بە خوێندنەوە نییە. ئەگەر خۆم بوومایە، هەڵمدەگرت و لەنێو کتێبەکاندا لێی دەگەڕام تا دەهاتیتەوە."

"زۆر باشە. ئەدی کوڕەکەت چیی لێ کرد؟"

سەیید "نازم" سەرێکی بۆ ڕاوەشاند و وتی: "وەڵا کچم بەدیاری دای بە 'دەنیز'ی دەزگیرانی."

"ئەی هاوار بەماڵم، کەواتە تۆپەکە فەوتا."

"جا کێ دەزانێ! دەنیزیش کچێکی ئاقڵ و سەلارە، زۆریش حەزی بە خوێندنەوەیە، وەکی کوڕە لاسارەکەی من نییە. دەتوانێت بەو تۆپە وڵاتی ئەفسانەکان، هەقایەت و چیرۆکەکان بدۆزێتەوە."

ساردۆنیا دڵی داخورپا و بەسەرسامییەکەوە لێی پرسی: "بەڵام چۆن؟ چۆن ئەوەت زانی؟"



Scanned with CamScanner

سـەیید "نـازم" بە زەردەخەنەیەکـی پڕ لە خۆشەویسـتی و دۆسـتایەتییەوە وتـی: "گـوێ بگـرە کچـم، بـا چیرۆکێکـت بـۆ بگێـڕمەوە: دەگێـڕنەوە کوڕێـک هەبـوو زۆر حەزی بە خوێنـدنەوەی کتێـب بـوو، لەم کەنـاراوە دەژیـت، هـیچ کەس لەوانەی چواردەوری وەکـی ئەم خولیایـان خوێنـدنەوە نەبوو، جا لە خێزانەکەیەوە بیگرە تا بە نزیکەکانی دەگات، لەوێیشـەوە بۆ دایک و باوکی. کەس نەیدەزانی بۆ ئەوها شەیدای کتێبە!"

ساردۆنیا هەموو گیانی ببوو بە گوێ!

"بـاوکی لەو کتێبدۆسـتییەیدا هەرگیـز یـارمەتیی نەدابـوو، لەجێتیـی ئەوە پێـی دەوت: بەس نییە کـوڕم؟ ئیـدی لەمـڕۆوە نامەوێـت کتێبـت پـێ ببیـنم. خوێنـدنەوە قەدەغە کـرا و تەواو. کوڕە لە کێڵگەکەدا دەستی بە کارکردن کرد، بەڵام دڵـی هەر لای کتێبەکـان بـوو. ڕۆژێـک لە ڕۆژان، لە کـاتی زەوی کێڵانـدا تۆپێکی جادوویی دۆزییەوە کە بەردی ڕیزکراوی پێوە بـوو. هەڵیگرت و بەرەو مـاڵ بردیەوە. تێبینیی ئەوەی کـر، ئەو تۆپە دوای ئەوەی خسـتییە نێـو کتێبەکـانەوە، گـۆڕا. ئەو مەسـەلەیە گڕی تـێ بەر دا و ویسـتی بزانێت چییە! وەکـی ئەوەی تـۆپەکە پێی بڵێیت: بێگومان جیهانێکی دیکەیش هەیە.

کـوڕە گەورە بـوو، دوای خزمەتکردنـی زانسـت گەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی و پەڕاوگە و کتێبخانەیەکی کردەوە."

سـاردۆنیا بەئەسـتەم هەناسـەی دەدا: "ئایـا ئەو کـوڕە تـۆ بوویت؟"

سەیید "نازم" سەری بۆ لەقاند و وتی: "بەڵێ، من بووم."



Scanned with CamScanner

"زۆر باشە، دەی ئەو تۆپەی دۆزیتەوە لەکوێیە؟"

سەیید "نازم" باوڵەکەی کردەوە و شێوەندازێکی لێ دەرهێنا. ساردۆنیا باوەڕی بە چاوەکانی نەدەکرد. شێوەندازەکە زۆر لە تۆپەکەی ئەو دەچوو، بەڵام کۆنتر و داڕزاوتر بوو.

سەیید "نازم" تۆپەکەی پێشکەش بە ساردۆنیا کرد: "دەی با بۆ تۆ بێت. خۆ من بازنگەکەم نییە، هەر بۆ تۆ باشە."

"ئێ خۆ منیش تۆپێکم هەیە."

"ئای ئەوە بەڕاستتە! قەیدی نییە، با هەتبێت... بەشکوم ڕۆژێک دابێت و تۆیش بیدەیت بە کوڕێک، چونکی زۆرێک لە کوڕان هەن و پرسیاری زۆر دەکەن عەینەن وەکی تۆن."

"بەڵێ، بەڵام..."

"ڕجام وایە لێم وەربگریت، ئەوەتا دەمبینیت پیر و کەنەفت، هیچ دادی من نادات، بۆ تۆ شیاوترە."

"سوپاست دەکەم، بەڕێزەکەم."

"ئەوە لەبیر مەکە کە خۆشەویستانی کتێب لە هەموو کون و قوژبنێکدا هەن، جا فەرق ناکات دەوڵەمەند بن یان هەژار، لە لادێ بن یان لە شار، ئافرەت بن یان پیاو، گەنج بن یان پیرەپیاو! یەکسەر دەبیتە ئاشنایان. کتێبدۆستان کەمێک داخراون، وەلێ خەیاڵیان تا بڵێی بەرین. خەڵکی دەوراندەوریان لێیان تێناگەن، بۆیە هەندێک جار تەنیا و لاتەریکن. ئەوان جوانترینی بەسەرهاتەکان دەگێڕنەوە. خاڵێکی هاوبەش لەنێوانی هەموویاندا هەس: زۆربەیان تۆپە جادووییەکەیان دۆزیوەتەوە یان دەیدۆزنەوە، کتومت وەکی تۆ."



Scanned with CamScanner

لەم حەلەدا دوو مشـــتەری خۆیـــان بە کتێبخـــانەکەدا کـــرد، یەکێکیـــان دەســـتی ئەوی دیـــکەی گرتبـــوو: "مـــامە، دەفتەرێکـــی خەتتدارمان دەوێت، لەگەڵ قوتوویەکی قەڵەمدا."

سەیید "نازم" بەلاچاوێک سەیری ساردۆنیای کرد و وەڵامی دانەوە: "بەسەر چاوی مامە، ئەها هەر ئێستە."

ســـاردۆنیا بەهێواشـــی تـــۆپەکەی گـــرت و لە کتێبخـــانەکە دەرچـــوو. تەبـــعەن خواحـــافیزیی لەبیـــر نەکـــرد، پـــێش چـــوونە دەرەوە، دەستێکی بۆ سەیید "نازم" ڕاوەشاند.

ئەویش بەچرپەیەکەوە: "خوات لەگەڵ، کچم."

کاتێـــک ســـاردۆنیا گەیشـــتەوە مـــاڵی نەنکـــی، لە پەنـــجەرە کراوەکەوە خۆی بەنێو ژوورەکەیدا کرد. پشیلەکە لە پرخەی خەودا بـــوو. دیـــار بـــوو دراوســـێکان زەحمەتیـــان هەڵگرتبـــوو، چونکی ئەو ناوە کڕ و خامۆش، چرپەیەکیش چییە نەدەبیسترا.

نەنکی بانگی کرد: "گوڵی ساردۆنیا، ئادەی وەرە لای نەنکت، هەبێ و نەبێ لە خوێندنەوەی کتێبێکدا نقوم بوویت. باشـە ئەوە لەکـوێی؟ ئەی نازانیـت نەنکـت بانگـت دەکـات، نە وەڵامێـک نە 'بەڵێ'یەک؟"

ساردۆنیا گورج بەرەو هۆڵەکە ڕۆیشت، وا دەبینێت نەنکی لەســـەر قەنەفەکە دانیشـــتووە و قاچەکـــانی لەســـەر تەپڵەکێکـــی بچووک لێ درێژ کردووە و ڕەنگی ماندوویتیی لێ نیشـتووە. بەنەرمییەکەوە لە نەنکی پرسـی: "نەنە گیان، کاتتان خۆش لێ گوزەرا؟ جەوتان چۆن بوو؟"



Scanned with CamScanner

"ئەی خوایە گیان، ئەڵێی گورگ ڕاوی ناوم، نیوڕوح بووم کچم. دەنگەدەنگ مێشکی بردم، تەپڵ بە سەرم لێبدەی، تەقەی نایەت! بەڵام خۆشیش بوو ها، حەکایەتی دراوسێکان کۆتایی نایەت. کچێ، تۆ چیت کرد و چیت نەکرد؟ بۆ وات کرد و بۆ وات نەکرد؟ ئەوسەری دیار نییە!"

ساردۆنیا بزەیەکی کرد: "ئەی من بۆ ناڵێیت نەنە، کاتێکی زۆر خۆشم بەڕێ کرد. بەڕاستی ناوازە بوو!"



Scanned with CamScanner

# گەڕانەوە بۆماڵەوە

دوای تێپەڕینی هەفتەیەک، خاتوو "کەریمە" و بەڕێز "کامیل" لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون و تەماشای تەلەڤزیۆنیان دەکرد، پشیلە خاووخلیچکەکەیشیان لەسەر قەنەفەکە خەوی لێکەوتبوو. زەنگەکە لێیدا، لەو کاتەدا ساردۆنیا لەسەر کورسییەکەی پشت مێزەکەوە دانیشتبوو، سەرقاڵی وێنەکێشانی قاڕەی هەشتەم بوو.

بەخێرایی چوو بۆ ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە. دوای پێنج چرکە، لە خۆشیدا هاواری کرد. دایک و باوکی لەبەردەم دەرگاکە وەستابوون.

سەیید "حەسەن" و خاتوو "خەیاڵ" بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە باوەشیان بە کچەکەیاندا کرد. ساردۆنیا لە باوکی پرسی: "ئەی تۆ باشی باوە؟ نەشتەرگەرییەکە چۆن بوو؟"

باوکی کەمێک سەیری پێ هات، وەلێ زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: "تۆیش دەتزانی؟ کە وایە... نەشتەرگەرییەکە زۆر سەرکەوتوو بوو، سوپاسی خودای دەوێ کچم."

ساردۆنیا هەڵبەزایەوە و خۆشیی دەربڕی.

دایکی بە ساردۆنیای وت: "کچم، دڵت هیچ نەکات پێمان نەوتبووی، نەماندەویست نیگەرانت بکەین."

"حەیف نەکرد دایە، دەزانم."



Scanned with CamScanner

هەمووان كۆ بوونەوە و لەم قسەیەک و لەو قسەیەک، تا درەنگانی شەوێ بەردەوام بوون. ساردۆنیا لە باوەشی دایک و باوکیدا خەوی لێکەوت. هەروەک چۆن لە منداڵیدا دەیکرد، ئەمشەویش ئەوهای کرد.

بۆ بەیانییەکەی لە وەختی بەجێهێشتنی ئەو شوێنەدا، ساردۆنیا بەوپەڕی خۆشەویستییەوە سەیرێکی ئەو ناوەی کرد. ئای کە خۆش بوون ئەو سەرکێشییانەی لەم کەناراوە بێدەنگ و بچووکەدا ڕوویان دا! لەوە دڵنیا نەبوو داخۆ ئەوەی بینیبووی، ڕاستی بوون یان خەیاڵ؟ لەوانەیشە تەنیا خەونێک بووبن و هیچی دی...

کاتێک گەڕایەوە قوتابخانە، هاوڕێکانی لێی کۆ بوونەوە: "ئەوە لەکوێ بوویت کچێ؟ پێمان ناڵێیت بۆ دیار نەبوویت؟"

ساردۆنیا چەند چرکەیەک وەستا، دەنگێک لە ناخیدا پێی دەوت: "کچێ ئەوە هاوڕێکانت تامەزرۆی تۆن... سەیر نییە!" ئەوان لە ڕابردووا خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرد. تەنانەت هاوڕێ لاسارەکانی کە بینییان، دڵخۆشییان بە گەڕانەوەی دەربڕی.

باشە دەبێت بڕوای پێ بکەن ئەگەر ئەو شتانەی بینیبوونی، بۆیان بگێڕێتەوە؟ بە ئەقڵیانەوە دەچێت ئەم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی نوێدا، لە دارستانێکی جادوویدا بەسەر پشتی دوو ئەسپی باڵدارەوە گەشتیان کردووە؟ داخۆ چی ڕوو دەدات، ئەگەر ئەو سەرکێشییانەی کە بۆ پەڕینەوە بە چوار ڕێگەکەدا کردبوویان؛ بگێڕێتەوە؟



Scanned with CamScanner

ژیـــانی ڕۆژانە بێــزارکەرە، بەڵام چیــرۆک، ئەفســـانەکان، هەقـایەت و جیهـانی خەونەکـان بەچێژتـرن. ئەگەر لە جیهـانی ئاساییدا دە ڕەنگ هەبن، لەو جیهانە ئەفسووناوییەدا هەزاران هەن.

ساردۆنیا لە ژیانی ڕۆژانەی ئاساییدا کچێک بوو وەکی ئەو خەڵـکە نە زیتــر، کەچــی لەو جیهـــانەی دیــکە و لە قــارەی هەشتەمدا پاڵەوانێک بوو!

ئای خودایە ئەگەر ئەو هەموو بەسەرهاتەیان بۆ باس بکات، لێی تێدەگەن؟

سەیرێکی فێرخوازانی نێو پۆلەکەی کرد: هەندێکیان قەڵەو و هەندێکیان لاواز، هەیانبوو لاتەریک، هەیانبوو کلۆڵ، هەبوون کێشەیان لە ماڵەوە هەبوو، هەبوون لە وانەکانیاندا سەرکەوتوو نەبـوون، هەنـدێکیان خۆیـان بە ناشـیرین دەزانــی، هەنـدێکیان غیرەیــان لەوانــی دی دەکــرد، هەبــوون نینۆکەکــانی خۆیـــان دەکرۆشـت، هەبوو بەتەمـای دوکتـۆری بـوو، هەبـوو خەیاڵی بـوون بە ئەنـدازیار لە کەللەی دابـوو. ئەمـیش هیواخـواز بـوو بانگی هەموویان بکات: "بەڵێ، لەنێو کتێبەکاندا پەناگەیەک بۆ هەمووان هەیە."

هەڵمەتی هەفتانەی پاراستنی سروشت و ژینگەی ڕاگەهاند. لە سەرەتادا چەند فێرخوازێک بەدەم داواکەیەوە چوون، وەلێ دواتر تا دەهات بازنەکەی فراوانتر دەبوو. بەس لە کۆتاییەکانی ئەو ساڵەدا، هەموو فێرخوازان بەشداریی ئەو هەڵمەتەیان کرد. تەنـــانەت کـــارەکە وا گەورە بـــوو، بـــوو بە یەکێـــک لە سەرکەوتووترین کاری قوتابخانەکان.



Scanned with CamScanner

هێشتا هەندێک لە کوڕەکان گاڵتە بە ناوەکەی دەکەن، وەلێ ژمارەیـان لەچـاو پێشــوودا لە کەمیــی دابــوو. ئەو حەلەی فێرخوازەکان زانییان گوێ بەو گاڵتەپێکردن و لاقرتێیە نادات، وازیان هێنا و بێعارترینیان کۆڵی دا.

ئەوە بـوو ئەنجامەکـانی قوتابخـانەی لەمسـاڵدا نایـاب بـوون، نمرەکـانی هەڵکشـابوون، چیـدی لە بیرکـارییش نەدەترسـا، چەندان هاوڕێی نوێی پەیدا کرد. لە هەموو ئەوانەیش گرینگتر، ئیدی خۆی خۆش دەویست.

ناوبەناو سەیرێکی تۆپە جادووییەکەی دەکردەوە، بیری لەو شتانە دەکردەوە کە ئێستە دوو هاوڕێکەی لەولا دەیکەن.

ڕۆژێـک هەر دێـتە پێشـێ باسـی ئەو گەشـتە جـوانەی بـۆ هەمووان بکات. سـوور بوو لەسـەر ئەو بیرۆکەیە. مەسـەلەکە نهێنییش بوو، لای هیچ کەسێکی قارەی هەشتەم نەیدرکاندبوو، مەگەر دەفتەرۆچکەی یادەوەرییەکانی.

***خۆشەویستم، ئەی دارە گەورەکە:***

*گەڕانەوە بۆ قوتابخـانە دوای گەشتێک بە وڵاتـی ئەفسـانە و هەقایەتەکانــدا، شــتێکی زۆر نــامۆیە. هەمــوو شــتێک وا دەردەکەوێت گۆڕابێت، چونکی من خۆم گۆڕاوم. یانی من گۆڕاوم و هەستیشـم پێ نەکردووە. ئێستە ئیدی لەو شتانەی پێشتر دڵتەنگیان دەکردم، دڵتەنگ نابم.*

*دەزانم لەولا شوێنێکی دیکە هەیە و لەم وڵاتە جوانترە.*



Scanned with CamScanner

من ئێستە سەعی دەکەم و وانەکانم دەخوێنم، کاتێکی زۆرتر لەگەڵ هاوڕێکانمدا بەسەر دەبەم، کتێبی زۆرتر دەخوێنمەوە. جا هەر چەند بەسەرهاتێک دەخوێنمەوە، یان خەونێک بنیات دەنێم، یان چیرۆکێک دادەڕێژم، یان هۆنراوەیەک دەهۆنمەوە؛ لەولا لە قارەی هەشتەم دارێک سەوز دادەگەڕێت، گوڵێک دەپشکوێت، سەرچاوەکانی وشکبوو ئاویان تێ دەزێ، بولبولێک دەچریکێنێت.

تەنانەت گەر تەنیا کەسێکیش بڕوا بەم شتە نەکات، من بڕوام وایە ڕێی تێدەچێت ڕوو بدات.

گوڵی ساردۆنیا *(ئەو کچەی ناوەکەی خۆی خۆش دەوێت.)*

دەی خێرا کە و تۆیش چیرۆکێک بە ناوی خۆتەوە بنووسە...



Scanned with CamScanner

منداڵ بەرلەوەی لەدایک بێت، مافی بەسـەر باوک و دایکییەوە هەیـە، تا گەورەش دەبێ چەندیـن مافی دیکەی دەبێت و دەبێ دایـک و بـاوک لـە ئەسـتۆی بگـرن. یەکێـک لـەو مافانە کە ڕاسـتەوخۆ دوای لەدایکبوونـی هەیەتـی، مافـی دیاریکردنی ناوێکی خۆشە بۆ منداڵەکە.

لـە ڕۆمانی (گوڵی سـاردۆنیا)*ی خانمە نووسـەری ناوداری تـورک (ئەلیف شـەفەق)دا، ناو بووەتە کێشـەیەکی گەورە بۆ منداڵەکە، ئەگەرچی (سـاردۆنیا) ناوێکـی ناخۆش نییە و ناوی گوڵێکیشـە، بەڵام لەبەرئەوەی دەوروبەری بەهۆی ئەم ناوەوە گاڵتەی پێ دەکەن، بۆیە لای ساردۆنیا، ناوەکەی بووەتە گرێیەکی دەروونی، ئەوەی کێشەکەی زۆر گەورەتر کردووە ئەوەیە کە دایک و باوکی زۆر گوێ لە ساردۆنیا ناگرن، بە تایبەتیش دایکی، هەرچەندە ئەو تاقانەیە و دەبێت نازی زیاتری پێ بدرێت، بەڵام دایکی هەمیشە بە کورتی وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە و لە کۆتایی وەڵامەکانیشدا دەڵێت: خاڵی کۆتایی.......



1000

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

Scanned with CamScanner